ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی وسه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

هاوکاری

التضامن

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
- ده‌رباره‌ی ڕۆمان ، شیعری نوێ ل : ٣ و ٦ .
- ڕێگای راست ، دۆخی ئێران ل : ٤ .
- یادی دامه‌زراندنی ئژگه‌ی کوردی ل : ٨ .

پێنج شه‌مه‌ ١٩٨٣/٢/٣ ژماره‌ ٦٧٣ ● ٨ لاپه‌ڕه‌ به‌ ٥٠ فلسه‌ ● الخميس ١٩٨٣/٢/٣ العدد ٦٧٣

سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌: هێرشی داهاتووی دوژمن ته‌نگ ده‌شکێنین

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین دووپاتی کرده‌وه‌ که‌ عیراقی‌یه‌کان جیهانیان سه‌رسوڕماو کرد بگره‌ خۆیشیان سه‌رسوڕماو کرد له‌ شێوازی خۆڕاگرتنیاندا له‌ به‌رگری‌کردن له‌ عیراق .

سه‌ره‌کی به‌ڕێز له‌ کۆنگره‌یه‌کی ڕۆژنامه‌نووسی‌دا که‌ چوارشه‌مه‌ی رابوردوو له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێك له‌ ڕۆژنامه‌نووس‌و په‌یامنێری ئاژانسه‌کان‌و ئێزگه‌کانی رادیۆو ته‌له‌فزیۆن له‌ ئیسپانیاو پورتوگال .. کردبووی وتی که‌ عیراقی‌یه‌کان له‌ کاتی جه‌نگ‌دا له‌ حاله‌تێکه‌وه‌ بۆ باش تر په‌ره‌یان سه‌ندووه‌ تا ئه‌مڕۆ بوونه‌ته‌ لووتکه‌یه‌کی به‌رزی پته‌و که‌ هێزه‌ دوژمنه‌کان هه‌رچه‌ند سته‌مگه‌ر بن نه‌توانن زه‌فه‌ری پێ ببه‌ن . ئه‌مه‌یش ده‌قی به‌شی یه‌که‌می کۆنگره‌ ڕۆژنامه‌نووسی‌یه‌که‌یه :-

سه‌ره‌کی به‌ڕێز به‌خێربێن ..

چاوپێکه‌وتنی ئه‌مڕۆمان له‌گه‌ڵ کارگێڕانی بواری ڕاگه‌یاندن‌دایه‌ له‌ دوو وڵاتی دۆست ،، تکایه‌ دۆسته‌ پورتوگالی‌یه‌کان ڕیز نه‌بن کاتێك ده‌ڵێن که‌ هه‌ردووك له‌ ئیسپانیاو پورتوگال دۆستی عیراقن به‌ڵام ئیسپانیا له‌ چوارچێوه‌ی خانه‌ی دۆستایه‌تی‌دا حاله‌تێکی پێشکه‌وتووتر وه‌رده‌گرێت له‌ په‌یوه‌ندی‌ی نێوانی‌و نێوان عیراق‌دا ئه‌ویش له‌به‌ر چه‌ند هۆیه‌کی مێژووی‌ی که‌ ده‌یزانن‌و پۆ سه‌دان ساڵ ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌ ، هه‌روه‌ها له‌به‌ر چه‌ند هۆیه‌ك به‌ ئیستاوه‌ ده‌به‌سترێنه‌وه‌ واته‌ به‌ سه‌رده‌می نوێوه‌ .. به‌ڵام هه‌ردوو وڵاته‌که‌ دۆستی عیراقن عیراقیش به‌ ته‌نگی ئه‌وه‌وه‌یه‌ ئه‌م دۆستایه‌تی‌یه‌ به‌ره‌پێبدات‌و قووڵتری بکات .. ئه‌م هه‌سته‌یش وه‌ك هه‌ستی پێده‌که‌ین له‌ لای سه‌رکرده‌کانی هه‌ردوو وڵاتیش هه‌یه‌ ،، یا خوا هه‌مووتان وه‌ك دۆست به‌خێربێن له‌ به‌غدا .. پاش ئه‌م ووته‌ی به‌خێرهاتنه‌ ، ده‌ڵێین ئامادین ئه‌و پرسیارانه‌تان لێ‌ببیسین که‌ ده‌تانه‌وێت بیانخه‌نه‌ به‌رچاو ئه‌وانه‌ی که‌ ئاواته‌خوازین مۆرکی زانینی ئه‌و شتانه‌یان پێوه‌یه‌ که‌ ئێوه‌ نایزانن سه‌باره‌ت به‌ سیاسه‌تی عیراق‌و ، ئه‌وه‌ی به‌ ته‌واوه‌تی روون نی‌یه‌ شتان به‌شانی ئیمتیازه‌کانی تر که‌ ده‌تانه‌وێت بیانبینن‌و بیانزانن :

ڕۆژنامه‌نووسێك :

به‌ یارمه‌تی‌ی هاوڕێکانم ئیستا پرسیاره‌کم ده‌خه‌مه‌ روو ..

سه‌ره‌کی به‌ڕێز

هه‌ریه‌که‌تان خۆی پێشکه‌ش بکات .. واته‌ بڵێت فلانه‌ که‌س کۆڕی فلان ڕۆژنامه‌ یان فلان ته‌له‌فزیۆن یان فلان قه‌ناڵ بۆ ئه‌وه‌ی خۆیمان پێ بناسێنێت .. ئه‌نجا پاش ئه‌وه‌ پرسیار بکات .

ڕۆژنامه‌نووس :

ناوم ئه‌نریکی فالکه‌ مووچه‌خۆرم له‌ ته‌له‌فزیۆنی ئیسپانیا ..

سه‌ره‌کی به‌ڕێز .. له‌ چاك‌به‌ختی من چه‌ندین جار سه‌رم له‌ به‌غدا داوه‌ به‌ڵام بۆ یه‌که‌مین جاره‌ ده‌تانبینم‌و ده‌بینم له‌ ته‌ندروستی‌یه‌کی باشدان ..

سه‌ره‌کی به‌ڕێز

به‌ هۆی جه‌نگه‌وه‌ ، چونکه‌ که‌ یه‌کێك تووشی جه‌نگ ده‌بێت ، ده‌بێت نه‌خۆش نه‌که‌وێت ئه‌و کاته‌ نه‌بێت که‌ جه‌نگ کۆتایی پێ‌دێت ..

ڕۆژنامه‌نووس : ئاگاداری‌یه‌کی زۆرم سه‌باره‌ت به‌م وڵاته‌ هه‌یه‌ ئه‌وه‌ چه‌ند ساڵێکه‌و ده‌مانه‌وێت شێوازی کارکردنتان بزانین ئه‌وه‌ بوو ووته‌کانم هه‌موو خوێندووینه‌وه‌و ده‌مه‌وێت به‌ شتێکی بچووك سه‌رسوڕماوتان بکه‌م ، ئه‌وه‌ی به‌ هۆی ئه‌قڵێتی ڕۆژئاوایی‌مانه‌وه‌ بۆمان ده‌رده‌که‌وێت به‌ چه‌شنێ له‌ ڕیزگرتنی سه‌رکرده‌یی ده‌چێت ، بۆ وێنه‌ هه‌ندێك جار پێت ده‌ڵێن سه‌ره‌کی به‌ڕێزم ، سه‌رکرده‌ی بلیمه‌ت ، سه‌رکرده‌ی پاڵه‌وان‌و ئه‌م نازناوانه‌ له‌م وڵاته‌دا نه‌بوون ... له‌ ئیسپانیادا ده‌ڵێن چه‌ندینه‌ که‌س هه‌ن لایه‌نگری پاپان ، پتر له‌ پاپا خۆی ، ئایا ئه‌مه‌ ڕاسته‌و ، به‌سه‌ر عیراق‌دا ده‌سه‌پێت ؟

عیراقی‌یه‌کان یه‌که‌مین جار تاقی‌یان کرده‌وه‌ سه‌ره‌کی به‌ڕێز

به‌ چه‌شنێکی یان چه‌شنێکی تر .. به‌ڵێ به‌ڵام بۆچی ؟ وێنه‌یه‌کتان پێده‌ڵێم ده‌ستپێ‌کردن له‌ تێگه‌یشتمانه‌وه‌ ده‌رباره‌ی ئه‌قڵیه‌تی ڕۆژئاوایی دیسان ، ئه‌گه‌ر گریمان وابوو ، که‌ که‌سێك هه‌وڵ ده‌دات ژنێك یان ئافره‌تێك بهێنێت که‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌ ده‌دات مێردێکی شیاو بدۆزێته‌وه‌ ، یان هاوڕێ‌یه‌ك هه‌وڵ ده‌دات هاوڕێ‌یه‌کی شیاو بدۆزێته‌وه‌ بۆیه‌ دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ ئه‌مدا ده‌به‌ستێت پاش ماوه‌یه‌ك بۆی ده‌رده‌که‌وێت که‌ خاینه‌ ، دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ یه‌کێکی تردا ده‌به‌ستێت ، ئه‌نجا بۆی ده‌رده‌که‌وێت که‌ ده‌یه‌وێت دۆستایه‌تی‌یه‌که‌ی به‌ ڕێگایه‌ك یان هی تر به‌ هه‌ڵ بزانێت ، ئه‌نجا هه‌وڵ ده‌دات دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ سێیه‌م‌و چواره‌م‌و پێنجه‌م‌و شه‌شه‌م‌دا بکات به‌ڵام هه‌میشه‌ تووشی شکستی ده‌بێت ، به‌ڵام که‌ دۆستایه‌تی له‌گه‌ڵ ده‌یه‌مدا ده‌به‌ستێت‌و ده‌یه‌وێت ئه‌و نه‌ریت‌و ئاکارانه‌ی به‌ دوویدا ده‌گه‌ڕێت له‌ هاوڕێ‌دا له‌مدا هه‌یه‌ ، بۆیه‌ ئیلتزاماتی زۆرتری پێده‌دات له‌ دۆستایه‌تی‌دا زۆر تر له‌وه‌ی که‌ شایانیه‌تی به‌ڵام له‌ چواچێوه‌ی ئه‌وه‌ی دۆستایه‌تی شایانیه‌تی ،، بۆیه‌ باری عیراقی‌یه‌کان له‌ په‌یوه‌ندی‌یه‌کانیاندا به‌و جۆره‌یه‌ .. یه‌که‌مین شت تاقی‌یان بکه‌نه‌وه‌ .. به‌غدا که‌ ئێوه‌ ده‌زانن سه‌رچاوه‌ی تیشکدانه‌وه‌ی مرۆڤایه‌تی‌و ژیاری‌یه‌ ، ئه‌وه‌بوو چرایه‌کی به‌رز بوو له‌ قۆناغێك له‌ قۆناغه‌کانی مێژوودا ، هه‌روه‌ها ده‌زانن که‌ عیراق یه‌که‌مین وڵاته‌ ده‌ستی به‌ شارستانیه‌تی مرۆڤایه‌تی‌و گواستنه‌وه‌ی لایه‌نه‌کانی زانیاری‌و زانین کرد سوود به‌ مرۆڤایه‌تی بکه‌یه‌نێت به‌ له‌ هه‌زاره‌ها ساڵ به‌ڵام عیراق ، له‌به‌ر چه‌ند هۆیه‌ك که‌ نامانه‌وێت لێ‌یان بدوێین ، هه‌میشه‌ له‌ لایه‌ن هێزه‌کانی بێگانه‌وه‌ خراوه‌ته‌ به‌ر تیره‌وه‌ ، کاتێکیش لاواز ده‌بوو ده‌خرایه‌ به‌ر تیر تا ئه‌و ڕاده‌یه‌ پێشێل ده‌کرا که‌ تێیدا مرۆڤایه‌تی‌ی مرۆڤ له‌م وڵاته‌دا رووت بکرێته‌وه‌ ،، بۆیه‌ بۆ سه‌دان ساڵ به‌ چه‌وساوه‌یی‌و گۆشه‌گیر له‌ ره‌فتارکردنی ده‌وری نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌یی‌و مرۆڤایه‌تی بمێنێته‌وه‌ .

به‌ر له‌ هه‌شت سه‌د ساڵ عیراق له‌ تاریکایی‌یه‌کی نووته‌کدا ژیاوه‌ پێش شۆڕشی ته‌مووزی ساڵی ١٩٦٨ . ئه‌وه‌بوو یان له‌ ژێر ده‌ست‌به‌سه‌ری‌ی بێگانه‌ یان له‌ ژێر ده‌سته‌ڵاتی چه‌ند ڕژێمێك‌دا بوو که‌ ده‌سته‌ڵاتیان له‌سه‌ر بناغه‌ی ئه‌وه‌ی به‌ڕێوه‌ده‌برد که‌ ڕژێمێکی عیراقی‌ی نیشتمانین ، به‌ڵام ئه‌و بریسکه‌یه‌ی که‌ مه‌ڵبه‌ندی ده‌سته‌ڵاته‌وه‌ بڵاو ده‌بێته‌وه‌ ئه‌وه‌نده‌ زۆره‌ به‌ چه‌شنێك ناوچه‌یه‌کی فراوانی عیراقی ده‌سووتاند ، هه‌مان ئه‌نجامی ده‌بوو له‌ چه‌شنی ئه‌و ئه‌نجامانه‌ی که‌ تووشی عیراق ده‌هات ئه‌و کاته‌ی که‌ به‌ شێوه‌یه‌کی ڕاسته‌وخۆ له‌ لایه‌ن بێگانه‌وه‌ فه‌رمانڕه‌وایی ده‌کرا ..

عیراقی‌یه‌کان له‌م تاقیکردنه‌وه‌ تاڵانه‌دا له‌سه‌ر حسێبی ئاسایش‌و گوزه‌ران‌و ده‌وری نیشتمانی‌و نه‌ته‌وایه‌تی‌و مرۆڤایه‌تی‌و له‌سه‌ر حسێبی سه‌ربه‌رزی‌ی خۆیان‌و ئه‌وه‌ی که‌ پێویسته‌ بۆ که‌سایه‌تی نیشتمانی سه‌ربه‌خۆ نرخێکی گرانیان داوه‌ ... له‌ ئێره‌وه‌یه‌ که‌ وا دیاره‌ عیراقی‌یه‌کان بینیان که‌ صدام حسین له‌ هه‌موو ئه‌و تاقی‌کردنه‌وانه‌ جیاوازه‌ که‌ پێیان‌دا تێپه‌ڕیون‌و ، ئه‌و به‌شێکه‌ لێ‌یان‌و ، بۆ به‌رزه‌وه‌ندی‌یان بیر ده‌کاته‌وه‌ ، ئه‌گه‌ریش هه‌ڵه‌ی کرد ئه‌وا به‌ مه‌به‌ستی له‌وه‌وپێش دانراو هه‌ڵه‌ ناکات ، هه‌روه‌ها **ڕاوێژکاری** له‌ بێگانه‌وه‌ وه‌رناگرێت‌و ، ده‌یه‌وێت عیراقی‌یه‌کان به‌ سه‌ربه‌رزی‌و شکۆمه‌ندی‌و ژیانی کامه‌ران‌و سه‌فامگیرو دڵشاد بژێن ..

ئه‌مه‌ لێك‌دانه‌وه‌ی منه‌و ، ده‌توانن ئه‌م لێك‌دانه‌وه‌یه‌ خۆتان ببینن . کاتێك له‌ خه‌ڵکه‌ ساکاره‌کان ، جووتیار ، کرێکار ، شوفێری ته‌کسی ، قوتابی‌ی سه‌ره‌تایی ، منداڵان ، پیره‌مێردان ، په‌ك که‌وته‌کان ، ده‌پرسن ، ده‌یانبینن به‌هه‌مان شێوه‌ وه‌ڵامتان ده‌ده‌نه‌وه‌ ، ئه‌گه‌رچی ده‌ربڕینه‌کانیان شێوازێکی تریش وه‌ربگرێت هه‌رچۆنێك بێت ئه‌م هه‌ڵوێسته‌ی عیراق پتر بێ فیزو به‌ توانامان ده‌کات به‌ شێوه‌یه‌کی هاوکێشه‌ ، نه‌ك به‌ توانابوونێکی له‌ خۆبایی‌بوونانه‌ ، چونکه‌ ئامانجی بنه‌ڕه‌تی ئه‌وه‌یه‌ زۆر تر خزمه‌تی عیراق بکه‌ین‌و زۆرتر خزمه‌تی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب بکه‌ین‌و ، خزمه‌تی مرۆڤایه‌تی بکه‌ین هه‌ر چۆنێك توانیمان‌و به‌ گوێره‌ی بارودۆخ ، ئه‌مه‌ وه‌ڵامه‌که‌یه‌ ..

ڕۆژنامه‌نووسه‌که :

سوپاس سه‌ره‌کی به‌ڕێز ..

ڕۆژنامه‌نووسێك : سه‌ره‌کی به‌ڕێز .. ناوم ره‌فائیل فراگواسه‌ ، له‌ ڕۆژنامه‌ی بایس له‌ شاری مه‌درید له‌ ئیسپانیادا ئیش ده‌که‌م ، له‌ ووته‌کانت‌دا هه‌ندێك سۆز هه‌ست پێ ده‌که‌م ، تا چی ڕاده‌یه‌ك دریژه‌کێشانی جه‌نگ کاری کردووته‌ سه‌ر ژیانی سیاسی له‌ عیراق‌و ، ده‌ستکه‌وته‌کانی شۆڕش‌و

پروانه ل : ٢

کۆنگره‌ ڕۆژنامه‌نووسی یه‌کگرتی سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین جێگای بایه‌خی ده‌زگاکانی راگه‌یاندنی جیهانه



پاته‌خته‌کان - ٣٠ - ئاژانسه‌کان : ده‌زگاکانی راگه‌یاندنی عه‌ره‌ب‌و جیهان بایه‌خیان به‌ ووته‌که‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ صدام حسین له‌گه‌ڵ ڕۆژنامه‌نووسان‌و په‌یامنێره‌کانی ئاژانس‌و ئێزگه‌و ته‌له‌فزیۆنی ئسپانیاو پورتوگال‌دا داوه‌ .

ئه‌وه‌بوو ئاژانسه‌کانی عه‌ره‌بی‌و جیهانی‌و ئیستگه‌کانی ته‌له‌فزیۆن بڕگه‌ی دریژ دریژی ووته‌که‌یان بڵاوکرده‌وه‌ که‌ ئاژانسی ده‌نگ‌و باسی عیراق به‌ زمانی عه‌ره‌بی‌و ئنگلیزی په‌خشی‌کرد بووه‌وه‌ .

هه‌روه‌ها ڕۆژنامه‌

پروانه ل : ٧

ڕاپۆرتی ئاوندی ئۆیه‌ مین کۆنگره‌ی هه‌ڕیمایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌ب سۆشیالیست

سه‌رکرداییه‌تی‌ی هه‌ڕیمایه‌تی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست ڕاپۆرتی ناوه‌ندی‌ی نۆیه‌مین کۆنگره‌ی هه‌ڕیمایه‌تی‌ی حزبی به‌ شێوه‌ی ته‌واوه‌تی ته‌وواوکردووه‌و قسه‌که‌ڕێك به‌ زمانی سه‌رکرداییه‌تی‌ی هه‌ڕیمایه‌تی‌یه‌وه‌ ووتوویه‌تی که‌ له‌ ڕۆژنامه‌ی حزب‌دا ڕۆژنامه‌ی (الثورة) بڵاوده‌کرێته‌وه‌ ،

ئه‌وه‌بوو ڕۆژنامه‌ی ناوبراو له‌ ڕۆژی چوارشه‌مه‌ی رابوردووه‌وه‌ ده‌ستی به‌ بڵاوکردنه‌وه‌ی ڕاپۆرتی ناوبراو کردووه‌و به‌ گوێره‌ی ئامۆژگاری‌ی نۆیه‌مین کۆنگره‌ی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له‌ هه‌رێمی عیراق‌دا که‌ له‌ نێوان بیست‌و چوارو بیست‌و حه‌وتی حوزه‌یرانی ١٩٨٢دا به‌سترا ئه‌وا سه‌رکرداییه‌تی‌ی هه‌ڕیمایه‌تی‌ی حزب ڕاپورتی ناوه‌ندی‌ی ئامااده‌کرد که‌ سه‌رکرداییه‌تی‌ی هه‌ڕیمایه‌تی

پێشکه‌شی به‌ کۆنگره‌که‌ کرد به‌ گوێره‌ی ئامۆژگاری‌یه‌کانی کۆنگره‌که‌ له‌گه‌ڵ ڕه‌چاوکردنی رووداوه‌کانی دوای به‌رواری به‌ستنی کۆنگره‌که‌ .. ڕاپۆرته‌که‌ له‌ هه‌شت به‌ش‌و پێشه‌ووتنێك‌و پێشه‌کی‌یه‌ك پێك‌هاتووه‌ ، ئه‌مه‌و ده‌زگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکرده‌وه‌ی کوردی ڕاپۆرته‌که‌ ده‌کاته‌ کوردی‌و له‌ شێوه‌ی کتێبێك‌دا به‌ چاپی ده‌گه‌یه‌نێت بۆئه‌وه‌ی بکه‌وێته‌ به‌ر ده‌ستی گه‌لی کوردمان

هاوری طه‌ یاسین ره‌مه‌زان :

ڕۆڵه‌کانی گه‌لی کوردمان جێگای باوه‌ڕی حزب‌و سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ن

هاوڕێ طه‌ یاسین ره‌مه‌زان ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرداییه‌تی‌ی شۆڕشی سه‌رکرده‌ی گشتی‌ی سوپای میللی ووتی ڕۆڵه‌کانی گه‌لی کوردمان هه‌میشه‌ له‌ جێی باشی باوه‌ڕی‌ی سه‌رکرداییه‌تی‌ی حزب‌و شۆڕش‌و به‌ڕێز سه‌ره‌کی تێکۆشه‌ر صدام حسین‌دا ده‌مێننه‌وه‌ .

ئه‌مه‌ له‌و سه‌ردانه‌یدا ووتوویه‌تی که‌ بۆ که‌رتی جه‌نگاوه‌رانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی داوه‌ ، ئه‌وانه‌ی له‌ یه‌کێك له‌ ئۆردوگاکانی مه‌شق‌کردن له‌ ناوچه‌ی به‌غدای روصافه‌ی سوپای میللی‌دا مه‌شق‌ده‌که‌ن .

هه‌روه‌ها ووتوویشه‌تی باوه‌ڕی به‌رزمان به‌ جه‌نگاوه‌رانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی له‌وه‌وه‌ دێت که‌ هه‌میشه‌ ئامااده‌ی خۆبه‌خت کردن‌و به‌خشینن له‌ پێناوی به‌رگری‌کردن له‌ عیراقی خۆشه‌ویست‌و شۆڕشه‌ سه‌رکه‌وتووه‌که‌مان‌و ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌و به‌شداری‌کردنه‌ فراوانه‌یان دووپاتی‌کرده‌وه‌، له‌ جه‌نگی شکۆمه‌ندی‌و سه‌ربه‌رزی‌دا جه‌نگی قادسیه‌ی صدام .

هاوڕێ طه‌ یاسین رمضان دووپاتی کرده‌وه‌ که‌ به‌شداری‌کردنی کاریگه‌ر له‌ ئۆردوگاکانی مه‌شق‌کردن‌دا له‌لایه‌ن جه‌نگاوه‌ره‌ ئازاکانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌یه‌وه‌ به‌ ڕاستگۆیی یه‌کێتی‌ی گه‌له‌که‌مانی به‌ سه‌رکرداییه‌تی‌ی به‌ڕێز سه‌روکی تێکۆشه‌ر صدام حسین چه‌سپاندو بۆ دوژمنانی نیشان‌دا که‌ هه‌موو پیلانه‌کانیان سه‌رنگوم‌بوو ئه‌و پیلانانه‌ی که‌ ده‌یانویست به‌ هۆیانه‌وه‌ یه‌کێتی‌ی نیشتمانیمان تێك‌بده‌ن ئه‌و یه‌کێتی‌یه‌ی که‌ وه‌کوو لووتکه‌یه‌کی به‌رز ده‌مێنێته‌وه‌ بۆ بنیاتنانی عیراقی پێشکه‌وتوو .

هه‌روه‌ها ستایشی ئه‌و ئیلتزامه‌ به‌رزه‌ی جه‌نگاوه‌رانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌و جێبه‌جێ‌کردنی پرۆگرامه‌کانی مه‌شق‌کردن‌و هه‌وڵی به‌رده‌وامیانی کرد بۆ ناسین‌و زانینی هه‌موو ئه‌و

پروانه ل : ٧

بڵێسه‌ی ئاگر له‌ بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن به‌رزده‌بێته‌وه‌

له‌ ماوه‌ی ئه‌م هه‌فته‌دا فڕۆکه‌ به‌تواناکانی هێزی نه‌به‌ردی ئاسمانیمان ، هه‌موو ڕۆژێك هێرشیان بردووه‌ته‌ سه‌ر بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌کانی دوژمن‌و تێکیان داون‌و ئاگریان لێ‌به‌رزبووته‌وه‌و هێرشیان بردووه‌ته‌ سه‌ر بنکه‌و سه‌نگه‌ره‌و ئامێره‌کانی دوژمن له‌ قووڵایی خاکی دوژمن‌داو زیانێکی گه‌وره‌ی سه‌روماڵی‌یان لێ‌داون‌و ، هێزه‌کانی تریشمان له‌ که‌رته‌ جۆربه‌جۆره‌کانی به‌ره‌ی جه‌نگ‌دا چه‌ندین ده‌ستی مه‌ردانه‌یان له‌ دوژمن وه‌شاندووه‌و زیانێکی زۆریان لێ‌داوه‌ ، که‌ له‌و ماوه‌یه‌دا له‌ ڕۆژ ٢٧-١-١٩٨٣وه‌ تا ڕۆژی ٣١-١-١٩٨٣ سه‌ر - جه‌می زیانه‌کانی دوژمن به‌م جۆره‌ بووه‌ :

هه‌شتاو دوو کۆڕاو ، ژماره‌یه‌کی زۆری بریندار ، خسته‌نه‌ خواره‌وه‌ی دوو فڕۆکه‌ی جه‌نگی له‌ ناوچه‌ی خوارو ، تێکشکاندنی چوار ئۆتۆمبیل‌و یه‌ك شه‌فه‌ل‌و یه‌ك نه‌فه‌رهه‌لگرو یه‌ك تانك‌و ، تێکڕووخانی سێزده‌ سه‌نگه‌ری پیاده‌ی دوژمن‌و ، سووتاندنی پێنج کۆمه‌ڵ ته‌قه‌مه‌نی‌و ، ده‌ست به‌سه‌رداگرتنی ژماره‌یه‌ك چه‌ك‌و تفاقی ته‌قه‌مه‌نی‌و ، ئاگر تێبه‌ردانی چه‌ند ڕووانگه‌یه‌کی دوژمن‌و ، هێرش بردنه‌ سه‌ر سه‌نگه‌رو بنکه‌کانی دوژمن له‌ که‌رته‌ جۆربه‌جۆره‌کانی به‌ره‌ی جه‌نگ .

Institut kurde de Paris

دەق یەکەمین بەشی کۆنگرە رۆژنامەنووسی یەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەگەڵ رۆژنامەنووسانی ئسپانی وپورتوگال دا

پاشماوە

پاشەڕۆژی سیاسی لەم وولاتەدا .. هەر لەم رووەوە دامەزراندنی بەڕێز طارق عزیز بە وەزیری دەرەوە وەك لێپرسراوی کاروباری دەرەوە چی واتا دەگەیەنێت ؟

پیاوانێکی چەشنی تایبەت

سەرەکی بەڕێز :

لایەنێك لە واتاکانی جەنگ ، ئەوەیە گوێزانەوەی پەیوەندی لە لایەنەکانیەوە بۆ ڕادەی ناکۆکی خوێناوی ، دەربڕینی ئەوان هەر یەکەو لە شوێنی خۆیەوە لە پێویستی خۆیان بەم شێوازە بۆ گەیشتی بە ئامانجەکانی خۆی ،، کەواتە حالەتێکی سروشتی نی‌یە لە پەیوەندی‌ی نێوان لایەنە نێو دەولەتی‌یەکان دا ، بەڵکو حالەتێکی ناثاسایی‌یە لە ژیانی نێو دەولەتی‌دا ، کاتێکیش کە پەیوەندی‌یەکان بەم چەشنە نەبوون ئەوا دەبێت بەم جۆرە بن‌و ، کاتێك دەبێت کە حالەتی پێویستی‌و حالەتی ناکاوی بێت ، ئاشکرایشە کە تیشکدانەوەیەکی بۆسەر بارودۆخی سیاسی‌و ئابوری‌و یاسایی‌و ڕۆشنبیری‌و شتی تر دەبێت ، ئەم تیشکدانەوانەیش هەندێك ئەنجامیان دەبێت یان زۆربەیان بۆ هەندێك لە نەتەوەکان خراپن ، لە کاتێك‌دا هەندێك نەتەوە ، ئەگەر زیندوو و هۆشیار بێت‌و سەرکردەکانی زیندوو و هۆشیار بن ، لە هەمان کات‌دا کە خوێنێکی زۆر دەدات بەڵام دەتوانێت قووڵترین دەرس چنگ بخات لە پێناوی پەرەسەندن‌و بنیاتنانی گیانی بە گیانی‌و زۆر ووردا .. ئێمە لەم جەنگەدا چەندین پیاوی پاڵەوانمان لە دەستداو لە دەست دەدەین کە چەشنێکی تایبەتن .. سەرەڕای ئەوەی کە جەنگ قورسایی‌یەکی هەیە بۆ سەر ژیانی ئابووری ، بەڵام لە هەمان کات‌دا خۆمان لەبەردەم چەشنە مرۆڤێك‌دا دەبینین پەرەسەندووترە لەو مرۆڤەی لە سەرەتای جەنگ‌دا دەماندی ، ئەم مرۆڤێکە زۆر بە ئارام ترو زۆر ووردترو زۆر چالاك ترو زۆر ئامادەترە بۆ هەڵگرتنی لێپرسراوێتی ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بنکەی باوەڕکەران بە شۆڕش فراوان ترو قووڵتر بوو ، تا عیراقی گرتەوە ، هەروەها بنکەی دەستەکی لە سەرکردەکان لە ژیانی شاری‌و سوپایی‌دا پتری کردووەو ژمارەی بەعسی‌یە بە بارودۆخە دژوارەکان ئاقیکراوەوە زۆرتر بوون .. پێش شۆڕش بنەڕەت لەوەوە دەهات کە بەعسی‌یە ئاقیکراوەکان ، ئەوانن کە لە کاری نهێنی‌ی پێش شۆڕش‌دا ئیشیان کردووە ، مەبەستم ئەو بەعسی‌یانەیە کە بە سەرکەوتوویی بە ئاقیکردنەوەکەدا تیپەڕین ، بەڵام ئێستا بەعسی‌یەکان ئەوانەی بە ئاقیکردنەوە ئاقی‌کراونەتەوە ، ئەوانە هەموو عیراقی‌یەکانن کە بە دڵسۆزی‌یەکی دووپات کراوەو بە خۆبەخت‌کردن دەربڕێنراو ڕەفتاریان کردو ئەوانەی کە چەکیان هەڵگرت بۆ بەرگری کردن لە عیراق‌و ئەوانەی عیراق بنیات دەنێن بە شێوازێکی ناثاسایی‌و بە ڕەنجێکی ناثاسایی ، ئەگەرچی پێش شۆڕش هەندێك پەژارەمان دەربارەی پاشەڕۆژی عیراق‌و پاشەڕۆژی شۆڕش هەبوو سەبارەت بە مردنی ئەو خەڵکانە کە پێش شۆڕش سەرکردەی خەباتی نهێنی‌یان دەکرد ، ئێستا شتەکە جیاوازە ، چونکە لێرە قوتابی‌ی سەرەتایی بە ڕەصیدێکی پتەو دادەنێین بۆ پاشەڕۆژ ، وەك بڵێیت بەسەرکەوتوویی بە ئاقیکردنەوەی نهێنی‌دا تێپەڕیوە .

بەڵام تا چی ڕادەیەك مەسەلەی جەنگ پەیوەندی‌ی بە ئاقیکردنەوەی مامۆستا طارق عزیزەوە هەیە بۆ وەزارەتی دەرەوە ، من پێتان دەڵێم گۆڕینی دکتۆر سعدون حمادی بە مامۆستا طارق عزیز بە شێوازی گەڕان بە دوای باشتردا نەهاتووە ، چونکە هاوڕێ سعدون حمادی وەزیرێکی لێهاتووی دەرەوەیەو ، باوەڕی بە شۆڕش‌و بەڕێڕەوەکە هەیە ، بەڵام ئەوە ساڵێکە نەخۆشەو بە دەستی کەم نوستنەوە سکاڵایەتی ، ئەوەبوو ژمارەیەك لە پزیشکەکانی عیراق‌و بێگانەو لەم دوایی‌یەشدا چەند پزیشکی ئەمریکایی ، کە سەری لە ئەمریکا دا ، لەو باوەڕەدا بوون کە ئەم ئیشەکەی بگۆڕێت بەم جۆرە ناچار بووین وەزیرێکی نوێی دەرەوە دامەزرێنین ، شتێکی ئاسایی‌یە کە بڵێین ، بە هۆی بارودۆخی جەنگەوەو ، لە بارودۆخی ئاشتیش‌دا ، لەوانەیشە ئەگەر گۆڕانەکە یان نەخۆشی‌ی دکتۆر سعدون حمادی لە بارودۆخی ئاشتی‌دا ببوایە دەگەیشتینە هەڵبژاردنی یەکێکی تری جگە مامۆستا طارق عزیز بۆ ئەوەی مامۆستا طارق عزیز بمێنێتەوە لێپرسراوێتی‌ی فراوانی سەرکردایەتی‌کردنی خۆی ڕابەڕێنێت ، کە لەوانەیش ئەوە کە بە چەشنێك یان بە چەشنێکی تر سەرپەوشتی‌ی سیاسەتی دەرەوە بکات .

ئافرەتێکی ڕۆژنامەنووس :

من ئەنخل ریجاردۆم لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە) لە بەرشەلۆنە ، ڕۆیشتن لەسەر قسەکردن سەبارەت بە جەنگ دەمەوێت بزانم بە ڕێژەی عیراقەوە جەنگ ڕۆژانە چەندی تێ‌دەچێت ، ئەگەریش جەنگ‌و بارو دۆخەکانی بووبێتنە هۆی گۆڕانکاری لە بابەخی ئایینی ئیسلام لەم وولاتەدا ؟

ئیسلام بارێکی پێشکەوتووە

سەرەکی بەڕێز :

زانینی ئەوەی مەسرەفی ڕۆژانەی شەڕ چەندە لە توانادا نیە ناڵێم بە تەواوی هەرگیز لە توانادا نیە بەڵام بارێکی ئاڵۆزەو مەودای چەندوچوون تیایا فراوانە ، ڕەنگە بۆ نموونە بڕانی کارەبا لە هەموو سەعاتێکدا بە مەسرەفی شەڕ دابنرێ یا چەند سەعاتێك کەم‌بوونەوە لە ڕۆژشتنی پسپۆڕاندا بۆ دەرەوە یا پچڕانی قوتابیان‌لە چوونە قوتابخانەدا بۆ چەند سەعاتێك یا کەم‌بوونەوەی ژمارەی مامۆستایان

عیراقی‌یەکان لە کاتی جەنگ دا لە بارێکەوە بۆ بارێکی باشتر پەرەیان سەندووە

لە بارودۆخی شەڕداو .. هەروەها بڕانی نەوت‌و مەسرەفە ڕاستەوخۆکەی شەڕ لە چەکی تێکشکاو و لەکەلك‌کەوتوو و زوو پەك‌کەوتنی چەك ،، کە وابوو بارێکی ئاڵۆزەو ماوەیەکی درێژی پێویستە بۆ ئەوەی بزانرێ شەڕ چەندی تێ دەچێ .. بەڵام هەرچۆنێ بێ ، هیچ شەڕێ نیە مەسرەفدار نەبێ‌و کە شەڕ پێ‌ی نایە نیوەی دووهەمی ساڵی سێهەمەوە یا نزیك‌بووەوە لەوەی بچێتە ئەم مێژووەوە پێویستە لەسەرمان ئەوە بزانین کە ئەم شەڕە مەسرەفدارە .. بەڵام ئایا کاری ئایینی ئیسلام لەم وڵاتەدا کزبووە .. دەڵێم کاری ئایینی ئیسلام لەم وڵاتەدا زیاتر بوە لە کاتێکدا بەداخەوە لە ئێراندا کزبووەو ، لەمەودوا کزتریش دەبێ‌و ، دوای ڕووخان یا مردنی خومەینی چەندەها پاشکەزبوونەوە لە ئایینی ئیسلام ڕوودەدا چونکە ئەو ڕێگایەی خومەینی هەڵیبژاردووە بۆ ئێران ڕێگایەکی نائیسلامی‌یە ، ئیسلام بارێکی پێشکەوتووترە لەو دواکەوتنەی کە مرۆڤایەتی تیادەژیا کاتێ کە پەیدابوو ،، ڕەنگە لە ڕۆژاوادا سەیری هەندێ لای ئایینی ئیسلام بکەن لە کردەوەداو بە بارێکی دواکەوتووی بزانن چ لە ڕەوشتی عەرەب یا لە ڕەوشتی ئەو موسوڵمانانەی کە عەرەب نین ، بەڵام من لە ئایینی ئیسلام دەگەم‌و ئەو بارو دۆخە شارەزام کە پەیامی ئیسلامی تیا هاتەخوارەوە ، ئەم بارودۆخە جیهانی بێ یا عەرەبی ،، لە کاتی دابەزینی ئیسلامداو لەو کاتەدا کە پێغەمبەری جاویدان محمد (درودی خوای لێ‌بێ) ئێررا جیهان لە دواکەوتن‌و نەبوونی یاسای مرۆڤایەتیدا دەژیا لە پێوەندی نێوان ئادەمیزاددا ، ئەم بارەیش لای عەرەبیش هەیە هەرچەندە نەتەوەی عەرەب لەو قۆناغەدا بە قۆناغێکی ژاندا تێ‌دەپەڕی بڕێتی‌بوو لە بارێکی گۆڕانی وا باری پێشووی نەبێزراند ، ئێمە نامانەوێ بە دوورودرێژی بچێنە ناو باسەوە بەڵام ئەوە دەڵێین کە ئیسلام بۆ ئەوە هات ئافرەت ئازادکا لە کاتێکدا کە چەوساوەبوو و ساکارترین مافی نەبوو لەو قۆناغەی مرۆڤایەتیدا لە هەموو جیهاندا بە جیهانی عەرەبیشەوە .

ئایینی ئیسلام هات بۆ ئەوەی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی لە پێوەندیدا بێنێتەکایەوە کە دژی خۆزلگرتن لەسەر بناغەی ڕەنگ‌و ڕەگەز ، کە وابوو لەمەدا یەکسانی خستە نێوان کۆیلەو سەربەست لە شوێنی ئادەمیزاییداو هەموویانی ئازادکردو مافە یاسایی‌یەکانی ئافرەتی داوەو دانی بەو مافە شەرعی‌یە سنووربۆدانراوەدا ناوە لە پێوەندی‌یا لەگەڵ مێرددا‌و بۆ پاراستنی بەردەوامی‌ی وەچە بۆ کوڕو کوڕەزاکانی ژن‌و پیاوو نەفرەتی لە خۆبەزلگرتنی نەتەوایەتی کردوە لە نێوان نەتەوەکاناو لە نرخی مرۆڤایەتیدا یەکسانی‌کردوون ، کە وابوو ئیسلام بڕێتی بوو لە گوێزا نەوەی ئادەمیزاد لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووترو ئازادتر بە تەواوی وەك چۆن ئایینی‌مەسیحی کردی کاتێ کە حەزرەتی عیسا هات ، هەموو ئایینەکان بەو جۆرەن ، هەموویان لە خواوە هاتوون ، مەبەستیشم ئایینە ئاسمانی‌یەکانە چونکە پێغەمبەرەکانیان نێرراون ، هەموو ئایینێك کە دێت مەبەستی ئەوەیە مرۆڤایەتی بەرزکاتەوە لە بارێکەوە بۆ بارێکی پێشکەوتووتر لە هەموو حیساباتێکی فیکری‌و دەروونی‌و کۆمەڵایەتی‌و پێداویستەکانیەوە .. کە وابوو ئیسلام ئیسلامەتی خومەینی نەبوو .. ئەنگ نیە ئەگەر بڵێین ئەوانەی زۆرتر مانا ڕاستەقینەکانی ئیسلام تێ‌دەگەن عەرەبن چونکە قورئان بە زوبانی عەرەب هاتە خوارەوە ... بۆچی دەڵێم عەرەب لە هەموو کەسێ باشتر کرۆکی ئیسلام‌و ڕێگا ڕاستەکەی دەربڕینی تێ‌دەگەن ؟ ئەمە بۆیە چونکە زمان هەر هۆی قسەکردن نیە بە تەنیا بەڵکو لە بنەڕەتدا هۆی بیرکردنەوەیشە ، بەم پێیە ئایینی ئیسلام بە زوبانی عەرەبی ئاشکراکراوەو خوای گەورە دروستکەری ئایین‌و پێغەمبەرەکان ئەوە دووپات‌دەکاتەوە کە زوبانی قورئان عەرەبی‌یە وەك چۆن لەوەتی قورئان دابەزیوە چەندەها سوورەت لە کاتی جیاوازداو پێش‌و پاش هیجرەتی پێغەمبەریش (د.خ) چەندەها ئایەت هاتنەخوارەوە ئەمەیان دووپات‌دەکردەوە وەك « انا انزلناه قرآنا عربیا لعلکم تعقلون »و لە شوێنێکی تری قورئانی پیرۆزیشدا هاتوە « وکذلك انزلناه حکما عربیا ولئن اتبعت اهواءهم بعدما جاءك من العلم ما لك من الله من ولي ولا واق » ئەمە هەمووی مانای ئەوەیە کە عەرەب لە هەموو کەسێ باشتر لە ئایینی ئیسلام دەگاو لە هەموو کەسێ باشتریش دەتوانێ بە ڕەفتاری ڕاست باوەڕەکەی دەربڕێ ، ئایین ئاوایە لە عیراقدا لە پێش‌و لە کات‌و لە دوای شەڕدا .

کە وابوو باری ئێمە تووشی لەرزین نابێ چونکە ئێمە ئەوە دەزانین کە لاکەی تر لایداوە نەك هەر لە ژیان‌و پێویستی‌یەڕاست‌و پێشکەوتووەکانی، بەڵکو لە ڕێ‌ی ئایینیش ئەم قسەیەیش بوە بە پرۆگرامی فراوانی خەباتی گەلە بەرهەڵستیکەرەکانی ئێران لەبەر ئەوە لامان وایە ئێرانی پاش خومەینی گیرۆدەی یەکێ لە دوو بار دەبێ یا پاشگەزبوونەوە لە ئایین‌و ڕووکردنە بێ‌دینی‌و تێ‌ڕوانینی زانستی‌ی لەڕێ‌لادار ، واتا ئەو تێ‌ڕوانینە زانستی‌یانە کە لەگەڵ دەروونداتا ناگونجێن یاخود ڕوودەکاتە گێڕانەوەی پارسەنگ بۆ تێ‌ڕوانینی ئایینی ڕاست لە ئێرانداو ئێمە هیوای ئەوەمان هەیە کە باری دووهەم بێتەدی لە ئێرانا .

کچە ڕۆژنامەنووسێك : ویسا ریتالیو لە ئاژانسی دەنگوباسی پورتوگالی‌یەوە : دەمەوێ قسەیە لە جەنابتانەوە بزانم یا بیبینم لەبارەی ئەو بەیاننامەیەوە کە لیبیاو سووریاو ئێران لە دیمەشقدا دەریان‌کرد .

سەرەکی بەڕێز :

لە بڵاوکراوەیەکی ڕەسمیدا قسەی خۆمان لەبارەیەوە وت‌و لە ڕۆژنامەکانا بڵاوکرایەوە .

دەیان‌وت یارمەتی ئێران نادەین ، بەڵام کە درۆکەیان ئاشکرابوو بە شێوەیەکی ڕەسمی‌و بە کۆمەڵ هەڵوێستەکەیان ئاشکراکرد ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا عیراق ڕاواەستاوەو بە ڕۆڵەکانیەوە سەربەرزەو بە توانایانەوە بۆ بەرگری‌کردن لە عیراق‌و پاراستنی ، لەبەر ئەوە بەداخین بۆ ئەوەی کاربەدەستانی لیبیاو سووریا بگەنە چاڵی وا بێ نرخەوە .

بەڵام ناتوانن تیشکی ڕاستی پرشنگدار لەم وڵاتە بگرن چونکە دەتوانێ خۆی بپارێزێ‌و بەرگری لە خۆی بکا بەرامبەر بەهێزترو بەدکارتر هێز با ئەو بچکۆلانەیش بخرێنە پاڵ لیستەی ئەوانی تر بە شێوەیەکی ئاشکرا .

ڕۆژنامەنووسێك : فرانسیس کوردیس : پەیامنێری ئاژانسی ڕەسمی دەنگوباسی ئەسپانیا : سەرەکی بەڕێز باسی ئەنجامی سیاسی‌و ئابووری شەڕتان‌کرد لەگەڵ ئێران ، ئایا دەبێ ، سەرەکی بەڕێز هەندێ بە درێژی چەند ژمارەیەکمان بدەنێ لەبارەی ئەم ئەنجامەوە لە دەرەتانی ئابووری‌و ئەو ڕادەیەی کە پارەی دانراو بە دۆلار کەمی‌کردووەو لە دەرەتانی بۆدەرەوە ناردنی نەوت‌و ژمارەی شەهیدان‌و بەدیل گیراوان‌و ،، زیادبوونی ژمارەی ئەو چەکانەی لە دەرەوە دەکڕرێن لە دەولەتان .

سەرەکی بەڕێز :

پرسیارەکەت لە شتی وایە بە نهێنی‌یەکانی شەڕ دادەنرێ لە بەرەللاترین وڵاتدا ،، لەبەر ئەوە ئاسایی‌یە ئەگەر بڵێم ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوەو تکایە لێم ببووری چونکە من نامەوێ وەڵامێکی لێڵت بدەمێ یا بێم وبچسم بە دەور پرسیارەکەدا وەك هەندێ دەیکەن .

ڕۆژنامەنووسەکە : سوپاست دەکەم سەرەکی بەڕێز بۆ ئەو وەڵامە ڕوونەت .. هەر ئەوەندەم دەوێ بپرسم چاوەڕێ‌ی ئەوە دەکەن شەڕ بەم زوانە تەواو ببێ یا ڕابگیرێ ؟

تێکشکاندنی هێرشی داهاتووی ئێران

سەرەکی بەڕێز :

لە ڕاستیدا ئێمە خۆمان بەو ئەنجامانەوە نابەستینەوە کە هەر لە سەر خۆمان ڕانەوەستاون .. شەڕ بەو شێوە بەردەوامەی .. وەك کاربەدەستانی ئێران وبستیان بۆی .. دەستدرێژی‌و ئارەزووی پان‌وپۆڕکردنیان دەردەخاو .. هەموو ڕۆژیکیش ئەمە دەڵێن .. هەروەها ئەمە هەمیسان نەخشەی هەندێ هێزی جیهانی دەردەبڕێ کە زایۆنیزم لە خاکی داگیرکراودا لە پێشیانەوەیەو لە جیهاندا ، لەبەر ئەوە ئەگەر ئێرانی‌یەکان نەیانتوانی تەماعی پان‌وپۆڕبوون بینن دی ، وا شەڕ لە سنووریکدا ڕادەگیرێ یا تەواودەبێ .

لای ئێمە وایە کاتێ کە شەڕ دەبێ بە بارێکی گران لە پێوەندی کاربەدەستانی ئێراندا بە گەلەکانیانەوە بە جۆرێکی وا بکاتە ڕادەی ترسی ڕووخاندنیان ئەو کاتە شەڕ دەگاتە بارێکی وا ڕەنگە تیایا ڕابگیرێ لە سنووری جم‌وجوولی بچووکدا یا هەر

عیراق یەکەمین وولاتە ئیاری مرۆڤایەتی تیدا دەستی‌پێ کرد

کچە ڕۆژنامەنووسەکە : لەگەڵ ئەوەشدا سەرەکی بەڕێز لێم ببووره بڕینی لوولەی نەوت لەگەڵ سووریاداو ، چەکدان بە ئێران لەلایەن لیبیاوە ، ڕای خۆتان ، ئایا ئەمە کاردەکاتە سەر ڕەوتی شەڕ لەمەودوا ؟

عیراق بە ڕۆڵەکانیەوە سەربەرزە

سەرەکی بەڕێز :

بەنیسبەت ئێمەوە ئەوە دەزانین کە ڕژێمی سووریاو لیبیا چ خراپەیەکیان توانیوە بیکەن بۆ ئەوەی لای ڕژێمی ئێران بگرن درێغی‌یان نەکردوە ، هیچی تری دانراوایان نەماوە بیکەن دژمان ، لەبەر ئەوە ئەو هەڵوێستە ئاشکراکراوەی سووریاو لیبیا لەوە زیاتر نیە کە بارێکیان دووپات کردەوە کە لە سەرەتای شەڕەوە هەیە و ئێمە ئەمەمان بە جیهان‌و بە عەرەب دەگەیاند بەڵام ئەوان درۆیان دەکردو تەواویش ببێ .. لامان وایە تێکشکاندنی ئەو هێرشەی داهاتووی ئێران کە لە کەرتی میساندا خۆبانی بۆ ئامادەدەکەن چونکە دەستیان کردوە بە پتەوکردنی هێزەکانیان تیایا بەوەی هەندێ بارەگای سەرکردایەتی‌و ئامێری پێوەندی‌و مانۆڤەرکردن بە سوپایان لە هەمووی ئێرانەوە گوێزاوەتەوە ،، دەڵێم تێکشکاندنی ئەم هێرشە کارێکی ڕیشەیی دەکاتە سەر گوێزانەوەی شەڕ لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر ، واتا گوێزانەوەی بەرەو ڕێگای کۆتایی پێهێنانی یا ڕاگرتنی بە جم‌وجوولی سوپایی بچووك .

ئێمە بە تەواوی دڵنیاین کە سوپا ئازاکەمان هێرشەکە تێکدەشکێنێ .

ماوەیەتی

Institut Kurde de Paris

هەر لە باسی رۆماندا

هەرجەکانی دروستبوونی رۆمان

دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول

کە دێینە سەر باسی هەرجەکانی دروستبوونی رۆمان ، یەکسەر زرووفی مەوزووعی و شوێن و کات یا (زرووفی) خۆیی یا (ذاتی)یمان لە بەردەما ڕاست دەبێتەوە .

ئەو کات و شوێنە مەوزووعی یە چی یە کە رۆمانی تێدا دروست دەبێ ؟ .

وابزانم دەبێ بە مێژوودا بگەڕێینەوەو دەست بخەینە سەر نیشانەکانی رۆمان دروست بوون .

ڕاستە رۆمان هونەرێکە لە ئەوروپای ئەم چەند سەدەیەی. دواییدا سەری دەرهێناوە . بەلام وەك لە بەرهەمی ئابوریدا گەلێك نیشانە بابەتی بەرهەمی ئەوروپایی لە بەرهەمی ئاسیایی جیا دەکاتەوە ، هەروەها لە مەیدانی هونەرو نووسینیشدا زۆر نیشانەی مەوزووعی و ذاتی شەقلی بەسەر بەرهەمی ئەم دوو ئیقلیمە جیاوازەی جیهاندا بەجێ دێلێ .

بە کورتی رۆمان لە زۆر جەمسەرەوە دەبەسترێ بە گەشەی پیشەسازی و شۆڕشی پیشەسازی یەوە . هەر لەم کونجەشەوە خۆی دەبەستێت بە دوو چینی پەیدابووی تازەوە بە بۆرژوازی و چینی کرێکارەوە . بەلام هەر وەك سەرمایەداریی ئەوروپا بە تەکنیك و بەرهەمی کارگەو ئامێر خۆی گەیاندە رۆژهەلات و لە لایەکی ترەوە رۆژهەلاتی کرد بە کانی کەرەسەی خاوی خۆی . هەروەها ئەم کردە دوو لایەنە لە مەیدانی هونەرو بیردا ڕەنگی داوەتەوەو پێوەندی یەکی تازەی دوو لایەنەی لە نێوان ئایدیۆلۆژیاو هونەری رۆژهەلات و رۆژئاوادا دروستکردووە .

ئەگەر رۆمان هونەرێك بێت و لە جیهانی بۆرژوازیی ئەوروپادا پەیدا بووبێت . ئەوە وا ناگەیێنێت کە دەبێ چاوەرێ هەموو دیمەنەکانی سەرمایەداری بین ، بە بناغەی ئابووری و هێزو پێوەندیی بەرهەمهێنان و سەرخانی ئایدیۆلۆژی یەوە تا رۆمان لای ئێمە پەیدا بێت . مەسەلە یا هاوکێشی پیشەسازی و رۆمان بەم چەشنە میکانیکی یە لێك نادرێتەوە . چونکە مەسەلەی ئەو پێوەندی و هاوکێشە لەوەوە هاتووە کە جیهانی پیشەسازی و سەرمایەداری و پاش ئەویش جیهان و کۆمەڵی سۆشیالیستی هەمە ڕەنگی یەکی سەیریان هێنایە ژیانەوە .

زۆرجار دەووترێت ، رۆمان داستانی ئەم سەردەمەیە ، واتە جێی ئەو داستانە شیعری یانە دەگرێتەوە کە لە رۆژهەلاتدا لە هەموو شوێنێك زیاتر باو بووە .

ئەگەر زوربەی ئەو داستانانە لە تالی بەتینی هەست و عاتیفەو خوێن گەرمی پێك هاتبێت ، ئەوا رۆمان لە تالی هەمە ڕەنگی ژیان و پێوەندی یەکانی و وورده دیمەنی ڕووداوی دروست دەبێ .

هەر لەبەر ئەمە تەکنیکی هاتووی رۆژئاواو نامێرەکانی داهێنانی رۆژئاوا گەلێك شتی تازەیان بە ژیانی ئێمەو ڕەنگی رۆژئاوەی بەخشی و فراوانی و هەمە ڕەنگی یەکی شایان بە ڕەنگدانەوەیان تێدا پەیدا کرد . بەلام دیسان ئەمەش وا ناگەیێنێت کە بناغەی ئەم دیمەنە تازەیە ژیان کۆنە گووڕاو بەرەو پێش چووەکەی خۆمان نی یە .

ئەگەر رۆمان نموونەی تازەو هەمە ڕەنگی ژیان و وورده شتی لەیەك جیاوازی سروشتی کەسان و کۆمەلی بوێت و ئەمەش لە ژیانی چەند سەدەی ژێر بالی دەرەبەگێتیدا لە بەردەستدا نەبووبێت و ئەمە سووچێکی گرنگی هۆ مەوزووعی یەکانی دروست نەبوونی رۆمان بووبێت . ئەوا ژیانی ئێمەش ، لە سەدەی بیستەمدا گەلێك گوڕین و فراوانی و هەمە ڕەنگی ی ئەوتۆی بە سەردا هاتووە کە بۆ رۆمان نووسین دەست بدات و هەر رۆمان لە باریدا بێت نەخشەی تەواوی بکێشێت .

هەر پشت بە پەیدابوونی ئەم کات و شوێنی مەوزووعی یە بیست ساڵ لەمەوبەر لە کتێبی «ریالیزم لە نەدەبیاتی کوردیدا » داوای نووسینی رۆمان و بانگەوازو بانگەوازی دەست دانە ئەو بابەتە ئەدەبی یەمان بلاوکردەوەو چەند سەرباسێکمان کرد پێشنیاری کەوەسەو مەوزووعی رۆمانی تازەمان .

لە ووتاری پێشووردا هەندێك دێڕی ئەو داواو بانگەوازەمان دووبارە کردەوەو ووتمان ـ بەلام تائێستا رۆمانی کوردی هەر پەیدا نەبوو .

هەر رۆمان نی یە ـ کە پەیدابوونی بناغەی مەوزووعی و هۆی ذاتی ی پێکەوە پێویست بێت . بەلکو زۆر دیاردەی ژیان بەم دوو لایەنە پێك دێت و نەبوونی لایەنێکی دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و پەیدا نەبوون ، هەروەك زۆرجار هەر یەکەیان کار دەکەنە سەر پەیدابوونی ئەویتریان .

بۆ مەسەلەی رۆمانی کوردیش ، وەك ووتمان ـ مەوزووعی و فراوانی ی ژیان تەواو بۆ پەیدابوونی رۆمان لە بارە . بەلگەی گەورەشمان رۆمانەکانی عەرەبی شەمۆیە کە زوربەیان هەر ڕەنگدانەوەی ژیانی سەدەکانی کۆن (قەلای دمدم) یا سەرەتای سەدەی بیستەمن ، (شفانی کورد ، بەربانگ)و

بروانە ل : ٧

زانستی زمان

د. کوردستانی موکریانی بەغدا

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بوونی سەربەخۆی وەکو زانستێك لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا پەیدا کردووە ، سەربەخۆیی لەو بابەتەی لێی دەکۆڵێتەوەو ئەو ڕێبازەی پێرەوی دەکاو ئەو ڕێگەو هۆیە تایبەتییانەی ، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکاری دێنن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تایبەتێتیە تاوەکو ئێستە لای هێندێك پێرەوی ناکرێ و گرنگێکی ئەوتۆی نادرێتی ، بۆیە لەگەڵ زانستی دیدا تێکەڵاوی دەکەن و پێناسەکەی خۆی تێکدەدەن و شێوازەکەی دەپچڕێنن .

هێندێك وا تێدەگەن بواری زانستی زمان لەم سنوورەدایە ، کە یاسایەك بۆ راستی و زمان دارێژێ ، بە واتایەکی دی ڕێزمانێك دانێ خەڵك لە راستی قسەکردن بگەیەنێت ، بەلام چەمکی زانستی زمان ئەمە نییەو پیشەی رااستەوخۆی دانانی یاسا نییە ، لە پێناوی جیاکردنەوەی راستی و ناراستیدا لە زماندا ، بەلکو ئەرکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی زمانە خۆی بە پێشاندانی تایبەتێتی بەهۆی ئەو وێنانەی لە زمانەکەدا دەهێندرێتەوە بۆ دانانی یاسایەك ، کە لە زمانەکەوە وەرگیراوە ، نەك بخرێتە نێو زمانەوە . هەروەکو دی . سوسیور دەڵێ : « زانستی زمان لە زمانەکە خۆی دەکۆڵێتەوە » . کەواتە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی هەر زمانێك لە ڕووی دەنگەو مۆرفیم و رستەو بابەتی دی دەبێ ، بەمە زانستی زمان خۆی لە زانستی فیلۆلۆژی جیادەکاتەوە .

مرۆڤی زمانەوان ئەو کەسە نییە ، کە زمانێکی زۆر بزانێ و قسەی پێ بکاو بیخوێنێتەوە، بەلکور لەوانەیە یەك دوو زمان بزانی ، بەلکو سوورن لەسەر ئەوەی ، کە دیاردەی زمانەوانی بە شێوەیەکی زمانەوانی باس بکرێت نەك دەروونی .

زاانستی زمان هەر لە دێر زەمانەوە لەژێر تیشکی فەلسەفەدا باسکراوە ، بەتایبەتی لە لایەن رۆمان و گریکەکانەوە . ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەش ڕێبازی فەلسەفی بووە ، بەلام لەم دواییەدا بەرە بەرە لە فەلسەفە دوورخرایەوەو وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە کێشەکان دووان .

بە پێی بیروڕای زۆربەی زمانەوانان زانستی زمان ئەم زانستانەی خوارەوە دەگرێتە خۆی :

١ ـ ڕێزمان (gramar وەیا grammatika)ی پێدەڵێن . ئەم ووشەیە ووشەیەکی گریکی کۆنە ، کە واتای هونەر وەیا زانستی بەکارهێنانی پیت دەگەیەنێت ڕێزمان ئەم بابەتانەی خوارەوەی لێ بێتەوە :

أ ـ فۆنۆلۆژی دەنگسازی

فۆنۆلۆژی ووشەیەکی گریکیەو واتای زانستی وەیا لێکۆڵینەوەی دەنگ کە دەگەیەنێت ، کە بریتیە لە زانستی ناسین و جۆری گۆکردنی دەنگەکانی زمانە .

ب ـ مۆرفۆلۆژی ووشەسازی

مۆرفۆلۆژیش ووشەیەکی گریکیەو واتای زانستی وەیا لێکۆڵینەوەی مۆرفیم دەبەخشێت و ئەم زانستە لە چۆنیەتی پێکهاتن و گۆرانی ووشە دەکۆڵێتەوە .

جـ ـ سینتاکس رستەسازی

ئەم ووشەیەش گریکیەو لێی بکۆڵنەوە ، بەلکو واتای دانان دەبەخشێت، ئەم زانستە گرنگی و بایەخ بە چۆنیەتی دارشتنی رستە دەدات هەروا لەو ئامرازو هۆ سینتاکسیانەی ، کە ووشەی نێو رستەیەك بە یەکەوە دەبەستێت و جۆرەکانی رستە لە ڕووی دارشتن و واتاوە دەکۆڵێتەوە .

٢ ـ لێکسیکۆلۆژی ئەم زاراوە زمانەوانی یەشس گریکیەو واتای زانستی ووشە دەبەخشێت . ئەم زانستە لە واتای ووشەو چۆنیەتی پێکهاتنی دەکۆڵێتەوە .

٣ ـ فرێزیۆلۆژی واتای زانستی فرێز ئیدێیوم دەبەخشێت . ئەم زانستە لە جۆرەکانی فرێز دەکۆڵێتەوە چ لە رێگەی ئەو ووشانەی لێی پێکهاتوون و چ لە ڕووی بەراوردکرنیان لەگەڵ ووشەی دیدا .

٤ ـ سیمانتیك لە ووشەی کۆنی گریکی (Semeion)ەوە وەرگیراوە ، کە واتای نیشانە دەگەیەنێت . گرنگترین کێشەیەکی زانستی سیمانتیك لێی دەکۆڵێتەوە واتای ووشەیە ، بوونی چەند واتایەك بۆ یەك ووشە ، هاو واتای دژ واتای ، پێوەندی نێوان ووشەو واتا ، گۆرینی واتای ووشەو ئەو قۆناخانەی ووشە پێیدا ڕۆیشتووە .

٥ لێکسیکۆگرافیا فەرهەنگ نووسی ، ئەم زانستە لە ووشە دەکۆڵێتەوە چ لە ڕووی واتاو باری ڕێزمانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی و چ لە ڕووی بەکارهێنانی و چ لە ڕووی کەسانی نێودارو دیاردەو ڕووداواندا .

هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وا نابێ!.

کەریم شارەزا

لە ژمارە (٦٦٨) ی رۆژنامەی هاوکاریی رێکەوتی ٣٠ـ١٢ـ١٩٨٢ دا لە لاپەڕەی «ئەدەب و رۆشنبیری » دا ، هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبیی مامۆستا « جەمال محەمەد محەمەد ئەمین »م بە ناونیشانی (با لە نرخی شاعیرە ناودارەکانمان کەم نەکەینەوە) خوێندەوە ، کە لە بارەی لێکۆڵینەوەیێکی من بە ناونیشانی « زێوەری شاعیری کلاسیکی کورد لە نێوانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنیدا » نووسی بووی کە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (کاروان)مدا بڵاوکردبوەوە .

هەروەکوو لە ناونیشانی لێکۆڵینەوەکەی مندا دەردەکەوێ بابەتەکەم دوو لایەنی گرتۆتەوە ، لایەنی سەرکەوتنی شاعیری یەتی زێوەر کە لە سەرجەمی شەش لاپەڕەی قەبارەی گەورەی گۆڤارەکە ، نزیکەی پێنج لاپەڕەی گرتۆتەوەو ئایابترین نموونەی سەرکەوتووم لە شیعرە بڵاوکراوەکانی هێناوەتەوە . وەك غەزەلە پڕ لە وورەکاری یەکەی :ـ

با نە چێتە لای رەقیبان یار ئەنیسی خانەبێ
لازمە ئەو ئاسکە لەو لا نەبێ ، لەو لا نەبێ(١)

وە لە دوای ئەم غەزەلەیدا گوتوومە : «جگە لەم پارچە شیعرە پڕ لە وورەکاری یەی کە نیشانەی دەست ڕۆیشتوویی «زێوەر»ە لە شیعری غەزەلدا ، دەبینین لە غەزەلێکی دیکەیدا بە جارێ گۆی هونەریی شیعری ناسکی لەو مەیدانەدا بردۆتەوەو لەو بوارەوە بە پێش زۆربەی شاعیرانی سەردەی خۆی کەوتۆتەوە .»(٢) هەروەك دەڵێ :ـ

تکانی ئابڕووی چەمەن بە ڕوویی ئابدارەوە ،
شکانی نرخی نەستەرەن بە زوڵفی مشکبارەوە
چمە لە مەی؟ لە نەی لە جام ئەگەر بە لەنجە بێتە لام
بە ڕوویی ئابدارەوە ، بە چاوی پڕ خومارەوە (٣)

نازانم بۆچی مامۆستا جەمال هەر لایەنی دووەمی لێکۆڵینەوەکەمی گرتوەو وای دەربڕیوە کە من بە دەستی ئانقەست ویستوومە لە نرخی شاعیری ئاوداری کورد زێوەر کەم بکەمەوە !!

لەو کاتەی کە من هەر لە بواری سەرکەوتنی زێوەردا گوتوومە : « هەر شاعیرێك ئەمە دەستەلاتی شاعیریی و ئاستی هونەری رەوابنێژی و نموونەی شیعری ناسك و پاراوی بێ ـ مەبەستم لە شیعرەکەی تکانی ئابڕووی چەمەنە ـ بێ گومان لە ریزی یەکەمی کاروانی شاعیرە کلاسیکی یەکانی کورد دادەنرێ .»(٤) ئایا ئەم نووسینەم لە رێزلێنان و نرخ بۆدانان بۆ شاعیری نەمرمان چ شکاندنێکی تێدایە ؟

دیسانەوە لە شوێنێکی دیکەدا لە بارەی شیعری (سرود)و خۆشەویستیی نیشتمانی شاعیرەوە گوتوومە : «وەك دوڵبەرو عاشقێك مامڵەت لەگەڵ خاك و نیشتمانەکەی دەکات و(٥) » لەو بارەیەوە دەڵێ :

بێتو گەر من کۆهکەن بم وەصڵی شیرینم بێ
تیشەیێ نادەم لە بەردت تۆی کە شرینی منی(٦)

خۆ سروودیش هەر بە بەر شیعری فێرکردن دەکەوێ و شاعیر زۆر سەرکەوتوانە سەری لێ دەرکردووەو ، چەند سروودێکی نیشتمانی سەرکەوتووی پێشکەش بە نەوەی نوێی نەتەوەی کورد کردووە .

دیسانەوە لە شوێنێکی دیکەی لێکۆڵینەوەکەمدا نووسیومە

« زێوەر لە پارچە شیعرێکی کۆمەڵایەتیدا بە بیرێکی فەیلەسووفانە چارەی دیاردەی «درۆ»و «درۆزن»ی لە ناوکۆمەڵگای کوردەواریدا دەکات ، بەلام بە جۆرێك هەرگیز باوەڕ ناکەی شاعیرێکی مەلای دیندار بەو جۆرە لە مەسەلەی بە هەشتەوە بدوێ وەك لە شیعرێکیدا دەڵێ » :ـ(٧)

مەسەلێنن درۆزن بچنە جەننەت
ئەگەر بێتو بچن جەننەت درۆیە (٨)

لێرەدا شاعیرم بردۆتە ریزی فەیلەسووفانو لە وانەشە زۆر لە رەخنەگرانی ئەدەبی کوردی ئەم ناولێنانەم لێ قبوول نەکەن !! بەلام لەو باوەڕەدام لە گەڵمدابن کە بڵێم ئەم شیعرانەی خستمنە ڕوو نموونەی شیعرە سەرکەوتوەکانی زێوەرن .

من لە نووسینەکەمدا ئەم لایەنە گەشانەی زێوەرم دەرخستووەو زۆربەی لیکۆڵینەوەکەم لایەنە ئیجابیەکانی گرتۆتەوە ، تەنها لایەنێکی زۆر کورت و بچووکی نەبێ کە لەمەو دوا دێمە سەری ، جا نازانم بە چ بیرو رایەکی رەخنەگرانە مامۆستا جەمال دەفەرموێ :(شارەزا لە گەڵێ شوێن دا هەندێ بیرو هەڵوێستی ئەو تۆی دەربڕیوە کە بە تەواوی زێوەری نەمری لە جیهانی شیعردا دابڕیوەو جیاکردۆتەوە ، وە ئەو حوکمەی بەسەر زێوەریا داوە لە جێی خۆیدا نی یە . »(٩)

من دوای لێکۆڵینەوە لە دەستەیەك لە نموونەی شیعری گەش و سەرکەوتووی زێوەری نەمردا ، تەنها یەك دوو نموونەی سەرنەکەوتووم لە شیعرەکانیدا هێناوەتەوە ، ئەم دیارەدەیەی بوونی شیعری سەرکەوتوو و شیعری سەرنەکەوتوو لەلای زۆربەی شاعیرەکاندا هەیەو ئەمەش لە نرخ و بەهای شاعیریەتیان کەم ناکاتاتەوە و ، خەڵکەکە دەورە لە بەرهەمە باشەکانی دەدەن .

مامۆستا جەمال وا دیارە ئەم ڕایەی منی لە لا کفرێکی گەورە بووە کە گوتوومە : « زێوەر ئەو شاعیرە گەورەیەی کورد کە لە رێبازەکەی خۆی لادەدات و خۆی دەخاتە رێبازێکی دوور لە بەهرەو پسپۆڕیی هونەریی خۆی و دەکەوێتە مەیدانی شیعری « فێرکردن » دەبینین لاوازی و کزی یەك بە سەر شاعیریەتەکەی دادێ و ئەگەر شیعرەکانی لە تای تەرازووی شیعری فێرکردنی تەواویان دابنێین ، دەبینین، گەلێ کەم بەها دەردەچن .»(١٠) . لێرەدا دەوەستم و ڕووی پرسیارم لە کاك جەمال دەکەمو پێی دەڵێم : « باشە ئەگەر کاری رەخنەگر دەربڕینی لایەنی بەهێزو لایەنی لاواز ، یاخود لایەنی سەرکەوتوو و لایەنی سەر نەکەوتووی بەرهەمی شاعیرو ئەدیب نەبێ لە مەیدانی داهێنان و خولقاندندا دەبێ کاری ئەو رەخنەگرە چی بێ ؟! » بۆ هێرشێکی ناڕەوام بردبێتە سەر شاعیر ئەگەر بڵێم جیاوازیی لە نێوانی شیعرەکەی :ـ

تکانی ئابڕووی چەمەن بە ڕوویی ئابدارەوە
شکانی نرخی نەستەرەن بە زوڵفی مشکبارەوە

لەگەڵ شیعرەکەی :ـ

بە سێ مەنتیقە عیراق بەش کرا
شیمالو وەسەت ، جەنووب ناو نرا
هەموو شارێکی پێی دەڵێن لیوا
چواردە لیوایە بیزانە هەروا(١١)

ئاسمان و رێسمانە !! ئاستی هونەرییشیان زۆر لەیەکتر دوورەو لەوانەیە زۆربەی شیعر دۆستان لەم بۆ چوونەمدا لەگەڵ مندا بن ..

راستە شیعری فێرکردن دەبێ سووك و ئاسان و بێ گرێ بێ ، چونکە بۆ منداڵان دادەنرێ ، بەلام ئەویش کە خرایە بەر چمکی شیعر ، دەبێ سۆزو ئەندێشەیێکی تێدا هەست پێ بکرێ ، ئەگەر نا ئەوا دەبێت بە (نظم)یکی رووت و لە مەیدانی شیعر فڕێ دەدرێتە دەرەوە . ئەمەیش راستی یەکی ڕوون و ئاشکرایە لە لای هەموو شیعرناس و رەخنەگرێکی ئەدەبی .

باسی شیعری فێرکردن و لێکۆڵینەوە لێی ، بابەتێکی سەربەخۆی دوورو درێژە ، لێرەدا ماوەی شی کردنەوەو دەربڕینی خاسیەتەکانیمان نی یەو با بۆ دەرفەتێکی ترو باسێکی تر بێ . بەلام لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم ، شیعری فێرکردن هیچ نەبێ ، دەبێت لە شیعری کۆمەڵایەتی و شیعری سروود کەم هونەرتر نەبێ ..

دەبێ ئەو راستی یەش بڵێم وەك لە لێکۆڵینەوەکەمدا هاتووە مامۆستا زێوەر ئەوچەند شیعرەی لە سەر جوگرافیای عیراق داناوە ، لە سەر داواکردن و ڕوو لێنانی مامۆستایێکی هاوەڵی بووە ، کە بە یەکەوە لە قوتابخانەکەی بەرزنجە بوون ، تاکو وەك سروود بە قوتابیانی لەبەر بکەن. « کاتیکیش شیعر بەڕادان درا بۆ دانانی بابەتێکی دیاری کراوە ئەم کارەش دەبێتە مایەی کوشتنی بەهرەی شاعیرو بەرهەمە شیعری یەکەی و زمانە ئەدەبی یەکەی پێ لاوازو بێ هێز دەبێ و»(١٢) لە بواری پسپۆڕی و دەستەلاتی هونەریی و موعاناتی شاعیر دەچێتە دەرەوە . بۆیە ئەم جۆرە بەرهەمە ئەدەبیانە لە تای تەرازووی هونەری شیعری ڕەسەندا هاوکێشی شیعرە دەروونی یەکانی شاعیردا نابن .

دوا ووشەم بۆ مامۆستا جەمال ئەوەیە : ئەگەر هاتو لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی هەڵسەنگاند وا ڕاستە هەردوو لایەنی ئیجابی و سەلبی و ، لایەنی بەهێزی و لایەنی لاوازیی ئەو بابەتە شی بکاتەوەو ، دەست بۆ هەموو لایێکی درێژ بکات ، نەك تەنها بە مووکێش لایەنە سەلبی یەکەی لێ دەربکێشێ و زێدە لە پێویست گەورەی بکات و لایەنە باش و بەهێزەکەیشی پشت گوێ بخات .

بروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

له بەر روونا‌کی دووانە گرنگەکەی سەرەکی فەرماندە «صدام حسین» دا

(هیچ کوردێ ، با کەلێنێکی مێژوویی لەسەرخۆی تۆمار نەکا ، رۆژێ لەرۆژان ، دراوسێکەی پێی بڵێ : عیراق کەوتە مەترسی‌یەوە ، تۆ شەرت نەکرد بۆ پاراستنی) .

سەرەکی فەرماندە
صدام حسین

ڕێگای ڕاستە

کەم گەل هەیە ، ئەگەر نەڵێین لە دنیادا ، دەڵێین لەم ناوچە ناسکەی دینیاداکە ئێمەی تیا دەژین ، وەك گەلی کورد ، خۆی‌و مەسەلەکەی لە سوودی هیزانێك ئەوەندە یاری پێ‌کرابێ ، وەك بەمەسەلەی ئەم گەلە کراوە ، کە سەرئەنجامیش هەموو بەوە شکاوەتەوە گەلی کورد «سفر هیچ بەدەست» دەرچووەو ئەو هیزانە مەبەستی تایبەتی خۆیان بەجێ‌هێناوەو ئیتر پشتیان کردۆتە «کوردەو «ژیانی کوردەو هەتا «بوونی کورد»و ئەگەر نەڵێین ، بەلکو هەندێ جار ، گەیشتۆتە رادەیەك ، هەر ئەو هیزانەی «وەرەقەی مەسەلەی ئەم گەلەیان بەکار هێناوە بۆ سوودی خۆیان » ، خۆیان لێی هەلگەڕاونەتەوەو کاتێ کورد پێی ووتون « کوا حەقی من ؟! » کەوتوونەتە کوشتن‌و برینی ، ئەگەر بەویژدانانە بیر بکەینەوە ، بەلگە لەسەر حەقیقەتی ئەم راستیە زۆرن ، لە کۆنەوە ، تا ئیستاش ئەگەر سەیری گیانی مرۆڤی کورد بکەین(دەیان برینی هێشتا مەندێکی سارێژ نەبووی ئەو یاریانە بەگیانیەوە دەبینین) ، خۆ ئەگەر ، بۆ بیر هێنانەوە پێویستمان بە چەند نموونەیەك بێ ، ئەوا نزیك ترین نموونە ، ئەوەیە ، **کە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ئەوانەمان لەبیرە کە (پروپاگەندەی پشتیوانی مافی چارەنووسی گەلانیان دەکرد) ، هەر ئەوانە ، کە گەلی کورد ، داوای مافی رۆشنبیری خۆی لە شۆڕشی تەمووز دەکرد ، ناپەسەندترین نوکتەیان لەسەر کورد لەناو خەلکدا بڵاو دەکردەو ووشەی (رۆژباش)ی کوردیان بە« تەیاری جیاوازی گەری» دەدایە قەلەم ، کەچی ئیستا ، ئەوانە ، چونکە (باری خۆیان‌و ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردرا بوو لە عیراقدا لەق بووەو ژانیان عیراق ئەو پاروە نیە ئەوان بە ئاسانی بیخۆن) نزیك ترین شت بیانووی پێ‌بگرن ، ئەوەیە « بۆ کورد بگرین ... وەك گەلا ڕێزانی پایز .. بۆ کورد بگرین » . بۆ « ئۆتۆنومی کەمو کورت دەگرین » کەچی ئەوساش کە خۆیان دوو کەسیان لە دامەزراوزکانی ئۆتۆنومیدا هەبوو دەیان وت (دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەشەرەفمەندەکانی کورد(١)) پێك هات !! ، ئەوە ئەوان ، خۆ ١٩٧٥و شای ئێران‌و داشی دامەکەیمان لەبیرە ، کە چوە تاران‌و بە رۆژنامەی (کیهان)ی ووت (ئەرکی من تەواو !!) .**

دەبووایە ، ئەو یاریە کۆتایی پێ‌بێ ، بەلام ، بێگومان کۆتایی نایەت بە لێدانی ئەوانەی «یاری‌یەکە‌یان دەکرد » یان «هانی یاری‌یەکەیان » ، دەدا تەواو نابێ بەدانەریچ‌کردنەوە لە گەلی کورد ، وا تەواو دەبێ کە رووبەروو گەلی کورد کورد خۆی خاوەنی مەسەلەکەبێ ، باوەری پێ‌بکرێ‌و باوەڕت پێ‌بکا ، ئەمە ڕێگایەکی ئاسان نیە ، چونکە ئەوانەی هەموو جارێ « یاری‌یەکە خۆش‌دەکەن» ئاسان نین ، پاشماوەی سەدان جار یاری بە رۆژو دوو رۆژ تەواو نابێ ، لەبەر ئەوەیە لەپێشەکی ئەم باسەدا ووتمان (گەلی کورد ، دەیان سال‌و زیاتر بوو ، وەرەقەی یاری کردن بوو بەدەستت هیزە زۆران بازی‌کەرەکانی ناوچەکەوە ، کێ بەشەرەفمەندی‌و دلسۆزانە ئەم گەلەی راست خۆش‌بووێ ، ئەوەیە دوایی بەو یاریە(٢) چەپەلە هێنا (٣)) ، سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموزو بەتەواوی **صدام حسین** ئەو کەسەبوو دەرکی بەوەکرد ، کەدەبێ ئەم یاری‌یە وا دوایی‌بێ ، ئەنجام‌و لەپێشی هەمووشتێکدا (لەسوودی یەکیتی نیشتمانی عیراق‌و گەلی کورد بەتایبەتی) دوایی بێ ، بەلام ئایا ئەم ئەرکە،بەتەواوی‌و لەسەداسەد وەك مرۆڤی کورد بەتایبەتی‌و سەرجەمی گەلی عیراق بۆ سوودی بەهیزی عیراق ویستیان ، جێ‌بەجێ بوو ؟ بێگومان نەء بۆچی ؟! چونکە رەگی یاریەکە قولە ، بەلام گرنگ ئەوەیە شارەگی یاریەکە دەرهێنرا ، شا رەگی ئەوەبوو ، هەموو هیزو حکومەتەکانی پیشوو یاری‌یەکەیان بە «تەسکین» خەفە دەکردوو بە هوروژاندنی دەستیان پێ دەکردەوە، کە دەیان زانی سوودیان لەبارێکی هیمنی عیراقدایە (بەیاننامەیەکیان دەردەکرد ـ لەگەل داشی دامەکاندا ـ رێ‌دەکەوتن ، لەسەر چەند قسەیەکی بریقەدارو گێرانەوەی دەستو دایرەکانیان بۆ مەواقعی سلطەو پارە پەیداکردن‌و ـ بێ گوی‌دان بە حەقیقەتی خواستی گەلی کورد ـو کە پێویستیان بەوە دەبوو ، دەبێ ناوچەکە بەگشتی‌و عیراق بەتایبەتی وابێویست دەکا ئەهوەن نەبێ ، دەکەوتنە قارس کردنی (داشی دامەکان)و ئەوانیش دەیاندایەوە شاخ‌و لەژێر دروشمی ـ داوای حەق بۆ مەبەستی ناحەق ـ یاریەکە دەستی پێدەکردەو بەم جۆرە هەموجار سووتەمەنی ئەم یاریە مرۆڤی کوردی کاول بوو)... (بەیاننامەکەی عارف ـ بارزانی‌و دوایی رێکەوتنەکەی عارفی برای‌و بارزانی) وچەندان بەلگەی‌تر ، خۆنابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ ، لەم یاریەدا هەموو دروشمە سەیرەکان بەکار دەهات **(ئەو پەری چەپ رەو) تا (ئەو پەری راست رەو) .. بەنۆرە یان پێکەوە لە دەرەوەو لەناوەوە ئاگری ئەم یاری‌یەیان خۆش دەکردو کە دەویستران خەفەیان دەکردەوە ، چونکە لەبنەرەتدا مەبەستی سەرەکی لەم یاری‌یەدا ئەوە بوو (عیراق پاروی ئاسانی قورگ دەبێ) ، جا با ئیتر (سووتەمەنی زامنی ئەم پاروە گەلی کورد بێ) .. کەسێ نەبوو ، بگەڕێتەوە بۆلای خودی کورد وپێی بڵێ (کاکە تۆ چیت دەوێ ؟!) :ـ**

ـ: (من ، دەمەوێ ، مافی رەوای خۆم هەبێ، بەکوردی بخوێنم ، بە کوردی بیر بکەەوە ، چارەنووسم بەعیراقەوە بەستراوە رازیم‌و لاریم لێی‌نیەو شانازی پێوە دەکەمو میژوو شایتە خوێنم لەپێناوی سەربەستی ئەم ولاتەدا رژاوە ، دەمەوێ ئەم بەستنەوەی چارەنووسەی پێرازیم‌و شانازی پێوە دەکەم خسوسیاتی خۆم گوم نەکات‌و ئەوانەی لەوە دەترسن خسوسیاتی من ترسە بۆسەر ئەوان بەهەلەدا چوون ، بە پێچەوانەوە بشتیوانە بۆ سەربەستی عیراق‌و من نامەوێ خەتك یاریم پێ‌بکا بێزار بووم لەم یاری‌یە بێ‌سوودە ، بەلام ئەم یاری‌یە بەردەوام دەبێ مادەمێکی کەسێ نیە دان بە حەقیقەتی بوونی مندابنێ) یاریەکەو هەموو پێداویستەکانی یاریەکە ئاشکرا بوو ، بە بەلگە ئەوەی کە سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموز گەیشتە ئەو قەناعەتە مەبدەئەی ، کە دەبێ یاریەکە دوایی پێ‌بهێنرێ‌و ئەم مەسەلە گرنگە چارەسەر بکرێ ، ئەوسا (داشی دامەکانی شای ئێران) خۆیان سەپاندبوو بەسەر مەسەلەکەدا ، کە لێیان پرسین وەرن با چارەسەری مەسەلەکە بکەین (تەنیا داوای لابردنی گەمارۆی ئابووری‌یان کرد !!(٤)) دەیان ویست نەفەسیان بێتەوە بەرو رێگای ـ چۆمان ـ حاجی هومەران ـ فراوانتر بکرێتەوەو لەبەردەم «قاچاخچیەکاندا !!» . داوایان نەکرد (ئێمە گەلێکین لەعیراقدا سەدان ساڵە لە گەل گەلی عەرەب قوربانی دەدەین دژی بێگانەو داگیرکاران ، مافی رەوای خۆمان دەوێ ، چونکە مافی رەوای ئێمە بەدی‌بێت عیراق گەورە دەبێ). بەلام سەرەك صدام حسین بەتایبەتی‌و سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ تەموز بەگشتی گەیشتنە ئەو قەناعەتەی بەدە ئیمەیە کە :

(ئەگەر مەسەلەی کورد بەتەنیا روانینی عەسکەری رووت چارەسەر کرائەوا دۆراودەبین‌ـ هەتا ئەگەر دوا سەنگەر لە سەنگەرەکانی هیزی دژوارەکان لەبەرژایی جیا رامال بکرێن ، بەلام ئەگەر مەسەلەکە بەشێوەی مەبدەئی‌و سیاسی‌و لەچوارچێوەی راستەقینەی خۆیدا چارە سەر کرا ، ئەوا جەنگەکەمان بردۆتەوە هەتا ئەگەر ژمارەی دژوار گەورەش بێ(٥)) .

بەم گیانەوە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەدایك بوو ، (بەگەڕانەوە بۆ لای خودی گەلی کوردو وەلام دانەوەی خواستەکانی) . بەلام ئایا ، مەودای ماوە دان بەوەی «مەسەلەکە» بیانووی یاری کردن نەبێ تەواو بوو ، وەك لەپێشەوە ووتمان بێگومان نەء ، بەلام هەروەك لە پێشەوە ووتمان گرنگ ئەوەبە شا رەگی بیانووی یاریەکە هەلکێشرا ، وەگرنگ ئەوەبە ئەم چەند ساڵە سەلماندی (**جەماوەری کورد ، بە تاقی‌کردنەوەی رووداوو واقعی‌و لەماوەی گرانترین‌و ناسك ترین زروفدا بۆی ساغ بوەوە ، ئەو سەرکردایەتیەی رابەری عیراق دەکا سەرکردایەتیەکی بەراستی نیشتمانیەو لەسەر بنەڕەتی یەکسانی‌و خۆشەویستی هەس‌وکەوت لەگەل هەموو رۆئەکانی نیشتماندادەکا (٦)) .**

ئەوا نزیکەی نۆ ساڵ بەسەر جێ‌بەجێ کردنی بە لێنەکەی سەرکردایەتی شۆڕشدا تێ دەپەڕێ‌و دام‌و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق چەسپاون ، کاروانی ئەو دەستکەوتەیەو سەرجەمی کاروانی شۆڕش ، لەعیراقدا لەماوەی ئەم نۆ ساڵەدا رووبەرووی چەندان کۆسپ‌و تەگەرە بووە ، چەندان جار شۆڕش‌و کاروانەکەی لەلایەن هەمەرەنگ هیزە چاو چنۆکەکانەوە ئابلوقە دراوەو ، بە مەبەستی لەبار بردنی شۆڕش‌و تاقی کردنەوەکانی ، بەلام لەهەموو ئەو رو بەروو بوونەوانەدا ، شۆڕش سەرکەوت‌و کاروان هەر دەروات.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم بارەیەوە لێی بدوێین ، کاروانی دەستکەوتەی ئۆتۆنۆمی‌یەو ئەو کۆسپانەی هاتوون‌و دێنە رێگای ، (ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراقی ناتەواوە !! » ئەمە یەکێکە لەو دروشمانەی دەویسترێ بەهویەوە بیانوو بەدەستەوەبێ بۆ بەرەو رو وەستانی دەستەلاتداریەتی نیشتمانی لەم ولاتەدا ، بەلام با رو بەرو ئەم پرسیارە بکەین (**بۆچی ئۆتۆنۆمی ناتەواوە ؟!) یان (کێن دەبنە هوی کەمو کورتی ئۆتۆنۆمی‌و کۆسپ دەخەنە رێگای ئەم تاقی‌کردنەوەو دەیانەوێ رەوتی بەرەو قول بوونەوەی لەبار بەرن ؟!)**.

جارێ پێشەکی دەبێ دان بەو حەقیقەدا بنێین **(چارە سەری هەموو گیروگرفتێکی گەلی عیراق مومکینە بە مەرجێ لەژێر دەواری گەورەی عیراقدا بێ)** بەلام کە دێن‌و کەمو کورتی دەکەنە بیانوو بۆ تانە لێدان ، ئەوەدووشت دەدا بە دەستەوە ، یەکەم کورت بینی‌و ئامادە نەبوون بۆ چارەسەری ئیجابی ئەو گیروگرفتانە، دووەم : سوور بوون لەسەر هەلویستی یەکەم ماوە فراوان کردنە لەبەودەم ئەو هیزانەدا چاویان بریوەتە سەربەستی‌و سەربەرزی ئەم ولاتەو بۆمەبەستی خۆیان دەیانەوێ ـ مەسەلەی کورد وەرەقەری یاری‌یان بێ ـ ، ئۆتۆنۆمی ناتەواوە» بەلام کێن ئەوانەی بونەتە هوی ناتەواوی ، کێن ئەوانەی رێگا لە قول کردنەوەی تاقی کردنەوەکە دەگرن‌و گومان دەخەنە سەر هەر هەنگاوێك دەستەلاتداریەتی بەرەو لایەنی چەسپاندنی زیاتری ئەم تاقی‌کردنەوەیە بەرێ ؟! ، کێن ئەوانەی رێگا لە دلسۆزو شەرەفمەندەکانی کورد دەگرن‌و ـ هەتا ئەگەر بۆیان بکرێ دەشیان کوژن ـ و نایەڵن دەوریان لەکاروانداد هەبێت‌و وا لەخەلکی ساکار دەگەیەنن **(هاوکاری لەچوارچێوەی نیشتمانداو لەگەل دەستەلاتداریەکادا دوژمنی ئیمپریالی‌و ژایونی‌و کۆنەپەرستە ، لای خەلکی ساکاری کەم هوشیار کە دۆست‌و دوژمنی خۆیان ناناسن بە تاوان دەدەنە قەلەم ؟)** . وکەچی کردەوەکانی خۆیان پێ‌بزانن یان نەزانن ، بیانەوێ‌و نەیانەوێ ، وەك ئەنجام خزمەتی لایەنانێ دەکا بە چاوچنۆکی‌و نیەتی خراپ چاویان بریوەتە ئەم ولاتەو کەچی دەشیانەوێ هەتا هوشیارەکانیش لەناو خەلکدا بەشۆڕشگێڕو نیشتمان پەروەریان بداتە قەلەم ، بۆ نموونە : داوا نەدەکرا دامەزراندانی ئەنجومەنی یاسادانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بە هەلبژاردن بێت‌و بەتەعین نەبێ ، باشە کێ رێگای لەدلسۆزو بەوەفاو لێ‌هاتوو شەرەفمەندەکانی کورد دەگرت کە نەچنە ئەم تاقی‌کردنەوەو هەمەجۆرە گورەشەیان دەکردو ناوی (تاوانبار) و (خۆفرۆشی)یان لە هەر دلسۆزێ دەناو دەنێن کە بیەوێ بەنیەتی پاکەوە بێتە بێشەوەو بەشەرەفمەندی خزمەتی مرۆڤی کوردو یەکیتی نیشتمانی عراق بکات ؟! **کێن ئەوانەی تا ئیستا نایەلن مرۆڤی کورد بەرچاوی خۆی ببینێ‌و رەش‌و سپی لەیەك بکاتەوەو هەمیشە ختوکەی سۆزو عاتیفەی دەدەن‌و سەهوڵ بەندان بەسەر عەقل‌و بیرکردنەوەیدا دروست دەکەن ؟**

ئێمە دەڵیناین‌و ـ سەرکردایەتی ئەم ولاتەش ئەو قەناعەتەی هەیە ـ هەرچی تەگەرەو ناتەواویش لەهەلس‌و کەوتی هەندێ کاربەدەستی ناوچەی کوردستاندا هەیە ئیفرازی‌ئەو سەردەمە پاشا گەردانی‌یەی بەرلە ساڵی ١٩٧٥ وەدەستی بەسەربزوتنەوەی رەوای گەلی کوردا گرتبوو ، چارەسەریش بۆ ئەمە ماوەدانە بەکەسانێ دلسۆزو بەتەنگەو هاتووی مرۆڤی کوردو سەرجەمی عیراقن ، بەلام دیسانەوە کێن رێگا لەوانە دەگرن ، بێگومان ئەوانەن هانی ئەو لایەنە دەدەن کەوا دەکات (مەسەلەی کورد هەر وەرەقەی یاری بێ) ، هەروەك سەرەکی فەرماندە **صدام حسین دەڵی (ئایا هێشتا هەندێك نیە چەکیان دژی شۆڕش هەلگرتوەو ئاژاوە دەنێنەوە لە سلیمانیدا ، پێتان دەڵێم بەڵێ ، بەلام ئێمە ئەوەمان بەلاوە گرنگە زوربەی خەلك لە سلیمانیدا لەگەل کێن‌و ئێمە بە هەلەدا ناچین ، چونکە لە گەلەکەمان دوور نین ، زوربەی زۆری گەلەکەمان لە سلیمانیدا لە گەلمانن (٧)** . . . بێگومان ئەمە وایە ، بەلام ئەوانەی ئاژاوە دەنێنەوە (بیانەوێ یان نەیانەوێ ، پێ بزانن یان نەزانن ، لە ئەنجامدا لەگەل ئەوانەدا یەك دەگرنەوە . وەك ئەنجام‌ـ لە دەرەوەی سنوور ، چاویان لە عیراق بریوەو ـ بێ ئاگابن یان بە ئاگابن‌ـ دەیانەوێ بەدی‌هێنانی ئەم چاوچنۆکیەیان سووتەمەنیەکەی گەلی کورد بێ) .

ئەوانە ، باریکی وەهمی وایان دروست کردوە ، نایەڵن ئەو حەقیقەتەی سەرەك صدام حسین دەستی بۆکێشا، وەك راستیەکانی تر لە عیراقدا بدەرەوشێتەوە ، سەرکردایەتی شۆڕش دلسۆزانەو زیرەکانە لەم مەسەلەیە گەیشتوە ، بۆیە بەمەوزوعی‌و نەرم‌و نیانی چارەسەری کۆسپ‌و تەگەرەکان دەکات ، چونکە دەزانێ ئەگەر وانەکرێ ، مانای ئەوەیە رێگا دەدرێ بەوانەی دەیانەوێ گەلی کورد سووتەمەنی بەدی‌هێنانی نیازەکانیان بێ ، چیان دەوێ بیکەن ، پێویستە رێگا بەمە نەدرێ ، لەبەر ئەوە، سەرکردایەتی شۆڕش نایەڵێ **(چل‌و هەشت هەزار عیراقی ـ کورد ـ هەلبێن‌و کەپۆلیسێك ببینن‌راکەن بۆ شاخ‌و نەتوانن مناڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەو نەتوانن کەس‌و کاریان ببینن‌و نەتوانن ئیش‌بکەن ، دەکەونە ناو ناوەندی کەسانی خراپەوەو مێشکیان تێك بدەن (٨))** . نەء ، نابێ بیەڵین ، چونکە ئەوانەی دەیانەوێ (یاری‌یەکە بەردەوام بێ) وایان دەوێ‌و دەیانەوێ مرۆڤی کورد هەر تارمایەکی «سڵ‌و گومان »ی لەمێشکابێ‌و لەگیژاوێکا بژی دۆست‌و دوژمنی خۆی لەیەك نەکاتەوە .

کاتێ ئەوە هات ، ئەو تارمایی سڵ‌و گومانە لە ناو بیرێ ، بە دلسۆزی بۆ مرۆڤی کوردو سەربەرزی ئەو مرۆڤەو سەربەرزی عیراق ئەو راستیە بزانین : ئەوەی بەراست باوەری سەربەستی‌و سەربەرزی گەلەکەی هەیە ، ئەوەی بەراست «کەم یان زۆر » نەکەوتۆتە ژێر تاسیری هیزەکانی دەرەوە ، دەبێ ئەو حەقیقەتە بزانێ شەرەفمەندی لەوەدایە مرۆڤی کورد نەکرێ بە سووتەمەنی یاریەك ، ئەنجامەکەی کورد نیایدا زەرەرمەند ببێ ، سەرەرای زەرەرمەندی عیراق ، کە عیراق « بەکوردو عەرەبەوە » دەکەوێتە بەرترسی چاوچنۆکی جەلادێکی رەگەزپەرستی کۆنەویستی وەك خومەینی ، ئەوەی ، رادەی هەرەکەمی هەستی نیشتمان پەروەری هەبێ ، نابێ رێگا بدات (هیچ کوردێ کەلێنێکی میژووی لەسەرخۆی تۆمار بکا ، رۆژی لەرۆژان ، دراوسێکەی بڵێ عیراق کەوتە مەترسی‌یەوەو ئێ شەرت نەکرد بۆ پاراستنی(٩)) .

بێگومان کردن ، دەڵێین ئەمەیان ئیستا مەسەلەی سەرەکی‌یە ، هەموو گیروگرفتی‌و تەگەرەیەکی تر ، ئەمرۆ یان سبەینێ ، لەژیر دەواری عیراقی مەزندا، نەك هەر شایانی چارەسەر کردنە ، بەلکو بەزیادیشەوە، وەك کوردپێویستە ئەوە بە دڵنیایەوە بڵێین ، تەنیا ئەو کەسانە بەپێچەوانەی ئەم راستیەوە هەلدەسووڕێن کە بەتەنگ ئەوەوە نایەن (کورد کەلێنی میژووی

پروانە ل : ٧

دۆخی ئەمڕۆی ئێران

نوسینی : ا. ن. دلسۆز

لەکاتێکا گەرۆك یان رێبوارێك بەولاتێکا تێپەڕێ ، یان دیدەنبکات لەوولاتە ، بەئاسانی ئەتوانێ لە زۆرشتی ئەوولاتە سەردەربێرێتو زۆرشتی بۆدەرکەوێ ، وەکو خۆشیو ناخۆشی گەرمیانی‌و کوێستانی‌ی ئاوەدانی‌و وێرانی یان گرانی‌و هەرزانی شتدەس‌کەتنو دەس نەکەوتن ، تەنانەت ئەتوانێ بەدیدەنێکی عەنتیکەخانەکانو شوێنەوارە میژوییەکان ، بۆی دەرکەوێت کە ئەم ولاتە ولاتێکی تازەبابەتو تازە دروس‌کراوە یان ولاتێکی لەمێژینو میژوییە ، بەلام ئەوشتەی پێ‌ویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی زۆرتربێت وەماوەیێکی زۆرتری پێویستبێ بۆئەوەی بەباشی لەچۆنیەتی بگەیت ، باری ڕامیاری ئەو ولاتەیە . بۆ ناسینی باری ڕامیاری دیارە پێویستمان بەشارەزابون لەسەرگوزەشتی کۆنو نوێی ئەوولاتە ئەبێت ، هەروەها بەسەردەرهاوردنێکی وورد لەکاروباری پیشەسازی‌و کشتوکاڵ‌و هەموو جۆرە کاروبارێکی ئەوولاتە لەگەل زانینی باری دابین‌کرانی سێ‌لقی بناغەیی ژیان ، واتە ئازادی وهێمنیو دادگەری وەچۆنیەتی‌و ڕادەی ئەوان‌دا جا ئەودەمە ئەتوانین بڵێین دۆخی ژیانی ئەو ولاتەمان ناسیوە .

جا ئەگەر بمانەوێ پەی بەچۆنیەتی ژیانی ئەمڕۆی ئێران بەرین ناچارین کە ئەبێ ئێمەش لەو ڕێبازەوە بۆی بڕۆین واتە بزانین چۆن‌بوەو چۆن ژیاوەو چی‌کەم بوە ، وەئێستە چی‌دەست کەوتوەو پلەی ژیانی ئەمگەلە پاش شۆڕشەکەیان گەیشتوەتەچی .

ئێمە کەخۆمان هاوسێی ئێرانین ئیستە پێویست بەوەناکات کەلە مێژوی کۆنی ئێران بکۆڵینەوە ئێمە ئەڵێین گەلی ئێران کە یەکێکە لەوگەلانەی کەوان لەپلەی گەشەکردن‌و پێگەیشتنا ئەوگەلە چاویان بڕیبوە گەلە ئازادو پێشکەوتوەکانی جیهان وە بەو ژیانەی خۆیان دانەئەمرکان بۆ بەرزترو باڵاتر ئەکۆشان وەتینوی ئازادی‌و دادگە رایەتی ڕاستەقینە بون هەر لە پێناوی گەبشتن بەم ئاواتانەدابو ئەمگەلە ، زیندانو چەوسانەوەو هەزاران دەردی‌سەری توش‌بو . بەلام ئەمگەلە کۆڵی نەداو پاش ئەوەی شەقامەکانی تارانو شارەکانی‌تری ئێرانی بەخوێنی خۆی ئاودا ڕژێمی شاهەنشای بەزاندنو یەکێ لە ڕژێمە گەورەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی هێنا بەچۆکا ئەمگەلە موسولمانە بەباوەڕێکەوە کە بەئایینی ئیسلامی هەبو ناچار جلەوی ڕێبەرایەتی ولاتی دایە دەستی خومەینی‌و هاوڕێ کانێ ، ئیستە چوارساڵ بەسەر ڕۆژی سەرکەوتنی ئەوشۆرشەدا تێ ئەپەڕێت بەلام ئایا بەڕاستی ئەوگەلە گەیشتونەتە ئاواتە بناغەییەکان ، واتە ئازادی بەهەمولقەکانیەوە وەدادگەری‌ی وەئاسایشوهێمنی ؟ بێ‌گومان وەلام ئاشکرایە وەزۆر بەئاسانی‌ی ئەڵێین ... ناء ... نا ئەگەر جاران مرۆڤ بەتاوانی یاغی‌بون لەڕژیم ئەدرایە دادگە ، ئیستە بەتاوانی کافربونەوە ئەدەن لە گەردەنیان چونکی دژکاری لەگەل خومێنی‌دا لەگەل ڕژێمی مەلای عەجەما وەکو دژکاری‌یە لەگەل یەزدانا ئەوەش دژی خوا بو کافرەو ئەبێ بدرێ لەگەردەنی ، ئەمە چوار ساڵە هەموو جۆرە پێش‌کەوتنێك ڕاوەستاوە ئازادی‌و ئازادی خوازان دەمو دەسیان شەتەك دراوە هیچ مەلبەندێك نەماوە کە پاسدارانی ڕژێمی خومەینی پەلاماری نەبەنەسەر ، بلوجستان تورکمان سەحرا ئەهواز تەبرێز کوردستان ، هەریەکەی لەدەرفەتو سەردەمێکا بەشی خۆی لەمال وێرانی‌ی دەس‌کەوتوە بەتایبەت خاکی کوردستان کە ئیستەش ئابەم چلەی زمستانە هەزاران ژنومال

پروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

عەمیدی کۆلیجی ئاداب سەلاحەدین

دامەزراندنی بەشی دیراساتی باڵای کوردی لە قۆناغی لیسانسەوە دابە کۆلیجی ئاداب دەوری کاریگەری خۆی لە مەیدانی ڕۆشنبیری دا دەبینێ

● کانی بڕیارمدا ئەم ڕیپورتاژە دەربارەی کاروباری کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بکەم ، چەند پرسیارێکی تایبەت بە دەوری ئەم کۆلیجەوە لە پەرەپێدان و پێشخستنی باری ڕۆشنبیری کوردیمان خۆی بەسەر بیرکردنەوەمدا دەسەپاند ٠ ٠ ٠ گرنگترینیان مەسەلەی دامەزراندنی بەشی دیراساتی باڵای کوردی بوو ، کە ئەمە ماوەیەکە بۆتە خولیای زۆر لەوانەی بەتەنگ ئەو جۆرە خوێندنەوەدێن و ، لە هەمان کاتدا مەسەلەیەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشەپێدانی باری ڕۆشنبیری کوردی یەوە هەیەو ڕێگا بۆ زۆر لەو قوتابیانە خۆش دەکا کە توانای چوونە دەرەوەیان نیە بۆ تەواوکردنی خوێندنی پاش (بەکالوریۆس) ٠

مامۆستا دکتور اسماعیل لازم هاشم عەمیدی کۆلیجی ئاداب لەم بارەیەوە هەندێ لایەنی بۆ ڕوون کردینەوەو وتی :

– مەسەلەی کردنەوەی بەشی خوێندنی باڵای کوردی ماوەیەکی کەم نیە بیری لێ کراوەتەوەو لێ دەکۆڵرێتەوە ، لە سەرەتادا کاتێ کە داوای کردنەوەی ئەم بەشەمان کرد ، پێویست بوو کادیری تایبەتی بۆ ئامادە بکەین کە نابێ لە سێ مامۆستا لە پلەی (استاذ مساعد) کەمتر بن ، ئەو سێ مامۆستایانەمان پێ پەیدا نەکرا ، دوایی ئێمە داوای لێکدانی هەر دوو بەشە کوردیەکەی زانکۆی بەغداو سەلاحەدینمان کرد بۆ ئەوەی بە توانای مامۆستایانی هەردوو بەشەکە بتوانین سەرتاپای خوێندنی ئەکادیمی کوردی پێش بخەین و بەمەش بەشی دیراساتی باڵا هەموو پێویستییەکانی بۆ دەڕەخسا ، ئەم پێشنیارەش هەروا مایەوە ٠

حالی حازر لێکۆڵینەوەیەکان لەبەردەستایە دەربارەی پەرەپێدانی بەشە کوردیەکەی زانکۆی بەغداو کردنەوەی بەشی دیراساتی باڵای کوردی لەوێ و ، داوامان لێکراوە کە ڕای خۆمانی لەسەر دەربڕین ، ئێستا لێکۆڵینەوەکە لە بەردەم ئەنجومەنی بەشی کوردی کۆلیجەکەماندایە دوایی دەخرێتە پێش چاوی ئەنجومەنی کۆلیج و زانکۆش ٠ ٠ ٠ کەواتە ئێستا وێنەی مەسەلەکە بەم جۆرەیە : هەوڵێکی ئەواو بۆ کردنەوەی بەشی دیراساتی باڵای کوردی دەدرێ و بە کەرمی لێی دەکۆڵرێتەوەو لەو بڕوایەدام بەم نزیکانە بە ئەنجام بناو ، ئێمە بە باشی دەزانین کە ئەم بەشە لە کۆلیجەکەی ئێمەدا بکرێتەوە ٠

● باشە مامۆستا حەز دەکەین وێنەیەکی حاڵی حازری بەشەکانی ئەم کۆلیجەمان بۆ بکێشی ٠٠٠

– پێشەکی ٠٠ ئەم کۆلیجەمان لە دوو بەش و لقێك پێكهاتوە ، کە ئەمانەن :

١ – بەشی زمانی کوردی گەواهی نامەی بەکالۆریۆس لە زمان ئەدەبیاتی کوردی دەدا ٠

٢ – بەشی زمانی عەرەبی : گەواهی نامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبیاتی عەرەبیدا دەدا ٠

هەروەها لە کۆلیجەکەماندا مامۆستای پسپۆر لە زمانی ئینگلیزی هەیەو بارەی کۆلیجەکانی تر دەدەن و دەرسی زمانی ئینگلیزیان تیا دەلێنەوە ٠

● باشە ، ماوەستا ئەم سال چەند قوتابی لەو بەشانەدا وەرگیران ؟

– ئەمسال ٦٧ قوتابی لە بەشی کوردی و ٧٨ قوتابی لە بەشی عەرەبی و ٦٩ قوتابی لە لقی کۆمەڵایەتی وەرگیران ٠ ئەوەی شایانی باسیش بێ لە سالی ڕابوردودا ٣٤ قوتابی لە بەشی کوردی و ٣٦ قوتابی لە بەشی عەرەبی و ٣٤ قوتابی لە لقی کۆمەڵایەتی خوێندنیان نەواو کردو حالی حازر ٦١٨ قوتابی لە کۆلیجەکەماندا دەخوێنن ٠٠

● وەکو زانیومانە چەند قوتابیەك وەرگیراون لە بەشی کوردیدا کە زمانی کوردی نازانن ٠٠ چۆن کارەکەیان بۆ ئاسان دەکەن ؟

– حالی حازر کۆلیجەکەمان خەریکی کردنەوەی پۆلێکی تایبەتیە بۆ ئەو قوتابیانەی کە لە بەشی کوردی وەردەگیرێن و زمانەکە نازانن ٠٠ لەم پۆلەدا فێری زمانەکە دەکرێن و بۆئەوە ئامادە دەکرێن کە لە بەشی ناوبراودا بتوانن خوێندن تەواو بکەن ٠

● کادیری دەرس وتنەوە لە کۆلیجەکەتاندا لە چ بارێکدایە ؟ ٠

– ئێستا ٨ مامۆستامان هەیە کە دکتۆرایان هەیە لەمانە سیانیان پسپۆرن لە زمانی کوردیداو ، هەروەها ١٩ مامۆستاشمان هەیە کە ماجستیریان هەیە لەگەڵ مامۆستایەکی (محاضر)دا ٠

● وەزعی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابی یەکانتان لە چی دایە ؟

– لەم دوایییەدا بەڕێوەبردنی کاروباری بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیانی کۆلیجەکەمان بە عەمادەی کۆلیجەکەمان ڕاسپێرردراوە ، ئەمەش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ئەو بەشانە کراوە ، بۆیە ئێمەش بە هاوکاری لەگەڵ قوتابیە خۆشەویستەکانماندا لەگەڵ لیژنەی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا هیچ دریغی ناکەین بۆ ڕەخساندنی وەزعێکی چاك و لە بار بۆیان ئاسان کردنی هەموو گیرو گرفتەکانیان و ، لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە سەرۆکایەتی زانکۆ یاریدەی باشمان دەدەن و بەتەنگ داواکاریەکانیەوە دێن و شایانی سوپاسن ٠

هێشتا زۆر پرسیاری تر مابوو چاوەڕوانی وەڵام بوون ٠٠ بەڵام لەوە دەچوو کە کاتی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی کۆلیج هات ٠٠ بۆیە کاغەزەکانم پێچایەوە بۆ هەلێکی تر ٠٠٠

عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

”هاوکاری“ لە خانەی کەلەپووری میللی دا

– خانەی کەلەپووری میللی یەکێکە لەو دەزگا کەلەپووریانەی کە توانیویەتی بایەخێکی تایبەتی بدا بە هونەری میللی لە عیراقداو ئەم هونەرە لە وون بوونو نەمان بپارێزێ و بیخاتەوەبەر نیشك بەتایبەت دوای شۆرشی پیشەسازی کەمرۆڤ وازی لە زۆر ئیش دەستکرد هێناوەو پەنای بردە بەر ئامێر بەکارهێنان ٠

– ئەم دەزگایە دوو جۆر ئەرکی سەرەکی هەیە یەکەمیان فێرکردن و بەرهەم بەجێ هێنان لەرێگای ئەو خوێندنگایەوە کە سەر بەم دەزگایەو هەموو جۆرە قوتابی یەك وەردەگرێ و فێری ئیشیان دەکاو ئەگەر سەر-

– دەربارەی چۆنیەتی دروستبوون و ئیش و کاری ئەم دەزگایە هونەرمەند نزار نجم لێپرسراوی گشتی ئەم دەزگایە ووتی :–

– لە سالی ١٩٧٠دا ئەم دەزگایە پێك هاتوە تا ئێستانی چەندجار ناومان گۆڕیوە ئاگەیشتینە ئەم ناوەی ئێستا ٠ لە تموزی ١٩٨٢دا چوینە بنایەکی تایبەتی کە بۆ ئەم دەزگا کرابوو لەسەر شێوەی خانوە بەغدایە کۆنەکان کە چەندەها هۆلی گەوورەی تێدایە بۆ بەشە جۆر بەجۆرەکانی دەزگاکە ٠

کەوتوش بوو هەر لە دەزگاکەی خۆماندا دایدەمەزرێنین و ماوەی خوێندن لەم خوێندنگایەدا ساڵێکە ٠

دووەم پاراستنی ئەم هونەرە میللیبانە لەناو چوون ئەمەش دوو لایەنی هەیە یەکەم سەردانی هەمیشەیی دەزگاکەمان لەو وەستایانەی کە خەریکی دروستکردنی ئەم شتانەن و کڕینی بەرهەمەکانیان دووەمیش ئەوەیە کە خۆمان هەمیشە بەردەوامین لە دروستکردنی ئەم شتە میللییانە ٠

– دەربارەی بەشە جۆر بەجۆرەکانی ئەم دەزگایەو چونیەتی ئیش لە هەر بەشێکدا هونەرمەند باسم محمد صالح ووتی :–

– یەکەم بەش بەشی نەخشەیە کە وێنەو نەخشە دادەنێ بەپێی پێوانە بۆ بەشەکانی تر ئینجا ئەوان لەسەر ئەو نەخشەیە دروستی دەکەن بەشی سیرامیك و گوزەسازی و شوشە کە هەر لەم دەزگایەش فرنی تایبەتیمان هەیە

بۆ ئامادەکردنیان ، ئینجا بەشی هەلکۆڵین لە سەر ئەختەو مەعدەنو دروست-کردنی مدالیا ، بەشی چنینو دورین کە زۆر لە جلو بەرگی میللی عیراقی کون تازە دەکەینەوەو دەیهێنینەوە کایە چ جلی کوردی بی و چ جلی عەرەبی وەك کەواو سەلتەو پێچەو عەبای سەرشانی پیاوان ئینجا ئەم بەشە بەهاوکاری لەگەڵ بەشی خوشی نووسی کە تەویشی بەشێکی تایبەتی یە زۆر لە شیعرو ئایەتی قران لەسەر ئەم جلو بەرگە دەچنن ٠ بەشێکی ترمان هەیە بەناو بەشی حیزران کە زەمبیلو گوڵدانو جێگای شیرنی لە پووش دروست دەکەن ، دوا بەشمان بەشی قالی چنینە کە دوو هۆلی گەورەمان بۆ تەرخان کردوە یەکێکیان بۆ فێرکردنی قوتابی یەکانی خوێندنگاو ئەوی تریان بۆ بەرهەم هێنان کە ئەم قالیچە بچوکانە زۆر بەنرخن ٠

– ئایا هیچ نەخشەی نویتان هەیەو بەشداریتان کردوە لە هیچ پێشانگایەکدا ٠

– نەخشەی نوێمان زۆرە بەڵام تا ئەنجامی نەدەین ڕاینا کەیەنین تەنها یەکێ نەبێ کە لەتەواو بوندایە ئەویش ئەوەکە کە مۆزەخانەبەکمان کردوەتەوە هەر لەم دەزگایەدا بۆ شتی زۆر کۆنو نایابو بایەخداری میللی تیدا هەلدەگرین ٠

هەروەها بەشداریمان کردوە لە زۆر پێشانگادا لە ناو عیراقداو لە دەرەوە ئێستاش پێشانگایەکمان هەیە لە بەغداو زۆر شتمان لەو بەرهەمانەی خومان تیدا داناوە بۆ فرۆشتن ئەمە سەرەڕای ئەوە کە بەشداریمان کردوە لە چەند پێشانگا لە کوریاو هندو ئەرجەنتینو سویسراو بۆلونیاو جەزائیرو کویتو فەرنسا ٠

سەرگول تەیمور
وینەی غازی طلوب

لە هاوینە هەوارەکانەدا .. زستانە خۆشە ...

لە دەمەتەقێیەکی گەرم و گوڕی خۆی دا لەگەڵ مامۆستای بەڕێز میناں بولص ٠٠٠٠

جێگری ئەمینداری گشتی شارەوانی و هاوینە هەوارەکانی ناوچەی کوردستان هاتینەوە سەرئەوەی کە هاوینە هەوارەکانمان ئاچ ڕادەیەك لە پیناوی خزمەتگوزاری هاوولاتیاندا ئەرکی پێویستی خۆی جێبەجێ کردوە ؟ :

پرۆژەی نوێی و گۆڕان کاری و چاك کردنی هەندێ لە مادەی یاسایی سەر بە ئەمینداریەکەو شارەوانی پارێزگای هەولێرو بەستنو پەیوەندکردنی خانەو ئۆتێلە گەشتو گوزاری یەکان لە وێدایەو کەوتۆتە سەربەڕی لێدوان ٠

● کەس ناتوانێ چاو لە باروزروفی ئەمڕۆی وولاتەکەمان بپوشێ و داوای-کاری دوچەندانە بکات لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەبێ هاوو-لاتیان هەست بە کارتێکردنی زروف و دۆخی نالەبارنەکەن و کەمو کوڕی بە هاوینە هەوارەکانمانەوە ببینن ، لەبەر ئەوەبە کە بە دلسوزی هەمو کرێکارو کاربەدەستان وەکو بووە ئەبێ هەر کاری ئاسایی خۆیان نەکەنو بەس بەلکو شوێنی ئەو پۆلە پالەوانانەی کە لە جەنگدان پڕ بکەنەوە چونکە ئەوی بەشداری جەنگ ناکات مانای ئەوەنییە بێبەشە لە خزمەت و بێجێیە لە وولاتەکەماندا بەلکو هەمو مرۆڤیك شوێن و چێگای تایبەتی خۆی هەیە لە خزمەتگوزاری دا ٠

● بە بۆنەی زستانەوە ئێمە لەو بڕوایەداین کە هاوولاتیان ئەگەر پەیوەندی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بە وەرزی خوێندن و قویابخانەو ئیش و کاری ڕۆژایەیان کە لە زستاندا ئەبووژێتەوە نەبێ ئەوا لە هاوینە هەوارەکانی کوردستاندا زستان گەرمتر ئەبێ لە هاوین ، چونکە ئەو وێنەو ڕووبارە گەژالەی شاخەکانی کوردستان هەیەتی بەتایبەتی کە نارای زیووی ئەپۆشی هاوتای تی یەو جوانترین یەرگی سروشتە کە لەبەر وولاتەکەمانی ئەکات ٠

سروشتی گیانی مروف هەمو کاتێ چەند ڕۆژێك پشوو حەسانەوەی ئەوێ کە بۆ چەند ڕۆژێك ئەو دیمەنە شیرینە لە دەست نەدات ٠

● بایەخو گوێ پێدانتان یە شاری هەولێر تا چ ڕادەیەك بۆ ئەکاتو چیتان لە بارەدایە بۆ چاك کردنی و پەرەپێدانی شاری هەولێر ٠

– گەیشتوینەتە ئەو قەناعەتە کە شارەوانی هەولێرو شارەوانی پارێزگاکانی ناوچەی خزمەتگوزاری دا ٠

● بە بۆنەی زستانەوە ئەمە کاتێ چەند ڕۆژێك پشوو حەسانەوەی ئەوێ کە بۆ چەند ڕۆژێك ئەو دیمەنە شیرینە لە دەست نەدات ٠

ڕێگە بەریا کاروبارێتی ئاوەڕۆی لدهوکێ

ژ بەر گرنگی و بایەخێ نانی دژیانا گەلێ دا ٠٠٠٠ ، نە ساسمە چینێت هەژار و کێم بەر ٠ ٠ ٠ مەگەریانەك بره نانخانا ئوتوماتیکی ٠ ٠ بەوا کو ڕێڤەبەری بخۆ بڕێڤە برنا وێ ڕادبیست ، ئو دەلیڤە بۆ مە هلکەت کو چەند پسیارەکا بکەین ژ مامۆستا (صبری شکری سعید) ی ڕێڤەبەری کارو بارێت نانخانا لدهوکێ دا پیچەك روناهی ئ بەر دەتە سەر بارێ ڕێڤەبەری ئ و نانخانا بگشتی ٠٠٠

پ١ / مامۆستا ٠٠٠ کارێ ڕێڤە بەریا هەوە چیە دەربارا پەیدا کرنا سەرکی و سەمونا بۆ خەلکێ دهوکێ بڕەنگەکێ بەر دەوام ؟

جـ ١ / نارمانجا مە خر ئەوە کو ئەم نانی بۆ خەلکی پەیدا بکەین ، لێ ئەف چەندە بگەلەك جورا دهێتە بکار ئینان ، ئێك ژێ ئەوە ئەم بخۆ پێ ڕادبین بڕێکا نانخانا مە یا ئوتوماتیکی ئەوا کو دکەڤیتە ناڤ ئاڤاهیێ ڕێڤەبەرێ ـ ناڤبەرا دهوکێ و مالتایێ ـ ٠

ئەڤ نانخانە بشەڤێ دەهـ سەعەتا ئیش دکەت ، (٣٨) پالە تێدا کاری دکەن ، شیانا وێ (١٠) دەهـ تەنێت ئارینە درۆژێدا ، ئو (٦٠٠٠٠) شێست هزار گرکا دپێژیت ، ئەڤ هژمارا هەنێ داخوازیێت پارێزگەهێ بجهـ دئینیتن ٠٠٠ تو بزانە ژی کو ئەڤ بەرهەمە نیڤا شیانا نانخانێ یە ، یانکو هەکە ئەو هژمار تێرا نەکەت ئەم دشێین (١٢٠٠٠٠) سەد و بیست هزار گرکا بپێژین هەلبەت مە ترمبێل ژی وێ دهەین پێ بارکەین و بگەهینین بەر دەستێ ئاژانسێت مە لکاتژمێرا شەشێ سپێدێ ، ئو نرخا هەر سەمونەکێ بۆ وان (٩) نەهـ فەلسە ئەڤە چرو ٠٠٠٠ جورێ دی تر ئەوە ٠٠٠ ئەم ئیجازا د دەبنە خەلکی دا نانخانا ڤەکەن ، یان ژی ئاری بفروشن لەلبەندا دهوکێ و ژ دەرڤە ژی ٠٠٠ ئو هەتا نهە هژمارا ئاژانسێت ئار فروتنێ یا گەهشتیە (١٠٠) سەدا ٠

٢ / باشە مامۆستا ڤێگاڤێ ژی دەلیڤە هەبە بۆ وەرگرتنا ئیجازا ؟

ج٢ / بەلێ ٠٠٠ هەر کەسێ بڤێت نانخانەکێ فەکەت ٠٠٠ ، یان بئار فروتنێ رابیت ئەم دێ هەڤکاریێ دگەل کەین و ئیجازێ دەینێ بەلێ بمەرجەکی ٠ ٠٠ ئەو ژی ئەوە ئافاهیەکێ هێژا یێ هندێ هەبیت ، هەمی مەرجێن تەندروستی و پاقژێن و بەر فرەهیێ تێدا پەیدا ببن ، یان ژی ئەو تاخێ لێ فەکەت پێویستێ نانخانا ببیت ٠٠ چونکە وەك مەگوتی هەول و بزاڤێ دەکەین هەر دەم پێخەمەتی خزمەت کاری یا گەلێ خۆ یێ خوشتڤی ٠ ٠ ٠ ٠

پ٣ / ئەرێ هوین هەستەکێ دکەن کو ئەڤ ئاژانسە کێماتیێ یان پەنگ پێ دانێ دکارێ خۆ دا دکەن ٠٠ ٠ یانکو گازندە ژوارا پەیامنێری هاوکاری لدهوکێ

رمضان عیسی

Institut Kurde de Paris

زنجیرەی مێژووی

سەردەمی بوژانەوە

د. کامل مظهر احمد

فراد مجید میسری تردویەنی بەکوردی

٦ ـ جا ئەگەر ئەم هەموو گۆڕانکاریە بنەڕەتی و داهێنانە گەورانە لەگەل بووژاندنەوەدا سەریان هەڵدابێو زیاتر لە ناو کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی ئەوروپادا ناکۆکی و مل‌ملانێی تیژ کردبێ شتێکی سەیر نییە ، چونکە هەموو ئەو دیاردانە بە ئاشکرا سیمای یاخی‌بوونیان دژی دەرەبەگایەتی و کەنیسەی کاتۆلیکی پێوە دیار بوو • بە جۆرێکی تر بڵێین :

کاکڵەی بیری بۆرژوای تازە پێگەیشتوویان پێك‌دەهێنا • ئەمە جگە لەوەی کە دیاردەی یاخی‌بوون، بەتەنها لایەنێك‌و دووانی نەگرتەوە ، بەڵکو بە شێوەیەکی مەوزوعی لە مەیدانی ئەو زانیاریە تەجریبی یانەیشدا خۆیان دەنواند کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەدەب‌و سیاسەتەوە دوور بوون ، چونکە سەرپاکی ئەو ئەنجامە گەورانەی زانایان بەدەستیان هێنا ، ڕووی ڕاستەقینەی ئەو بیروباوەڕە دواکەوتووانەیان ڕیسوادەکرد کە بەدرێژایی چەند سەدەیەك مێشکی جەماوەریان ئیفلیج کردبوو • لەبەر ئەو دەبینین هەڵوێستی توندوتیژی کەنیسە تەنها بەرامبەر بەو جۆرە کەسانە نەبوو کە بێ پێچ‌و پەنا دوژمنایەتی‌یان دەکرد ، بگرە ژمارەیەکی زۆر لە ناوداڕانی بووژاندنەوەیشی گرتەوەو لەپێش هەموویشیانەوە زانایانی ئەو سەردەمە • باشترین بەڵگەی ئەم حەقیقەتەیش لەو جموجۆڵەدا دەردەکەوێ کە دادگاکانی پشکنین لەو کاتەدا نواندیان • بەنموونە : دام‌و دەزگای کڵێسە نەك هەر بیروڕاکانی «کۆپەرنیکۆس»ی ڕەت‌کردەوە ، بەڵکو کتێبەیشی قەدەغەکرد کە زۆربەی ژیانی بۆ تەرخان کردبوو • هەمان هەڵوێستیشیان بەرامبەر بە «گالیکۆ» نیشان داو ناچاریان کرد واز لە پشتگیریی‌کردنی تیورەکەی «کۆپەرنیکۆس» بهێنێ کە دەیووت : زەوی بە چوار دەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە • ئەمانەو زۆر زاناو ڕۆشنبیری دیکەی سەدەی بووژاندنەوە ، یان هەموو تەمەنیان لە زیندانە تاریکەکاندا بردە سەر ، یاخود بە زیندوویی دەسووتێنران • زانای گەورەی ئیتالیایی «جیۆردانۆ بڕۆنۆ » پاش ئەوەی هەشت ساڵی ڕەبەق لە زیندانەکانی دادگای پشکنیندا لەژێر ژەبری ئازارو ئەشکەنجەدا ناڵاندی ، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٠٠ داو لە گۆڕەپانێکی شاری «ڕۆما» دا بە پێش‌چاوی خەڵکەوە ئاگری تێبەردرا (٩) • سەبارەت بەوەیش کە زمان شوناسی فەرەنسایی «دولییە» بەهۆی چاپخانە تایبەتی‌یەکەی خۆیەوە ، بیروڕای هۆمانیستەکانی بڵاودەکردەوە ، لەمانگی ئابی ساڵی ١٥٤٦ دا لە گۆڕەپانێکی «پاریس»دا سووتێنرا

بەڵام هەموو ئەم کردەوە ناڕەوایانە لەبەردەم ڕەوتی بەرەوپێشەوە چووی مرۆڤایەیەتیدا بێهوودە بوون ، چونکە مەحاڵە بەری خۆر بە بێژنگ بگیرێ‌و ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەودوا بگەڕێنرێتەوە جوانترین بەڵگەی ئەم ڕاستی‌یەیش ، پەیکەرە لووت بەرزو سەرکەشەکەی «دولییە»یە کە لە ساڵی ١٨٨٩ داو هەر لەو شوێنەی تێیدا سووتێنرا ، بە ئامەنگێکی قەشەنگ پەردەی لەسەر لابراو سەلماندی کە نە سەرکوت‌کردن‌و نەسووتاندنی جەستەی ئادەمیزاد ، ناتوانن بیری بەرزو گیانی پێرۆزی لەناو بەرن •

ئا بەو جۆرە شانۆی تراژیدیاکەی ساڵی ١٥٤٦ لەپاش «٣٤٣» ساڵ بووە گۆڕەپانێکی ڕازاوەی «پاریس»و بەبێ دەنگی‌ی جوانترین چیرۆك ـو ڕازاوەترین پەندو داستان بۆ ئەوە لە دوای ئەوەی مرۆڤایەتی دەگێڕێتەوە •

لە بەشێکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا کە دێینە سەرباسی ناوداڕانی بووژاندنەوە ، چەند قوربانی‌یەکی تری دادگای پشکینن بەنموونە دەهێننەوە • وەنەبێ زەبرو زەنگی دادگای پشکنین تەنها ئەنجامی ئەو مل‌ملانێیە بووبێ کە لە نێوان کۆن‌و نوێدا ڕووی‌دا نەخێر ، بەڵکو هەرچی‌یەکیان دەکرد هەوڵو کۆششێکی بێ سەمەر بوو ، بۆ هێشتنەوەو درێژەپێدانی سیستەمێك ، بیروباوەڕی نوێ لە ناخەوە پووکاندبوویەوەو نەیدەتوانی چی تر خۆی بە پێوە ڕابگرێ •

٧ ـ سەدەی بووژاندنەوە گۆڕانێکی ڕاستەقینەی لەژیانی کۆمەڵایەتی ئافرەتدا بەرپاکرد • دیارە ئەمەیش ئەنجامی دوو هۆی گرنگ بوو •• یەکەم : هۆمانیستەکان تێڕوانینێکی نوێیان هەبوو بەرامبەر بە تاکەکەسی ناو کۆمەڵێك ئافرەت نیوەی پێك دەهێنێ • دووەم : شێوازی بەرهەم هێنان ، بە تایبەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی سەرمایە دارییدا، لە جاران زیاتر پێویستی بەهێزی کارکردن بوو ، بە ڕادەیەك دەیویست سوود لە ووزەو توانای ئافرەتیش وەربگرێ • بەهەرحاڵ ، لە سەدەی بووژاندنەوەدا ئافرەتی ئەوروپایی خۆی گەیاندە مەیدانی بەرهەم هێنانی پیشەسازیی‌و نووسین‌و تەختەی شانۆو تەنانەت لە مشت‌ومڕی فەلسەفیشدا بەشداری دەکرد • بەو پێیە پلەی کۆمەڵایەتی گەیشتە ئاستێکی باڵاتر ، بەتایبەتی لە شارەکانی ئیتالیادا کە بارو زرووفێکی گونجاوتریان بۆ ڕەخسا ئافرەت بووە خاوەنی ڕۆشنبیری‌یەکی ئێجگار قووڵ •(١٠)

ئەنجامەکانی بووژانەنەوەو بزووتنەوەی مرۆڤایەتی جگە لەوانەی پێشتر باسیان کرا ، زۆر ئەنجامی دیکەی لە مەیدانی داهێنانی هونەریی‌و گەشەکردنی بیرو بەرهەمی ئەدەبی‌و سەرپاکی زانستە مرۆڤایەتی‌یەکاندا هێنایە کایەوەو بە ئاشکرا لە سەربوردەی ژیان‌و داهێنانی ناوداڕە ئەمەرکانی ئەو قۆناغەدا بەرجەستە دەبن •

٨ ـ G.C. Sellery, op. cit., p. 234

٩ ـ «بڕۆنۆ» لەکاتی لێپرسینەوەدا بەوپەڕی ئازایەتی‌یەوە بەرگری لە بیروڕایەکانی خۆی کرد • تەنانەت لەو کاتەدا کە بڕیاڕی سووتاندیان‌دا بە گاڵتە پێ‌کردنەوە بە دادگای ووت : وا بزانم ئێوە زۆر لەمن زیاتر لەو بڕیارە دەترسن !

١٠ ـ Renaissance and Reformation, 1300-1648 Edited by G.R. Elton Second edition, New York - London. pp. 85-86

نوێکێك دەربارەی ڕەخنەی هونەری

علی کریم امین
شێوازی داهێنان

ئەم شێوازە لە بنەڕەتدا ڕەگەو بنچینەی لەسەر دارو پەردوی ریالیزم بەندو داکوتراوە، پشتی بەداهێنانی تازە بەستوە لە شێوەدا •

هونەرمەند بۆئەوەی ناوەڕۆکێکی هونەری تازەش ببەخشێ بە کارەکەی دەستبیامێنانێکی تایبەتی خۆی ئاراستە کردوە بە جۆری سەرنجی سەیرکەران ڕاکێشێ ، وەك بیەوێ ئەو هەستو نەستە پەژموردەو دەست بەسەراگیراوانە ئاگر تێبەربدا بیان‌هێنێتە جۆش‌و خرۆش و شێوەیەك بدۆزێتەوە کە ئەو سەیرو سەمەرانەی لەو دیو بۆشایی هەستو نەستی وێل‌و سەرگەردانی هونەرمەندە ـ کەوەیە ـ بەدەست و پەرەنگینەکەی ـ بۆمان بخاتە چوارچێوەی وێنەو نابلۆی سەیرو دڵگیرەکانیەوە کە وەڵام دانەوەی بیاری نەفسی‌و شارەزایی و کارامەیی خودی هونەرمەند خۆی بێت •

ئەم شێوازە گەلێك ناوو قوتابخانەی لە ژێر ئاڵادا کۆنەبێتەوە :ـ

١ ـ ئیمپرێشنەکان ـ الانطباعیون ـ هونەرمەندانی ئەم قوتابخانەیە بەو مەزەندەی کە لە دیمەن‌و نیگار هەڵێ‌ـ پروکاندوە ، گوڕی بەستۆتەوە و بازی داوە بۆ وێنەی هونەری گەلێ جوانترو نۆکمەتر لە جاران ، ئەویش بە دابەش کردنی ڕەنگەکان کارامانەو ئێڕوانینیان لە کاتی تاریکی‌و ڕوناکی جۆربەجۆرداو کارکردنیان لە یەکتری ـ لە کاتێکی دیاری کراودا ـ کە لە بەکارهێنانی فلچەدا هەست پێ‌نەکەین بۆ ئەوەی هەمو تابلۆکە بە ڕەنگی جوان‌و دلفرین‌و پرشنگدار برازێنێتەوەو دور بکەوێتەوە لە بەکارهێنانی هێل ، ئەم دەست گۆڕینەش لە ڕەنگ‌و هێلەکاندا ڕێنای خۆش‌کرد بۆ ئەوەی هەندێك لە هونەرمەندان کە تەنها ڕەنگ بە شێوەی خال بەکاربهێنن•

٢ ـ فاوئیزم (الوحشیه) : بۆ دەرهێنان‌و بەدەستەوە دانی تابلۆی سەرنجڕاکێش‌و سادەو ساکارو جوان‌و بێ‌بیرکردنەوە وازیان لە ڕوانگە هێناو وێنەی بێ‌قوڵاییان ئەکێشا ، کە ڕەنگی تۆخ‌و گەرم جێگای بەرجەستەکردنی گرتبووەوە، هێل ڕواڵەتو شێوەکانی دیاری ئەکات‌و پشت ئەبەستێت بە دیاری کردنی نیشانە سەرەکیەکانی‌و کەم کردنەوەی ڕوی ڕاستێتی سۆفیتی پێوە دیارەو دەنگدانەوەی کەین‌و بەینی یەجکار قولی دڵ‌و دەرونەو هێماکانیشی بە ڕۆشنی لە تیکەڵاوکردنی نەخش‌و نیگارەکانیا دەرئەکەوێت‌و تێرو تەسەلانە ڕازانراونەتەوە •

٥ ـ دای‌پروك «بنەوانەکان» (القنطره) :ـ هونەرمەندانی ئەم ڕێبازە بە شێوەیەکی ڕەوان ناوەڕۆکی تابلۆکانیان باسی ژیانی ڕۆژانە دەرئەبڕن • شێوەکانیان شێواندوە لە پێناوی دەربڕینی سوك‌و ئاسانترو ڕەنگەکانیان کڵپەی لێ‌بەرزئەبێتەوەو هێلەکانیان زبرو وشکن •

٦ ـ سواره‌ی شین « الفارس الازرق » :ـ لەگەڵ ئەوەشدا کە شێوازیکی دیاری کراوی نەبو بەڵام دەربڕین بە ڕەنگی شین بەسەر تابلۆکاندا زاڵ بو •

ئەم ڕێبازە هونەریانە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم‌و سەرەتای ئەم سەدەیەدا دەرکەوتن لە ئەنجامی سەربەستی تەواوی هونەرمەند لە دەربڕینەکانیدا لە دوای ئەوەی لە کلاسی‌و ئاکادیمی یاخی بون‌و ئەگەڕان بە دوای جۆرو بابەتی تازەدا کە دور بێت لە واقیع یان تەنها لاسایی واقیع بە جۆرێك بکاتەوە کە هەستو نەستو سۆز بواری‌بدا •

خوێنەرو شیعری نوێی کوردی

نووسینی : محسن ئاواره

ئەوەی یەخەگیری ئەو ووتارەی کردم سەرنجەمی ئەم وونانە بوو کە زۆر جار ئاوێ بیست ئەبەو گفتوگۆی لە سەر دەکرێ لە لایەن خوێنەرانو ئەدەب دۆستو ڕۆشنبیرانەدا ، گوایە شیعری لاوان یان بڵێین شیعری نوێ باش لێی حالی نابن‌و زیاتر چێژ لە شیعری کۆن وەردەگرن تا ئێرە ئاوا •••

جارێك بەر لە هەموو شتێك‌دا دەمەوێ ئەم ڕاستییە بێژم کە شیعر شیعرە ، چ شاعیرێکی لاو نوسیبێ یان شاعیرێکی پیر ، کۆن یان نوێ ، مەرج وایە ئەم شیعرە تا چ ڕادەیەك قۆناغ دەبڕێ و تا چ ڕادەیەکیش کاریگەر دەبێ ، وە مەرجیش نیە هەر شیعرێك لە لایەن شاعیرێکی لاوەوە نوسرا بێ ئەم شیعرە نوێ بێت ، بە هەمان شێوە مەرجیش نیە گەر هاتوو لە لایەن شاعیرێکی کۆنی سەردەمانێکی زۆری بەر لە ئێستاوە نوسرا بێ ئەم شیعرە کۆن بێت •

شیعری توکمە و ڕەسەن و ڕاستگۆ واتە لە کارێزی پەرێزی دەروونێکی ڕاستگۆوە هەڵقولا بێ بۆن و بەرامەی ڕەز و دار و بەرد و خۆڵی ولاتە شیرینەکەی پێوە لکا بێ ، هەڵم و فوارە و خولیای عیشقێکی پاك و سوتانێکی دەروێشانەی لێ بەرز بێتەوە ، ئەو هێزە بە پێزە تەلیسماوییەو ئەفسانەییەی تیا بێ خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ‌و بە جۆرێ هەستی ببزوێنێ کە نەتوانی خۆی لە چنگ پەل‌وپۆی ئەم تینە گەرمەدا دەرباز بکات وە بیخاتە قووڵایی ئەو ڕووباره حەز بە مەلەوانی دەکات بەڕەنگێ نەك ئەم ڕووباره هەر دڵخۆشکەری بێت‌و بەس بگرە وەك بوونی ئاوەکەو تا چ مەرزێکیش تێنوویێتی دەشکێنێ‌و هەست بە نهێنی‌ی شەپۆلەکانی دەکات ، وە لەم ڕووەوە نوسەری مەزن (هۆراس) دەفەرموێ :

ـــ « هەر ئەوەندە بە تەنیا بەس نیە هۆنراوە جوان بێت بەڵکو ئەو ئەفسانەیەی تیا بێت گیانی گوێگر ڕاکێشێ بەرەو ئەو داخوازیانەی مەبەستێتی» *(١) بێشك ئەم جۆرە شیعرانە سەدە لە دوای سەدە دەبڕێ‌و لەجوولە ناکەوێ‌و دانامرکێتەوەو هەر نوێیە و هەر نوێ • لە پاڵ ئەوەشدا شیعری شاعیرێکی کاربۆن‌ساز کە بۆی دانشتبێ بە ناوی ئەوەی لە کارگەی ووشە بازی و دزی‌دا بە کەرستەی ئامادە کراو ، پێکهاتوو لە ووشەی ووشك و بێ‌پێز ، قالبە شیعر داڕێژێ ، هەر لە گەڵ یەکەم چاو هەڵهێنانی‌دا پێلووەکانی هێندە قورسن ناتوانن چاو لێك نەنێنەوە ، وەك داریێك ڕنوو لێ دابێ ، ئەنجام بەوە دەگات وەك ئەو پەندە وایە «چێو هەڵبڕە سەگی دز دیارە » ، کەوا بێ هەر لە سەرەتادا ئەم شیعرە کۆنە چونکە بناغەکەی بتەو نیە ئەگەر چی تازەیش لە تەنوورێکی سارد و سڕدا سەری‌هەڵدابێ لە شوێن خویدا ماوەبەکی کەم سمکۆڵ دەکا و لە حیلە دەکەوێ و خپ دەبێتەوە• وە دەبێ ئەم ڕاستییەش فەرامۆش نەکەین کە شیعر وەکو لقێك لە لقەکانی ئەدەب و وەکو هەموو ئامێرێکیش لە ئامێرەکانی دەربڕین یە پێی پێداویستیەکانی ژیان‌و کۆمەڵ پێویستی بە گۆڕین و پەرەپێدان و بەرەو پێشەوەچوون هەیە چەشنی زانست ، هونەر ، وەرزش ، تکنلۆجیا ، ئابووری ، پیشەسازی •• هتد •

وە دەبێت ئاوێتە بکرێت بە وزەی ڕۆشنبیریی نوێ‌و زانیاری و مۆسیقا و وێنەی زیندوو و مەنەلۆژ و تەکنیکی نوێ و خەم‌و پەژارەی ئەو سەردەمە جەنجاڵەی شاعیر تیایا دەژیت بەو پێیەی شیعر لە ویژدانی شاعیر جیا نابێتەوەو شاعیریش تاکێکە لە تاکەکانی کۆمەڵ ، بەڵام تاکێکی هۆشمەندو ووردبین ، وە مافی خۆیەتی هەوڵ بدات هاوچەرخانە بیر بکاتەوەو بنووسێت‌و لە (زەمان) بەجێ نەمێنێ وە شان بە شانی باری سەردەمی ئەو ڕۆژگارە بڕوات کە بەندە بە ڕێڕەوی پێشکەوتنی دەوروبەرو کۆمەڵگاکەی لەم حاڵەتەدا کە شاعیر وا هەست‌بکاو بە تەنگ ئەو مەسەلەیشەوە بێ ، بێ‌گومان هۆنراوەکەی ئەو هۆنراوەیە دەبێت ، خوێنەری سادە و ساکار کت‌وپڕ لە مەبەستەکەی نەگات ، بۆیە زۆر جار شیعری چڕ و خەست و پاراو و بەرز دەکەوێتە دەست خوێندەوارێکی هێندە بێ سەلیقە و زەوق یان نیمچە ڕۆشنبیری تەمبەڵ و سەرقاڵ بووی کاری ڕۆژانەی خۆی هێشتا یانزە دێری لە چل و یەك دێردا تەواو نەکردووە ، شیعرە بە لاوە دەنێ و لە پاشاندا دەلێت هیچی تێ‌ناگەم ، هی واشی هەیە یە بێ ئەوەی لە هۆنراوە وورد ببێتەوە و تۆزێ بەرەو ناخی شوڕێیتەوە چەند دێرێك دەخوێنێتەوەو بزەیەکی بە سەر لێواندا دێ‌و پێدەکەنێ‌و گاڵتە بە هۆنراوەکە دەکاو دەڵێ تۆو خوا ئەمەش شیعرە ؟ وەك ئەو پەندە وایە «مانگ لە پشت گۆزە ••• لە نەزان وا بێ ڕۆژە » ئەوە ڕاستیەکە و دەبێ دانی پیا بنێین،شیعری نوێ •• شیعری نازاد لە گەڵ شیعری کلاسیکی‌دا لە ڕووی مامەڵەکردنا لە گەڵ ناوەڕۆك و ڕوخسار و کێش و سەروا و ئەندیشە و بیر و سۆز و شێوە و هتد ••• جیاوازی تەواوی هەیە ، جاری وا هەیە لە شیعرێکی نوێ‌دا کە یەکێتی بابەتی تەواوی هەیە هەر لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی لە باسی بابەتێك وەك هێڵی ستونی لە دارشتنەکەی‌دا لە بەر ئەوەی خۆی بە یەك قالب نەبەستۆتەوە هێندە «پرسەك (علامە استفهام) ، هەلبەز و دابەز ، وورووژم ، زایەڵە وەستان ، وێنە ، کۆپڵە ، بڕیشت‌و ، نیوە بڕیشت‌و ، کەلەبەر و ناوەخن ، داهێنان ، بەهێزی ، لاوازی ، سەنگ و لاسەنگی ، تۆپەڵ‌بوونی خەم و گەژەنەیی ، مەنەلوژی ناوەوە ، هەناسەبڕکی ، وڕێنە ، خاڵ ، فاریزە ، ختووکە ، خورپە ••• هتد) کەوتۆتە ناو شیعرێك یەکسەر ، دەستوبرد ، ماناکە ناداتە دەست خوێنەر • وە من وام دێتە بەر چاو ، هۆنراوەکە وەك شەقامێك بێت خوێنەریش ڕێبوارەکە ، بەسەر شەقامەکە گوزەر دەکات ، ناوە ناوە لەم شەقامە شیعرەدا،دێرێك یان کۆپڵەیەك یان ووشەیەکی هەست بزوێن و جوان وەك گڵۆپە سوورەکە پێ نەبێ و دەیوەستێنێ ، تۆزێ ئارام دەگرێ پشووی دەدا ، دەکەوێتەوە ناو گەرداوی خەیاڵێك ئنجا دەست بە ڕۆیشتن دەکاتەوە ، دوای ئەوەی گڵۆپەکە هێزی کەمتر دەبێت چونکە گڵۆپە زەردەکە پێ دەبێ ، وورده زەردایی ••• زەردایی •• زەردایی ، دوایی دەشتێکی سینگ فرەوان ، ئەویش گڵۆپە سەوزەکەیە، لە پاشان‌دا بەردەوامی ، جارێکی تریش (گڵۆپە سوورەکە) ، ڕێبوارەکە ڕادەگرێتەوە •

لەم هات و بڕۆیەدا ، گەڵێ جار خوێنەر دەرەنگ دەگاتە گڵۆپە سورەکە بۆیە خوێنەری تەمبەڵ و نا هەستیار بێزار دەبێ و شەقامەکە بە جێ دەهێڵێ •

یەگشتی شاعیری ڕاستگۆ و شاعیری ڕەسەن و هاوچەرخ ، چەندە پاڵەپەستۆی زەبروزەنگ‌و ستەمی زەمان خستویەتیە ژێر خەڕەکی خۆی ، ئەوەندە ستەمکارانە شیعری نووسیوە بۆیە شیعری ڕەسەن هاوار دەکا و خوێنەری عاشق و گەریدە ئەگەر هەر هیچی لێ تێ‌نەگات وەکو(حس) هەست دەکات و گەرمایی و موچرکی بە لەشی دادێ و ختوکەی ئازارێکی خەمناك و یادێکی فێنك بە سەر سەر و مێشکیا وەر دەبێ دەزانێ ئەمە شتێکی خۆشە بەڵام بۆی دەستگیر نابێت وەك ئەو تیشکانەی دەگیرێن و ناگرێن •

ـــ ئەو تیشکانە ڕوو دەکەنە هەر شتێك وەڵامیان بە جۆرێ دەدرێتەوە ، وەختێ ڕوو لە (ئاوێنە) دەکەن ، ئاوێنە هەر وەکو خۆی بە تیشك ڕەتی دەکاتەوە ، کە ڕوو لە (دیوار) دەکەن ، دیوار بە پێچەبر وەڵامیان دەداتەوە ڕوو لە (ئاو) دەکەن ، ئاو بە هەڵم وەڵامیان دەداتەوە بەڵام وەختێ ڕوو لەو جورە خوێنەرانە دەکات، گرنگ ئەوەیە تا چ ڕادەیەك ئەم خوێنەرە زیرەکە و هەست بە گەرمایی ئەو تیشکە دەکات وە چۆنی وەڵام دەداتەوە ، جا لیرەدا هەر لە گەڵ ئەم تیشکە دابین لەچاو شاعیری (نوێ)دا با بزانین چۆنی وەڵام دەداتەوە کە ڕەنگدانەوەی وەڵامەکەی (شیعرە) • زانایەکی فیزیك بە شێوەیەکی زانستانە لە تیشك ئەدوێ و شی‌ی‌دەکاتەوە لە ئەزمونگە (مختبر)ی تایبەتدا بە هۆی ئامێری تایبەتی ، بەڵام شاعیری زیرەك وا مامەڵە لە گەڵ ئەو تیشکە ناکات هەر چەندە تیشك نانوسرێتەوە ، بەڵام شاعیر، دەینوسێتەوە ، لە پاڵ ئەوەشدا نەکوژێتەوە ، وەختێ دەیخوێنێتەوە ، هەست بە بوونی (وجود)ی تیشکەکە دەکەیت وەك (گەرمایی ـ ڕووناکی ـ جوولانەوە) ، بە چاو دەبیندرێ بەڵام بە دەست بۆت دەستگیر نابێ ، واتە وەکو (هەست) زۆرت پێ دەبەخشێ ، بەڵام ئەو بەڵامە هۆنراوەکەیە •

ـــ لە گفتو گۆیەك‌دا لە گەڵ نووسەری بەناوبانگ سامیول پکیت‌دا :

« کێ دەزانی ـ نعامە ـ لە ژێر زیخ و چەودا چ دەبێنێ ؟! » ـ مورفی ـ

با بێیینەوە سەر خوێندەواری سەرەڕۆ ، وەختێ هۆنراوەیەك دەخوێنێتەوە ، چاوەڕوانی دوو خاڵ دەکات ، یەکەمیان سادەو ئاسان‌و سووك بێ ، لە گەڵ زەوق و مزاجی ئەویشدا بگونجێ‌و یەکسەر ماناکەی خۆی بخاتە کۆشی هۆشییەوە ، دووەمیان، ئامادە نیە لە پێناوی هۆنراوەدا ئەو کاتانەی تری بە فیڕۆ بدات بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە زیاتر چێژیان لێ وەردەگرێت یان سودمەنترن لە ڕووی گوزەرانییەوە بۆیە حەز دەکات فلیمێك ببینێ بەڵام ئامادە نیە ڕۆمانەکەی بخوێنێتەوە ، بە کورتی هێلکەی سپی کراوی دەوێت ، ئای کە نازانێ مرۆڤ وەختێ بە خۆی هێلکە سپی دەکات چەند خۆشترە ، کەچی خوێندەواری هەستیارو هۆشیار ئەوەك سەرەڕۆیانە ، بەڵکو ئەشیعەی شیعرەکە دەگرێ‌و دەست نیشانی هەموو کەلەبەرو ناواخنی شیعر دەکات دوای ئەوەی هێندە شۆڕ دەبێتەوە بەرەو گانگای ئەو ڕەزەی بۆی ستایش کراوە ـ « چاو دەگێرێ ، بۆن دەکا ، گوێ هەڵدەخا ، لەم جۆگە و لەو دڕکەزییەدا یاز دەدا ، یە دەستەکانی ئەم چڵە درەختە لادەدا ، لەوی‌تر سەر ئەوی دەکاو بە ژێریا تێپەر دەبێت ، لە لایەکی ترەوە دەست بۆ شۆرەبی و سێوو هەنارو هەنجیرو میوەکان درێژ دەکات ، واتە لەو ڕەزەدا هەموو ئەندامەکانی لەشی بە تایبەتی هەستی (حس) دەکەونە جمو جۆڵ‌و جوولانەوە ، لە پاشاندا کە لەم سەفەری‌دا هاتەوە هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ‌و ڕەنگە جگەرەیەکیشی پێ‌بکاو بڵێ تەحا •• ها •• هـ •• ئەم هۆنراوەیە چەند خۆش بوو !!

جاری وابش هەیە هەر بە دێرێك‌و دووان دەکەوێتە سەر دەستی هەواوە یان چەند ووشەیەك

پروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

رۆژنامەی عەلەمەشمار

پەردە لە رووی پەیوەندی شێتی سوریا و زایۆنیەکان لادەدا

رۆژنامەی (عەلەمەشمار)ی زایۆنی لە رۆژی ٢٢ی ئەم مانگەدا یە لەم٢ سەم هەواڵەی حوارەوە بڵاو کردووەتەوە کە دەقەکەی دەکەینە کوردی :

ئەرناس و باڵیۆزی سوریا تەوقە لەگەڵ یەکتری دەکەن بە پێنووسی : زنیف بلیتسا، پەیامێری (عەلەمەشمار) لە وڵاتە یەکگرتووەکان

واشنتۆن ـ هەردوو باڵیۆزی ئسرائیلی و سوریا لە وڵاتە یەکگرتووەکان مۆشێ ئەرناس و ڕەفیق جواجتی تەوقەیان لەگەڵ یەکتری کردو لەگەڵ یەکتریدا قسەیان کرد ، ئەویش لە کاتی چاوپێکەوتنیاندا لە ئەستۆدیۆکانی ئەلەفزیۆنی ئەمریکی (ئەی ٠ بی ٠ سی)٠

ئەوەبوو سۆل لینۆبێتش نوێنەری پێشبڕۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەو بوو هەردووکیانی پێشکەش ـ کردو ڕووبەڕووی یەکتری دانان ، بەڵام ئەرناس زۆر سەری سوڕما کاتێك دیتی باڵیۆزی سوریا پشتی تێ نەکرد وەك لە چاوپێکەوتنی تردا ڕووی دا ٠

تەلەفزیۆنی فەرەنسافلیمێك دەربارەی لەناوبردنی کوردەکان لە ئێران پیشاندەدات

تەلەفزیۆنی فەرەنسەوی لە قەنالی یەکەم و لە بەرنامەی (حەوت لەسەر حەوت)ی هەفتانەی خۆیدا لایەنێکی لە کاری بەردەوام لەناوبردنی کوردەکان ئاشکرا کردووە کە کوردەکانی ئێران تووشیان بووەتە تووشیەوە ٠

ئەوەبوو تەلەفزیۆنی ناوبراو چەندین دیمەنی وێنەگیراوی پیشان داوە رق و کینەی رژێمی ئێرانی دووپات کردووەتەوە سەبارەت دژ بە کوردەکانی ئێران چونکە ماڵ و کێڵگەکانیان بە نارنجۆکی فۆسفۆری سووتاندووەو خەڵکەکانیان بەرەو مەڵبەندەکانی گرتووخانەو ئازاردان بردووە لەوانەیش منداڵ و پیرەمێردو ئافرەتانیان تێدایە ٠

کونگرە ـ پاشماوە

عەرەبی یەکان و هەندێك رۆژنامەی بێگانەیش لە سەر یەکەمین لاپەڕەی خۆیان ناونیشانی سەرەکیان لە ووتەکەی سەرەکی بەڕێز بڵاوکردووەتەوە ٠

دەزگاکانی راگەیاندن بایەخیان بە وەڵامەکانی سەرەکی بەڕێز داوە کە سەبارەت بە درێژەپێدانی دەستدرێژی یەکەی رژێمی ئێران و توانای سوپایی عیراق بۆ تێکشکاندنی ئەو دەستدرێژی یە ٠

نامەیەك لە سەرەکی جەزایرەوە بۆ مەلیك فەهد

جدە ـ ٣١ ـ ئا٠د٠ع :سەر لە بەیانی ی ئەمڕۆ بەڕێز الاخضر الابراهیمی راوێژکاری سەرەکی جەزایر بە سەردانێك گەیشتە سعودیە ٠

ئەوەبوو دوێنێ ڕاگەیەنرابوو کە الابراهیمی نامەیەکی تایبەتی پێ یە لە سەرەکی جەزایرەوە الشاذلی بن جدید بۆ مەلیك فهد بن عبدالعزیز پادشای سعودیە ٠

هیرالدتریبۆن سەبارەت بە نارەزایی گەلی ئێران دژ بە رژێمی خومەینی دەدوێت

رۆژنامەی هیرالدتریبۆن لە ژمارەی ڕۆژ دووشەممەی رابوردودا ووتوویەتی کە ئەندازەیەکی زۆر بەرزی گەلانی ئێران ئێستا دژ بە رژێمی خومەینی ڕاوەستاون، هەروەها ووتووشیەتی هەشتا لە سەدی ئێرانیەکان بە ناشکرا دژ بە رژێمن و بیست لە سەدی تریان هێشتاکە نەگەیشتوونەتە ئەوەی هەڵوێستی خۆیان دیاری بکەن ٠

رۆژنامەکە هۆی ئەم ناڕەزایی یە جەماوەری یەی بەوە شی کردووەتەوەو ووتوویەتی « گرنگترین هۆ کە وای کرد گەلی ئێران دژ بە رژێمەکەی ڕابوەستێت درێژەپێدانی جەنگ و نەبوونی ئازادی ی سیاسی و کۆمەڵایەتی یە هەروەها بێ کاری و تەنگ و چەڵەمەکانی ئابووری کە تەشەنەیان کردووە » ٠

هاوڕێ ـ پاشماوە

شتانەی کە دەبنە هۆی پتربوونی توانای جەنگ ـ کردنیان پەنجەیشی بۆ ئەوە راکێشا کە ئەمەیشی رەسانەیەتی راستەقینەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان دووپات دەکاتەوە ئەوانەی بە بەخشین و خۆبەخت کردن رایان هیناوین لە پێناوی سەربەرزی و دەستەڵاتی عیراقدا کە دەستکەوتەکانی شۆڕشە مەزنەکەی ١٧ـ٣٠ی تەمووزی پیرۆز شۆڕشی هەمو گەل ڕژێمی ئێران و ئاغاکانیان لە ئیمپریالی و زایۆنیەکان و ئەوانەی پاڵپشنیان دەگرن لە خاینەکانی نەتەوەی عەرەب لە چەشنی ئەسەدوقەزافی تۆقاندووە ٠

هەڵسەنگاندنی ـ پاشماوە

ئیتر هیوادارم بەم زوانە دیوانەکەی زێوەر بە سەریەکەوە و بە پێشەکی یەکی باش و لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەل و لە سەر بەرنامەیێکی زانستی و بێ هەڵە لەلایەن مامۆستا جەمال محەمەد محەمەد ئەمینەوە چاپ بکرێت و بکەوێتە بەر دەستی خوێندەوارانی کوردمان ٠

پەراوێزو سەرچاوەکان :ـ

١ ـ عەلائەدین سەجادی ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ چ٢ بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٥٤١ ٠

٢ ـ گۆڤاری کاروان ـ ژمارە (١) تشرینی یەکەم ١٩٨٢ ـ ل : ٦٥ ٠

٣ ـ عەلائەدین سەجادی ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٥٣٥ ٠

٤ ـ گوفاری کاروان ژمارە (١) تشرینی یەکەم ١٩٨٢ ، ل : ٦٥ ٠

٥ ـ هەمان سەرچاوە ، ل : ٦٥ ٠

٦ ـ عەلائەدین سەجادی ـ مێژووی ئەدەبی کوردی ـ چ٢ ، بەغدا ١٩٧١ ، ل : ٥٤٠ ٠

٧ ـ گوفاری کاروان ژمارە (١) تشرینی یەکەم ١٩٨٢ ، ل : ٦٥ ٠

٨ ـ دیوانی زێوەر ـ بەشی یەکەم ـ سۆزی نیشتمان ـ بەغدا ١٩٥٨ ، ل : ٢٦ ٠

٩ ـ جەمال محەمەد محەمەد ئەمین ـ هاوکاری ژمارە ٦٦٨ روژی ٣٠ـ١٢ـ١٩٨٢ ٠

١٠ ـ گوفاری کاروان ژمارە (١) تشرینی یەکەم ١٩٨٢ ، ل : ٦٦ ٠

١١ ـ دیوانی زێوەر ـ بەشی یەکەم ـ سۆزی نیشتمان ـ بەغدا ١٩٥٨ ، ل : ١٠٢ ٠

١٢ ـ د٠ احسان عباس ٠ فن الشعر ـ بیروت ١٩٥٩ ، ل : ٣٧ ٠

لە بەر رووناکی ـ پاشماوە

لەسەر خۆی تۆمارکا) ٠ئەوەیشی بە ((ئەنفەستو لەگەڵ پێژانینیا وای کردا)) ئەوە بیەوێ و نەیەوێ نەك هەر عیراقی خۆش ناوێ ، بەڵکو نەخۆی و نە کوردیشی خۆش دەوێ ، چونکە بەو کردەوەیەو ، وەك ئەنجام ، (بۆ ئەمڕۆش و بۆ پاشە ڕۆژیش) نەخزمەتی کوردو نە عیراق دەکاو هەڵویستی وا ناراست بەری ئەنجامەکەی هەر ئەوانە دەیخۆن کە سەربەرزی عیراقیان ناوێ ، جا ئیتر بیانووی هەر دروشمێکی بریقە دار بێ ، لەبەردەمی هوش و ویژدان و عەقلی سەر بەم گەلە مەزنەداو بەتەنگەوە هاتنی پاشەڕۆژی ئەم گەلە دروشمێکی سواوو بۆشە ٠

● کوردێك ●

پەراوێزەکان :

١ ـ ووتەی یەکێك لە سەرکردەکانی حزبی شیوعی عیراقە لەبیرەوەری یەکەم ساڵەی دامەزراندنی دەزگاکانی ئۆتۆنومیدا ٠

٢ ـ رۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە ١/٢٧/٦٧٢ ١٩٨٣ ٠

٣ ـ ووشەی چەپەڵ ، بۆ یاریەکە دەگەڕێتەوە نەك «مەسەلەی کورد » ٠

٤ ـ صدام حسین : یەك گەڵ و یەك چارەنووس

٥ ـ صدام حسین ! سەنگەرێ یان دوو سەنگەر٠

٦ ـ راپۆرتی مەرکەزی نۆیەم کونگرەی سەرکردایەتی هەریمایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ٠

٧ ـ صدام حسین : وتەکەی لە ١٩ـ١ـ١٩٨٣دا لەکاتی بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بە جەنگاوەرانی کورد ٠

٨ ـ هەمان سەرچاوە ٠

٩ ـ هەمان سەرچاوە ٠

مەرجەکانی دروەست بوونی ـ پاشماوە ـ

هەندێکیش ڕەنگدانەوەی ژیانی ئەم سەردەمەی کوردی سۆفیتیی (کوردی بەختەوەر ، ئاڵاف) ٠ یا هەر بەڵگەمان ڕۆمانەکانی یەشار کەمالی کە هەمووی یا زوربەی ژیانی کوردو کوردەواریی گرتۆتەوەو ئەگەر بە کوردی بنووسرانایە ، ئەوا لە سەدا سەد ڕۆمانی کوردی دەبوون ٠

کەواتە ـ بۆ پەیدابوونی ڕۆمان لە کوردستانی عیراقدا پێویستمان بە خولقاندن و گەشەپێدانی زرووفی خۆیی یە ٠ ئەمەش لایەنێکی گشتی مەیە کە خۆی لە بارە مەوزووعی یەکەوە نزیك دەکاتەوەو تێکەڵی دەبێت و لایەنێکی تری هەیە کە تەواو نووسەر دەگرێتەوە ، واتە پەیدا بوونی نووسەری لێهاتووی ، بە توانای ، بەسەر تەکنیکدا زالی دەوێت٠

هەر لەو نووسینی پێش بیست ساڵەدا مەندێك لایەن و هۆی دوواکەوتنی لایەنە زاتی یەکەمان دەست نیشانکرد بوو ، بەڵام بەداخەوە هێشتا زوربەی ئەو هۆیانە هەر لە جێی خۆیانن ٠

هێشتا زمانێکی ئەدەبی ی یەکگرتوومان نی یە کە بالی بەسەر هەموو کوردا کێشا بێت و هێشتا کورد بە سێ جۆرە (ئەلف و بێ) یا سێ جۆرە تیپ دەنووسن و تا ئێستا کۆسپی چاپخانەو توانای کتێب چاپکردن دڵی زوربەی ئەوانە سارد دەکاتەوە کە زاتی ڕۆمان نووسین دەدەنە بەر خۆیان ٠ هەرچی پەیدابوونی نووسەری لێهاتووو بە توانا و بەسەر تەکنیکدا زاڵیشە ، ئەوە جێی موناقەشەیەو پێشی بچمە ناو موناقەشەکەوە بریاری ئەوە ئەدەم کە تەخت کردنی کۆسپەکانی سەرەوە وا لە چەند نووسەری لێهاتووی ، چیرۆکی کورت نووسی ئێستامان دەکات ، کە بچنە مەیدانی ڕۆمان نووسینەوە ، ئیتر کورد ووتەنی : « یا گالینە یا پەموو » ، لە ناو چەند تەجروبەدا ، بەرهەمی سەر ـ کەوتوو خۆی دەنوێنیت ٠ بەڵام تا ئەمە دێتە کایەوە، ئایا دەبێ بەرامبەر بەم ژیانە فراوانە ، بەرامبەر بەو ڕووداو دیمەنانەی کە لە گوڕینن و بە گۆڕینیان زۆر کەرەسەمان لە کیس دەچێت دەبێ چی بکەین ؟

ماتنەوە سەر باسی ڕۆمان و پێشنیارێکی ڕاستەقینە کۆلەکەی ووتارێکی تری باسی رۆمانمان دەبن

ریڤەبەریا ـ پاشماوە

دهێنە کرن یان نە ؟

ج٣ / نەخێر ٠٠٠ ئەم چ مەستێ بهندێ ناکەین چونکو پەیوەندا مە دگەڵ وانا گەلەکا وردە ٠٠٠ هەر ئێکی تێرا هەیفەکێ ئاری د دەینێ ، ئو رۆژ بڕۆژ سەحوسیێ لێ دکەین ،ژبلی کو مە لیژنەکا دانای٠٠ کو ئەز سەروکم ئەف لیژنەلسەر ئاستێ پارێزگەهێ یە بەردەوام بگەریان رادبیت٠٠ئەفجا کەس نەشێت پەنگ دانێ د گرکادا یان د قەلاندێدا بکەن ٠٠٠٠

پ٤ / سەیدا مە دڤێت بزانین کانێ ژێدەرێ هەوە یێ ئاری کیرێ یە ؟

ج٤ / ژێدەرێ مە یێ سەرەکی کومپانیا گشتی یا ئاشایە لنەینەوا ٠

پ٥/ لدوماهیا فێ چاف پێ کەتنێ مە دڤێتن هزر و بیرێن خۆ ژ مەرا دیار کەی دەربارا فی بابەتێ ورد و گرنگ ، ئەگەر ئاستەنگ هەبن چارە چیە ؟

ج٥ / براستی چ ئاستەنگ هێشتا نەکەتینە درێکا مەدا ، چونکو ئەم دەخەسیێ دکارێ خۆ دا نا کەین ٠٠٠ چونکو ئەم هەمی دەزانین نان ٠ ٠٠ فەژینا راگرتنا مروڤی یە ٠٠٠ ئالافێ مانا وی یە ٠٠٠ سەر هندێ را هیڤ ی دەکەم ژهەمی ئاژانس و هاونیشتیمانیا بەردەوامبن سەر ڤێ هاریکاریێ ، ئو هەر کەسەکێ گازندەك هەبیت بلا بگەهینتە مە و ئەم دئامادەنە کو لدویف دوزێ بچین و پاسادانێ تێدا بکەین ٠٠

لدوماهیێ ئەم سوپاسیا ماموستایێ بەرکەتی (صبری شکری سعید) ی دکەین بۆ ڤێ دەرفەتا دایەمە ٠٠٠

خوێنەرو ـ پاشماوە

هۆشی دەفرێنێ هەر وەکو شاعیری هێژا رەسوول حەمزاتۆف دەگێڕێتەوەو ئەڵێت :

ـ جارێکیان شاعیرێکی گەنجی لەك هەندێ شیعری خۆی بۆ ئەبوو تالیب خوێندەوە ، دە ، شیعری بۆ خوێندەوە ، کە ڕۆیشت ، ئەبوو تالیب پێی گووتم (کاکی خۆم ، وا بزانم ئەم گوڕە بەهرەی شیعر دانانی هەیە) ٠

ـ « مەبەستت ئەوەیە ، ڕات لە شیعرەکانی بوو » ـ «هەموو شیعرەکانی سادە بوون ، بەڵام هەشت دێڕیان تێدا بوو ، قەڵاتێکیان دەهێنا تازە لە شەڕگەدا گیرا بێ »*(٢) ٠

ئەمە ئاواو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مانی ئەوە دەدەمە زۆر لەو خوێنەرانە ، کە راست دەکەن بە ناوی شیعری نوێوە ، زۆر شیعری وا کەوتۆتە بەر دەستو بڵاوبۆتەوە وەك واتەنی « لە کلکەوە ئەسپی خەیاڵیان لغاو گردووە » ٠

راست دەکەن ، هەن لەو شیعرانەدا هیچی بە سەر هیچەوە نیە تەنیا سەرگەردانی و رەش کردنەوەی ڕێگاکانی خوێنەران نەبێ ، بە تایبەتی ئەوانەی هەر خۆیان لە هەنجەتن ، بڵێن شیعری نوێ هەر هیچ نیە ؟! کەمم وتوو و زۆرم نەووت ، بە کورتی هەموو شیعرێکیش گەواهی شاعیرو سەردەمی خودی شاعیرەو لە دادگای ئەدەبو ژیاندا دادپەروەر چۆنی بۆ بڕیار دەدا گرنگ ئەوەیە دادپەروەرانە باسی بکرێ و بخرێتە روو ٠

سەرچاوەکان :

*(١) من حصاد الفکر العالمی /سمیر شیخانی ـ الاپەرە (٦٨) ـ هۆراس ٠

*(٢) رەسول حەمزاتۆف /وەرگێڕانی ـ عەزیز گەردی ـ لاپەرە ٢٣٣ ٠

* چەند پەندێکی پێشینان ٠

دۆخی ئەمڕۆی ـ پاشماوە

سەرگەردانو وێڵی دەستی پاسدارانن هەزاران منداڵی بەرمەمك شیر بەسەر لێوبانەوە بەستوبەتی و ئەوگیانە پاکەیان بەزۆر لێ ستێنراوە ـ مەڵبەند نەماوە کە جەللادانی خومەینی پەتی قەنارەی تیا هەڵ نەخەن شەقام نەماوە کە بەخوێنی ڕۆڵەی ئێران تێراو نەکرابێ ، جا ستەم لەوەدایە کە پێشیان ئەڵێن کافر ، بەڵێ هەر ئەورۆڵانەی کە ڕژێمی شاهەنشایی یان هانی بەچۆکاو خومەینی پێی ئەوتن قارەمان و موجاهید ئیستە خۆی لەخوێنا ئەبان گەوزینێ و پێبان ئەڵێ کافر ، جاکاتێ کە ئازادی درا لە گەردەنی دیارە کەدادگەری و ئاسایش هەردو ئەبێ هەڵێنو لەوڵات دەرچن ، ئێران بەڕەوالەت سەرەك کۆمارو سەرك وەزیری هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەمومان گوێمان لێیە کە چۆن خومەینی ئەم لانەباو ئەودێنێ ئەوفەرماندەر دەرئەکاتو ئەو ئەفسەر دانانێ وەکەسیش نیە بتوانێ دەمی بکاتەوەو بڵێ مەلا تۆ چ کارەی ؛ ئەی ئیتر ئەم سەرکۆمارو سەرەك وەزیرانە چین ؟ ئیستاکە لە ئێرانا وەزارەتی سوپای پاسداران دانراوە وەخۆی بوەتە هێزێکی تەواوی چەکدار ، سوپای « بەسیج » واتە ڕەشبگیریش دامەزراوە کە زۆرەکی یە سوپای « جیهادی سازندەگی » واتە ، تێکۆشانی ئاوەدان کردنەوەش هەیە ، ئەمانە هەریەکەی تەلەیکن بۆ ڕاکێشانی ڕۆڵەکانی ئێران بۆ یەکتر کوشتنو یەکتر لەناوبردنو شەر هەڵگیرساندن ئەوەی کە لەم ناوەدا بوبێتە ژێردەستەو ژێرچەپوکە سوپای ڕاستەقینەی ئێرانە ئەو سوپایەی کە لە ڕابوردودا جێگەی شانازی ئێرانیەکان بو وەجیهان حیسابی بۆ ئەکردو ڕێزی لێ ئەگرت ، بەڵێ ئەمڕۆ ئەو سوپایە بەخۆیو ئەفسەرەکانیەوە بونەتە ژێر دەستەی سوپای پاسداران کە هەموی لە دامودەستەی مەلاکانو شەرفرۆشو زیندن کراوەکانی پیاوکوژو دزو جەردە پێکهاتوە ، ئەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەفسەری بەناوبانگو گەورەی سوپای پێشو تانە لەدار دراونو تانەش دەربەدەرن ، سەرکردەو پیاوە بەناوبانگەکانی هەموی پارتو دەستەکانی دژی ڕژێمی شاهەنشایی ش لە خاوەنی هەموو جۆرە بیرو باوەڕێك چ ڕاس چ چەپ چ ناوەندی چ نەتەوە خواز چ ڕوناك بیر هەموی ئەوانیش ، یا کوژراون یان دەربەدەرن یان توندی زیندان کراون پێش کەوتنی خوێنەواریی هەروەکو پیشەو کشتوکاڵ هەمویان بەجارێکا وشك ڕاوەستاون ، کەواتە ئەبێ بڵێین چونیەتی دۆخی ئیستەی ئێران جۆرێکە کە لەجیهانی ئەمڕۆی ئێمەدا وینەی هەرنەبوەو نیە وەئاواتە خوازین کە گەلی ئێرانیش زوو بەزوو لەدەستی ئەم بەڵایە ڕزگاربن وە ئەوەی بەسەری ئەوگەلە لێچارەیەدا هاتوە کەسێ تری پێوە دوچارنەبێ ، تا ئابروی ئیسلامیش لەمە زیاتر نەچێت .

گەلی ئیمڕۆی ئێران هەموو شتێکی لەدەس داوە بە تەمای ئەوەبو دەس کاتە گەردنی ئازادی و دادگەری وە لەسایەیانا بحەسێتەوەو پێش کەوێتو لە ئاسایشا بژێت .

بەڵام بەداخەوە ئەویشی لەدەس چو وەبەمیش نەگەیشت ، بەڵام ئەوگەلەی کەلکەلەی پێش کەوتنو سەربەرزی کەوتەسەری ، نە خومەینی وەنە پاسدارانی ناتوانن ببنە کۆسپی ڕێگایان ، لەئاکاما هەر گەلی ئێران ئەیباتەوە .

Institut kurde de Paris

بۆزانین

دەزگای گشتی کانزاکان ـ ڕێکخراوی گشتی کەرەسەی سەرەتایی خانووبەرە ـ داوا لەو شارەزایانە دەکات کە ئارەزوویان هەیە بە پێی ئەو مەرجانەی خوارەوە بەردی پێویست بۆ کارگەی بەردکاری هەولێر کە سەر بەم ڕێکخراوەیە هەڵبسوڕێنن و دەشبێ کە نرخەکەی گەیشتبێتە کارگەی بەردکاری هەولێرو هەروەها ڕێکخراوەکە ڕێگەی ئارەزوومەندەکان دەدات کە بەرد لە کانە بەردە کۆنەکان (صلاح الدین و میشیل و رایات و پێنجوین) یاخود لە هەر شوێنێك کە ئارەزوومەندەکان هەڵی دەبژێرن هەڵبکەنن بە مەرجێك وەك نموونەیەکی ئەو کانەبەردە نوێیانەی کە پێش بەڵێن وەرگرتنەکە ئارەزوومەندەکان هەڵی دەبژێرن بەردەکە تاوتوێ بکرێ و بزانن چۆنە .

ئەوەی کە ئارەزوومەندە دەبێ خواستەکانیان پێش ١٥ـ٢ـ١٩٨٣ پێشکەش بکەن .

مەرجەکان

١ ـ بارستەی بەردەکە بە مەودای ٥ر١ × ٨ر٠م بێ .

٢ ـ درزی سروشتی نابێ تێدابێ .

٣ ـ هەڵسورانی بەردەکە دەبێ لە کارگەکەبێ .

٤ ـ پێش ڕێکەوتنەکەو هەڵسوراندنی بەردەکە لە کارگەکە لەسەر چونیەتی و رەنگ و تاقی کردنەوەی (یەك بەرد) ڕێك دەکەون .

٥ ـ ماوەی ڕێکەوتنەکە شەش مانگەو دەتوانرێ تازەبکرێتەوە .

٦ ـ ڕێکخراوەکە ئامادەبەکە هەندێ شتی پێویست بە بەرد هەڵکەندن بدات بەوەی کە لەگەڵیا ڕێك کەوتووە .

٧ ـ هەموو بەردە رەنگاورەنگەکان لە مانگێکدا دەبێ بارستایان لە ١٥٠م٣ کەمتر نەبێ .

٨ ـ لە مەڵبەندی ڕێکخراوەکە لە بەغداد تا رۆژی شەممە ١٥ـ٢ـ١٩٨٣ خواستەکان پێشکەش دەکرێ .

٩ ـ ڕێکخراوەکە دەتوانی لەگەڵ لەیەکی زیاتر لەگەڵ قۆنتەراتچیەکاندا ڕێك بکەوێ .

ئێزگەی کوردی

تایبەت بە ئێزگەوە بەشداری‌ی کردووە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی هێزە پاڵەوانەکانمان لە جەنگی قادسیەی صدامدا لە درێژایی سنووری وڵاتە ئازیزەکەمان ، ئەویش بە ناردنی کارگێڕەکانی بۆ بەرەکانی جەنگ‌و سازدانی چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ جەنگاوەرەکان‌دا هەروەها تەرخان‌کردنی بەرنامەی تایبەتی بۆ گەلی کوردمان

چل‌وپێنج ساڵەی تەمەنی خۆی دەست پێ کرد

لە ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی بیست‌و نۆی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣دا ، ئێزگەی کوردی‌ی رادیۆی بەغدا ، چل‌و چوارەمین مۆمی تەمەنی خۆی کوژاندەوە و ، چل‌و پێنجەمین مۆمی تەمەنی خۆی داگیرساند ، بۆ ئەوەی پتر خزمەتی گوێگری کورد زمان بکات‌و ، ئاوات‌و ئارەزووەکانی بەدی بهێنێت ، ئێمەیش بەم بۆنەیەوە ، ڕوومان کردە ئێزگەی کوردی ، کە چووینە ژوورەوە دەنگی گۆرانی‌و دەهۆڵ‌و زورنا بەرگوێمان کەوت‌و تەماشامان کرد ، کارگێڕانی ئەم ئێزگەیە خەریکی ئاهەنگگێڕانن ، بۆیە ڕووی پرسیارمان کردە کاك شاکر مەنصور بەڕێوەبەری ئێزگەی کوردی ، کە سەبارەت بەدامەزراندنی ئێزگەی کوردی ووتی :

— ئێزگەی کوردی لە ساڵی ١٩٣٩دا وەك بەشێك لە ئێزگەی بەغدا دامەزراو ئەو کاتە ڕۆژی نیو سەعات پرۆگرامی خۆی بەڵاو دەکردەوە ، کە بەپێی ڕۆژگار پەرەی‌سەند تا ماوەی بڵاوکردنەوەی پرۆگرامەکانی گەیشتە سێ سەعات‌و نۆ سەعات لە ڕۆژێك‌دا ، لە کاتی بەربابوونی شۆڕشی پیرۆزی ١٧ – ٣٠ی تەمووزدا بەشی کوردی بوو بە ئێزگەیەکی سەربەخۆ وەك ئێزگەی بەغداو دەنگی جەماوەر ، ماوەی بڵاوکردنەوەی پرۆگرامەکانیشی گەیشتە بیست‌و یەك سەعات لە ڕۆژێك‌دا ، ئێستاش ئەم ئێزگەیە بریتی‌یە لە دە بەشی تایبەت بە کاروباری رامیاری‌و ڕۆشنبیری‌و لادێ‌و بەرەپێدان‌و پرۆگرامی جۆراوجۆرو نواندن هەروەها بەشێکی نوێ بۆ پرۆگرامی منداڵانیش کراوەتەوە .

● **دەوری ئێزگەی کوردی لە جەنگی قادسیەی صدامدا چی بووە ؟**

— هەر لە یەکەمین ڕۆژی جەنگەوە ئێزگەی کوردی بە شێوەیەکی کاریگەر لە دانانی دەوری پرۆگرامی سیاسی‌و ڕۆشنبیری‌و هەمە چەشنەو نواندن دانراوون .

ئەوەبوو ئێزگەی کوردی چووە نێو شوێنە تازەکەی خۆی لە موجەمەعی ئێزگەیی‌و تەلەفزیۆنی کە زۆر گەورەو مەزن ترە لەناو موجەمەعە ئێزگەیی‌و تەلەفزیۆنیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌دا ، لە لایەکی تریشەوە دەستەیەك لە ڕۆشنبیرە ناسراوەکانی

کورد لە مامۆستایانی زانکۆی بەغداو زانکۆی صەلاحەدین‌و چەندین نووسەری کورد بەشداری‌ی ئامادەکردن‌و پێشکەش‌کردنی چەندین بەرنامەی نوێیان کرد سەرەرای بانگ کردنی تیپی هونەری‌و نواندن‌و هاندانیان بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە پرۆگرامەکانی ئێزگەدا بە چەشنێك بەرەو پێشەوەیان ببەن لە ڕادەی ئاوات‌و خواستی گەلی کوردمان‌و شۆڕش‌دا بن شان بە شانی سەرکەوتنەکانی هێزە پاڵەوانەکانمان بەسەر دوژمنانی گەلەکەمان‌دا لە خومەینی ڕق لە سکەکان .

● **دیارترین چالاکی‌یەکانی ئێزگەی کوردی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا چین ؟**

— ئێزگەی کوردی چەندین پەیامنێری بە پارێزگاکانی سلێمانی‌و هەولێرو دهۆك‌دا بڵاوکردووەتەوە بۆ ناردنی هەواڵ‌و چالاکی‌یەکانی ئەو پارێزگایانەو ناردنی نامەی ڕۆژانەی ئێزگەیی‌و ئەو ڕووداوە نوێیانەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدەن لە بۆنە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەکان‌و چالاکی‌یەکانی هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان‌و ڕاپەڕاندن‌و ئەمینداریتی‌یەکانی‌یەکان .

● **ئێزگە چی‌ی بۆ پاشەڕۆژ نەخشەکێشاوە ؟**

— ئێزگە لە بنەڕەت‌دا پشت بە بیروڕای گوێگرەکان دەبەستێت ، لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان ، ئەوەبوو دەستی بە تاقیکردنەوەیەکی نوێ کرد ، ئەویش بە ئەنجام‌دانی ڕاوەرگرتنێك لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌دا ، ئەنجامەکانیش زۆرباش‌و هاندەر بوون سەبارەت بە وەرگرتنی ئێزگەکەمان بەراتبەر بە ئێزگەکانی تر ئەوەبوو ڕادەی ئەم ڕاوەرگرتنە لە سەدا هەشتا بوو .

مکرم رشید تالەبانی
وێنە : غازی طلوب

هەرجارە نوسینێك

– محمود زامدار –

لەگەڵ ئەوەش « ڕەخنە »ی ئەدەبیمان ، تاکو ئەمڕۆ ، تەنیا هەر هەوڵ‌وکۆششی تاکەکەسانەی پەرش‌وبڵاوەو زوو سەرهەڵئەدات‌و زووتر ئائەمرکێت‌و ئەبێ بەنیس‌و تارمایی .. بەڵام هەمیشەو بەردەوام هەر جێگەی شانازی‌و پیرۆزبایی لێ‌کردنە .. هەربۆیەشە بەردەوام ، چ لەنێو کۆڕوداتیشتنە جۆربەجۆرەکان‌و چ لە نێو ئەم ڕۆژنامەو ئەو گۆڤارەدا ، بێ‌وچان – سەرباری جۆشدانی زام‌و هەوپێکردنی پەتای نەخۆشیەکە – باس هەر بامی « ڕەخنە »یە ، هەرچەندەیش ئەو ڕەخنەیە ، گەلێ جار مۆرکی تانەو تەشەرو پلارو توانج‌تێ‌گرتن‌و بەسووك‌ڕوانین‌و بگرە (گالتە)و (جوێن)و (تاوانبار) کردنیش ئەگرێتەخۆی .. ! بەڵام باسکردنی – وەك دیاردەیەکی فیکری‌و شارستانی – هەرجێی خۆشبەختی‌و دڵنەوازی‌یە .. چی‌بکەین .. !! نەخوازەللا ئەو باس‌و بەراتانەی کە بەپاکی‌و دڵسۆزیەوە ، ڕوبەڕووی (ڕەخنە) ئەبنەوەو داوا لە (ڕەخنەگر) ئەکەن ، پتر بایەخ بەم کارە مەزنە بدات‌و نەخلیسکێتە نێو (ڕەخناندن)و (گەمەی چوارگۆشەیی)و سەرنج‌و بۆچوونی (ئاسان)و (بەگوێی مامۆستا)و لەسەرویانەوەش (بێ‌دەنگی) لێ‌کردن‌و خستنە پشتگوێی « بەرهەمی داهێنەرانە »ی ئەمر .. !!

بێگومان ، ئەم هەموو قسەوباس‌و سەرنجانەی ، کە لێرەولەوێ لەبارەی (ڕەخنە) وە سازئەدرێت ، لە ئەنجامی ئەو هەستە بەرزو پیرۆزەیە ، کە گشت لایەك (ئارەزووی) ڕەخنەیەکی داهێنەرانەی ، دوور لەهاشوهووش ئەکەن‌و گشت لایەکیش حەزیان لە موناقەشەی هێمنی فیکری‌و دیموکراتیانەیەو ئەڵهای ئەوەیشن (ڕەخنەگران) پتر پەرە بە (ئامرازە هونەرییەکان)ی خۆیان بدەن‌و واز لە (زاراوەی پفەڵ‌و زڵزل)و لە (ڕستەو دەستەواژەی (حازربەدەس)و (گێڕوگەواڕو لێل) بهێنن .. تا خوێنەر (جارس) نەبێت‌و ئەوەندەیش زام‌و کۆنەبرینان نەکولێنەوە ... ! چاوەنۆڕین‌و .. باکیشمان نیە ئەم ڕایە (دە) جاری تر دووبارە بکەینەوە .. !!

(حازربەوەس)و (گێڕوگەوارو لێل) بهێنن .. تا بکەیتەوە .. !!

گۆڕێك لەبارەی بڵاوکراوەی ئۆتۆنۆمی

لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی یەکی ١٩٨٣دا ، بە سەرپەرشتی‌ی بەڕێز عماد بارزانی بەڕێوەبەری گشتی‌ی دیوانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کۆڕێکی فراوان بۆ ڕۆژنامەنووسەکانی پارێزگای هەولێر ڕێکخرا .

دەربارەی چۆنیەتی کاروباری ڕاگەیاندن لە ناوچەی کوردستان‌داو مەسەلەی پەرەپێدانی بڵاوکراوەی ئۆتۆنۆمی کە ئەنجوومەنی یاسادانان دەری‌دەکات .

لەم کۆڕەدا بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی ووتی ئێمە ئامادەین کەجێ لە هەموو پێشنیارەکانتان بگرین بە نیازی پێشخستنی ئەم بڵاوکراوەیەو دەنگی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەن بە ناو گەلی کورددا ، ئەوەی شایانی باسە کۆڕەکە دود سەعاتی خایاند ، گەلێك پێشنیار خرایە ڕوو لە لایەن ڕۆژنامەنووسەکانەوە ئەمەد پەیامنێری هاوکاری دوای بەسەر کردنەوەی بۆی دەرکەوت کە هەموو پێشنیارەکان جێبەجێ کراون .

بێگومان ئەمەیش دەبێتە هۆی پێشخستنی بڵاوکراوەی ئۆتۆنۆمی لە پێناوی بەرزبوونەوەی ئاستی چالاکی‌یەکانی ئەنجوومەن .

نووسینگەی هەولێر

جیهانی ڕەنگاوڕەنگ

شاکیژی جوانی لە پاریسیشدا

لە سەرەتای مانگی ڕابوردووەوە پاریسیش شاکیژی جوانی‌ی خۆی هەیە . ئەم شاکیژە ناوی ئیزابێل توربۆ یەو تەمەنی ١٩ ساڵەو سوورفلی چاو ئاسمانی‌یە .. بڵێی ئیزابیل بێ بە شاکیژی فەرەنساو پاریس بیباتەوە .

بە یادی ڕۆژانی ڕابوردوو

کۆمەڵێ لە دانیشتوانی شاری سان‌فرانسیسکۆ لە ئەمەریکا بڕیاریان‌دا بە یادی باوباپیریان پشووی هەفتانەیان وەك ئەوان ڕابوێرن .. لە کاتی دیاری‌کراودا هەموو بە سواری عەرەبانە کەوتنە ڕێ بۆ مێرگ‌و مێرغوزارەکانی دەوروبەری شارو لەوێ چێشتیان لێناو بە بەزم‌وخۆشی ڕایان‌بواردو ڕۆژەکەیان بردەسەر .

سوپاسی لافاوەکە بکەن

لە خواروی فەرەنسادا ڕووباری شارانت لافاوی‌کردو شەقام‌و ڕێگاو بانی داپۆشیو جوولەی لە هەموو کارخانەو دەزگاکانا ڕاوەستاند . لەگەڵ ئەمەیشدا وێنەدۆستان ئەمەیان بە هەل زانی بۆ ئەوەی جۆرەما وێنەی ئەم لافاوە بگرن .. یەکێ لەم وێنانە ئەم وێنەیە کە کە دەیبینی چۆن دارو درەخت‌و خانووەکان لە ناوێنەی لافاوەکەدا دیارن . سەیر نیە لە کارەساتی نالەبار وێنەی وا جوان پەیدابێ ؟

جیهانی سینەما

ڕاکیل والش دایکی ١٩٨٣ یە

ئەکتەری جوان‌و ڕاکیل والش کە هەموو شەوێ بە شانۆنامەی « ئافرەتی ساڵ » جەماوەری بڕۆدەوەی سەرگەرمدەکاو بەم زوانەیش لەو کتێبەیەیدا کە دەری‌دەکا باسی هۆی سەرکەوتن‌و ژیانی ژن‌ومیردی‌و ئیش‌وکاری دەکا ، ئەم ئەکتەرە لەو پەڕی خۆشی‌و بەختیاری‌یا دەژی چونکە چاوەڕێی ئەوەیە لە مانگی ئابی داهاتوودا منالێکی تازەی ببێ ..

کاردینالی‌ی شاخەوان

هەرچەندە تەمەنی گەیشتوەتە چل‌ودوو ، هێشتا کلۆدیۆ کاردینالی هەر سرنجی سینەمای جیهان‌و دەرهێنەرە گەورەکان ڕادەکێشێ . لەدوای ئەو فلیمە ڕەمەترسی‌یەی کە لە چرستانەکانی ئامازۆنەدا تەواوی‌کرد دەستی‌کردوە بە فلیمەتازەکەی کە ناوی « ڕۆفیان »ەو لەو کەمتر ڕەمەترسی نیە .. ئەم فلیمەی لە شاخە بەرزەکانی کەنەدادا دەگیرێ کە سەرما لە ژێر پلەی پێنجی سفرەوەیە .

شیعر بۆ منداڵان

ڕۆڵەی شەهیدێك

سباوکم شەهید بوو لە ڕێی نیشتمان
خوێنی گەشی خۆی بۆکردە قوربان
تا گیانی مابوو هەر هاواری بوو
ناوی ئازادی وتەی سەر زاری بوو
ئێستا شەهید بوو من هاتمە جێگەی
پەیمانبێ پەیمان بەرنەدەم ڕێگەی
مەرج بێ پیشەی من هەر تێکۆشان بێ
بۆ ئازادی گەل چەکم لەشان بێ
یان وەکو باوکم خوێنم ئەڕێژم
یاخود ئازادی تاسەر ئەچێژم

★ وشیار ئەحمەد ★

خۆزێکی گەش

شەوێکی هاوین ، نیگارو دایکی لەسەربانەکەیان پاڵکەوتبوون .... نیگار دەیروانیە ئاسمان‌و ئەستێرەو مانگ ، دوایی لە دایکی پرسی : دایە .... ئەو ئەستێرانە بۆ دەلەرزن ؟

دایکی پێی ووت : کچم ئەوانە ، سەمادەکەن‌و گۆرانی دەڵێن !

نیگار ووتی : ئەی‌بۆ دەنگیان بە ئێمە ناگات ؟.

دایکی ووتی : چونکە زۆر لە ئێمەوە دوورن ..

نیگار ووتی : دایە ، حەزدەکەم گوێم لە ئاوازو گۆرانیەکانیان بێت‌و ، لەگەڵ ئەستێران سەما بکەم‌و گۆرانیش بڵێم ..

دایك : کچم ئەوە بە هۆی « خۆر »ەوە دەتوانی .

نیگار : چۆن ؟

دایك : بەبانی زووکە خۆرتیشکی هاویشت‌و .. گورج ئێمەش لە خەوڕابووین ، ئەوسا خۆرەکە گۆرانی‌و ئاوازەکانمان بۆ دەهێنێ‌و ئێمەش ئاهەنگی سەماوگۆرانی سازدەکەین ..

نیگار زۆر بە قسەکەی دایکی شادمان بوو .. بەڵام هەر سەیری ئاسمان‌و ئەستێرەکانی دەکرد ..

دواییش ووتی : دەمەوێ ئەستێرەکان بژمێرم !

دایکی : ناتوانیت .. کچم ئەستێرەی ئاسمان زۆرن‌و بە تۆ ناژمێردرێن ...

بەڵام ئەم دەستی‌کرد بە ژماردن ... نەیتوانی لە چەند ئەستێرەیەك زیاتر بژمێرێ ...

بۆیە پێڵووی چاوەکانی گرانبوو .. کەوتە خەوێکی قووڵ‌و شیرین .. سپێدە کە لە خەو هەستا .. سەیری ئاسمان‌و خۆرە گەشەکەی کرد ...

زیاتر شادبووە ، و بە هەڵپەڕین‌و گۆرانی چووە لای دایکی ووتی : بەیانی باش دایەگیان .. خۆرە گەشەکە وادێ ...

عەبدوڵلا سابیر ئەژی

هاوکاری
ڕۆژگاری ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی »
تەلەفون : ٨٨٧٥٧٩٥ پێنج خەت

Institut kurde de Paris

ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی وسه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جه‌لالی

ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
● له‌یادی دامه‌زراندی سوپای میللی‌دا ل : ٢ ٠
● گه‌لی کورد به‌رگری له‌عیراق ده‌کا ل : ٥ ٠
● ده‌ست له تفه‌نگ به‌رناده‌م ل : ٨ ٠

● پێنج شه‌مه ١٩٨٣/٢/١٠ ژماره ٦٧٤ ● ٨ لاپه‌ڕه به ٥٠ فلسه ● الخميس ١٩٨٣/٢/١٠ العدد ٦٧٤ ●

وه‌ك سه‌ره‌كی فه‌رمانده دووپاتی كرده‌وه:

هێرشه‌كه‌یان به‌مردووتی رووی دا



ئامۆژگاری‌ی ده‌سته‌لاتداران تاران ده‌كه‌ین گوێ بۆده‌نگی ئاشتی شل بكه‌ن

ئاژانسی ده‌نگۆباسی عیراق ئه‌م پرسیاره‌ی له‌ به‌ڕێز سه‌ره‌كی فه‌رمانده‌صدام حسین كردوه ٠

سه‌ره‌كی به‌ڕێز ، به‌ڕێزتان چی ده‌ڵێن ده‌رباره‌ی شه‌ڕی ئه‌م دواییه‌ی‌شیب ، به‌ڕێز له‌ وه‌ڵامدا ووتی :

[illegible] ئامۆژگاری حوكمڕاكانی تاران ده‌كه‌ین . وه به‌ڕێی به تەنگه‌وه هاتنمان له سه‌رنه‌وه‌ی خوێنی زیاتر نه‌ڕژێ ، ده‌ڵێین ، ئامۆژگاری حوكمڕاكانی تاران ده‌كه‌ین په‌ند له‌و تاقی كردنه‌وه تاله وه‌ربگرن له ناوچه‌ی شیب چه‌شتیان‌و گوێ رایه‌ڵی سوودی گه‌له‌كانیان‌و ده‌نگی ئاشتی بن‌و نه‌چنه ناو شه‌یتان له‌سه‌ر ئه‌و زنجیره كاره عه‌سكه‌ریه به‌رده‌وام بن كه به‌ر له هێرشه‌كه‌ی ئه‌م دواییه‌یان ، پێیان‌گه‌یاندن ، چونكه مردن چاوه‌ڕێی ئه‌و هێزانه‌یانه كه له سه‌ر ڕێی خۆ فراوان‌كردن‌و ده‌ستدرێژی هانیان ده‌ده‌ن‌و چاره‌نووسیان پشت به خوا پێ ئێش ده‌بێ ٠٠٠ هه‌روه‌ك ده‌گه‌یه‌نێت ، لاشه‌ی كوژراوه ـ كانیان شه‌ربوه‌و رووی ئه‌رزی گرتوه به‌بێ ئه‌وه بتوانن بستێ له خاكی عیراق داگیر بكه‌ن ، ئه‌گه‌ر جارێكی تر ڕێگای خۆ فراوانكردن‌و ده‌ستدرێژیان هه‌ڵبژارد ، با بزانن ڕێگای مردن‌و سه‌رشۆڕی هه‌ڵده‌بژێرن‌و ئه‌وه‌ی پێشه‌كی وریای‌دا ناگری عیراقیه‌كان رووبه‌ڕووی‌انه‌و ده‌یان سوتێنێ‌و ڕۆژی قیامه‌ت پشت به خوا ناگری دۆزه‌خ ده‌یان سوتێنێ ٠٠٠ ڕۆژی ناگیرێ ٠

چی به‌سه‌ر هێزه‌كانیان هات كه پاڵیان‌پێوه‌نان بۆ ده‌ستدرێژی شه‌وی ٦ ـ ٧ی شوبات ، دیسان ئامۆژگاریان ده‌كه‌ین ده‌ڵێینه‌وه با جارێكی‌تر قسه‌كانمان بخوێننه‌وه كه ڕۆژی ٦ ی شوبات بۆ ئاژانسی ده‌نگۆباسی عیراقمان كردو راستی وه‌ك هه‌یه بیزانن ٠

كێیان چاوكراوه‌یه ئامۆژگاری ده‌كه‌ین سه‌یری فلیمه‌كانی ئه‌م شه‌ڕه ببینێ تا بزانێ وێنه‌كه چه‌نده ڕێ ئێشه ، ئه‌وه‌ی كه به‌بێ خۆمه‌لكێشان راستیه‌كی تاڵ

ئاژانسی ده‌نگۆباسی عیراق ئه‌م پرسیاره‌ی له‌ به‌ڕێز سه‌ره‌كی فه‌رمانده‌صدام حسین كردوه ٠

سه‌ره‌كی به‌ڕێز ، به‌ڕێزتان چی ده‌ڵێن ده‌رباره‌ی شه‌ڕی ئه‌م دواییه‌ی‌شیب ، به‌ڕێز له‌ وه‌ڵامدا ووتی :

[illegible] ئامۆژگاری حوكمڕاكانی تاران ده‌كه‌ین . وه به‌ڕێی به تەنگه‌وه هاتنمان له سه‌رنه‌وه‌ی خوێنی زیاتر نه‌ڕژێ ، ده‌ڵێین ، ئامۆژگاری حوكمڕاكانی تاران ده‌كه‌ین په‌ند له‌و تاقی كردنه‌وه تاله وه‌ربگرن له ناوچه‌ی شیب چه‌شتیان‌و گوێ رایه‌ڵی سوودی گه‌له‌كانیان‌و ده‌نگی ئاشتی بن‌و نه‌چنه ناو شه‌یتان له‌سه‌ر ئه‌و زنجیره كاره عه‌سكه‌ریه به‌رده‌وام بن كه به‌ر له هێرشه‌كه‌ی ئه‌م دواییه‌یان ، پێیان‌گه‌یاندن ، چونكه مردن چاوه‌ڕێی ئه‌و هێزانه‌یانه كه له سه‌ر ڕێی خۆ فراوان‌كردن‌و ده‌ستدرێژی هانیان ده‌ده‌ن‌و چاره‌نووسیان پشت به خوا پێ ئێش ده‌بێ ٠٠٠ هه‌روه‌ك ده‌گه‌یه‌نێت ، لاشه‌ی كوژراوه ـ كانیان شه‌ربوه‌و رووی ئه‌رزی گرتوه به‌بێ ئه‌وه بتوانن بستێ له خاكی عیراق داگیر بكه‌ن ، ئه‌گه‌ر جارێكی تر ڕێگای خۆ فراوانكردن‌و ده‌ستدرێژیان هه‌ڵبژارد ، با بزانن ڕێگای مردن‌و سه‌رشۆڕی هه‌ڵده‌بژێرن‌و ئه‌وه‌ی پێشه‌كی وریای‌دا ناگری عیراقیه‌كان رووبه‌ڕووی‌انه‌و ده‌یان سوتێنێ‌و ڕۆژی قیامه‌ت پشت به خوا ناگری دۆزه‌خ ده‌یان سوتێنێ ٠٠٠ ڕۆژی ناگیرێ ٠

چی به‌سه‌ر هێزه‌كانیان هات كه پاڵیان‌پێوه‌نان بۆ ده‌ستدرێژی شه‌وی ٦ ـ ٧ی شوبات ، دیسان ئامۆژگاریان ده‌كه‌ین ده‌ڵێینه‌وه با جارێكی‌تر قسه‌كانمان بخوێننه‌وه كه ڕۆژی ٦ ی شوبات بۆ ئاژانسی ده‌نگۆباسی عیراقمان كردو راستی وه‌ك هه‌یه بیزانن ٠

كێیان چاوكراوه‌یه ئامۆژگاری ده‌كه‌ین سه‌یری فلیمه‌كانی ئه‌م شه‌ڕه ببینێ تا بزانێ وێنه‌كه چه‌نده ڕێ ئێشه ، ئه‌وه‌ی كه به‌بێ خۆمه‌لكێشان راستیه‌كی تاڵ

بایه‌خێكی راگه‌یاندنی فراوان به دوانه‌كه‌ی سه‌ره‌كی فه‌رمانده ده‌رباره‌ی شه‌ڕه‌كانی شیب

پایته‌خته‌كان ـ ٨ـ ئاد ـ ئه‌و قسانه‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌كی فه‌رمانده صدام حسین گه‌تایه‌تی بۆ ئاژانسی ده‌نگۆباسی عیراقی كرد سه‌باره‌ت به‌شه‌ڕه‌كانی ئه‌م دوای شیب ئه‌مڕو له لایه‌ن هه‌موو جۆره دەزگایه‌كی راگه‌یاندنی عه‌ره‌ب‌و جیهانه‌وه بایه‌خی پێ درا ٠

ئاژانسی ده‌نگۆباس‌و ئێزگه‌و ته‌له‌فیزیۆنه‌كان وشیاركردنه‌وه‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌كی فه‌رمانده صدام حسین‌یان به گه‌وره‌یی ده‌رخستوه كه هه‌موو هێرشێكی نوێ بۆ سه‌ر عیراق ئه‌نجامه‌كه‌ی چی‌ده‌بێ‌و كه چۆن به‌ڕێزی دووپاتی ئه‌وه‌ی كرده‌وه كه هێزه‌كانی عیراق به‌ره‌نگاری ده‌وه‌ستێ‌و به‌جۆرێ ته‌مێ‌ی ده‌گات كه گه‌ڵێ له جاران توندتر‌و به‌هێزتر‌بێ تاوه‌كو كاربه‌ده‌ستانی تاران بێنه‌وه هۆش خۆیان‌و واز له ده‌ستدرێژیان بۆ سه‌ر خاكی عیراق ده‌هێنن ٠

هه‌روه‌ها ئاژانسی ده‌نگۆباسه‌كان قسه‌كانی به‌ڕێزیان به گه‌وره‌یی نیشانداوه كه ده‌ڵێ‌ی چاره‌نووسی هێزه‌كانی ئێران كه پاڵپێوه‌نراون بۆ به‌رفراوانی‌و ده‌ستدرێژی هه‌روه‌كو دوێنی له شیب چییان به‌سه‌رداهات هه‌روا له ناوده‌چن ٠

ده‌زگاكانی راگه‌یاندنیش په‌نجه‌یان بۆ ئامۆژگاری‌یه‌كه‌ی به‌ڕێز سه‌ره‌كی فه‌رمانده صدام حسین راكێشاوه كه به‌و تاقی‌كردنه‌وه‌یه‌ی له ناوچه‌ی شیبدا كردیان ده‌ست‌هه‌ڵگرن‌و گوێ بده‌نه قازانجی گه‌له‌كانیان‌و ده‌نگی ئاشتی‌و شوێن ئاره‌زووی‌ـ پیسی‌خۆیان‌و ده‌نگی ئه‌هریمه‌ن‌و ئه‌و زنجیره كاره سووپای‌یه ئه‌كه‌ون كه پێش ئه‌م هێرشه‌ی دواییه

پروانه ل : ٧

سه‌ربازه‌كانی عیراق به‌یمانیان بۆ سه‌ركرده‌ی گه‌ل به‌جێ‌ئه‌هێنا

كه له‌شه‌وی ٦ـ٧ی ئه‌م‌مانگه ، هێزه داخ له‌دله‌كانی ڕژێمی خومه‌ینی جادووگه‌ر ویستی جارێكی‌كه به‌ختی‌ره‌شی تاقی بكاته‌وه ، سه‌ری‌دای به‌دیواری پۆلاینی هێزه مه‌رده‌كانی عیراق‌و سنووری‌عیراق جارێكی تر بووبه دۆزه‌خی خه‌ونه ناپه‌سه‌نده‌كانی خومه‌ینی‌و ناقمه چه‌په‌ڵه‌كه‌ی به هه‌زاران‌هه‌زار كوژراو له مه‌یدانه‌كانی جه‌نگداكه‌وتن‌و ئه‌وه‌ی مایه‌وه سه‌رشۆڕ هه‌ڵهاتن‌و به‌سه‌دان پاسه‌وانیان لی به‌دیل گیراو چه‌كو كه‌ره‌سته‌یه‌كی زۆرریان كه بۆ به‌كارهێنان ده‌شین ده‌ستی به‌سه‌رداگیرا ٠

هه‌روه‌ك سه‌ره‌كی فه‌رمانده صدام حسین له دوانه‌كه‌یدا بۆ ئاژانسی ده‌نگۆباسی عیراق دووپاتی كرده‌وه ، هێرشه‌كه‌یان به‌مردووی كردو له‌دۆزه‌خی سنووری عیراقدا سووتان‌و پشت به‌خوا له‌دۆزه‌خی ئه‌و دنیاشدا ده‌سوتێن ٠

له‌و دوو په‌لامارەی هێزه‌كانی ڕژێمی ئێران كردیانه سه‌ر ناوچه‌ی شیب، چه‌نگاوه‌رانی عیراقی مه‌رد به‌ره‌چێكی وای دانه‌وه كردنیه په‌ندی زه‌مانه ٠

له‌دوا به‌یاننامه‌ی سه‌ركردایه‌تی گشتی هێزه چه‌كداره‌كاندا هاتووه كه فرۆكه ئازاكانی هێزی ئاسمانیمان دەستێكی باڵایان هه‌بوو له تێكشكاندنی هێزه‌كانی دوژمنداو شكاندنی په‌لاماره‌كه‌یان له به‌یاننامه‌ی ژماره (٩٩٢)دا هاتووه كه ئه‌و ڕۆژه ١٦٧ هه‌ڵمه‌تی سه‌ركه‌وتوویان بردۆته سه‌ر هێزه‌كانی دوژمن‌و ئاگریان له‌سه‌رو ماڵی به‌رداوه‌و هه‌مووشیان به‌سه‌لامه‌تی گه‌راونه‌ته‌وه بنكه‌كانی خۆیان‌و سوپاس بۆ خوای مه‌زن ٠

ده‌زگا راگه‌یاندنه‌كانی دنیا هه‌واڵه‌كانی تێكشكانی ده‌ستدرێژیه‌كه‌ی ئێران راده‌گه‌یه‌نن

دەزگای راگه‌یاندنی عه‌ره‌ب‌و جیهان بایه‌خێكی گه‌وره‌یان به پایشاندنه‌وه‌ی ده‌ستدرێژی نوێ‌ی ڕژێمی ئێران بۆ سه‌ر عیراق داوه ٠

ئاژانسی ده‌نگۆباسه‌كانی عه‌ره‌ب‌و جیهان به‌یاننامه‌كانی سه‌ركردایه‌تی گشتی هێزه‌چه‌كداره‌كان هی ڕۆژی ٢/٧/ ١٩٨٣ یان بڵاوكرده‌وه كه‌سه‌باره‌ت به‌و زیانه گه‌وره‌یه دەرچوون كه له ڕژێمی ئێرانی دوژمن كه‌وتووه ٠

هه‌روه‌ها ئێزگه‌و ته‌له‌فیزیۆنی زۆری پایته‌خته‌كان بڕگه‌ی به‌یاننامه‌كانیان بڵاوكردۆته‌وه‌و هه‌ندێ ئێزگه‌و ته‌له‌فیزیۆنیش به‌شێكی ئه‌و وێنه زینده‌وه‌ی پاڵه‌وانێتی‌یه‌كانی هێزه چه‌كداره ئازاكانیان بڵاوكردووینه‌ته‌وه كه چۆن ده‌ستی خۆی له ده‌ستدرێژی ڕژێمی ئێران ده‌وه‌شێنێ‌و چۆن لاشه‌ی كوژراوی ئێرانی‌یه‌كان‌و دیله‌كان ئه‌وانه‌ی كه كشێنرانه‌وه پشت مه‌یدانی شه‌ڕو ده‌یان ده‌بابه‌و باربه‌رو كه‌ره‌سه‌ی پیشان داوه كه هێزه ئازاكانمان تێكیان شكاندوون٠

په‌یامنێره‌كانی (الثوره) ئاژانسه‌كان قسه‌ی ڕۆژنامه‌كانیان له زۆر پایته‌خته‌كان بڵاوكردۆته‌وه كه سه‌باره‌ت به پلیشاندنه‌وه‌ی هێزه‌كانی ئێرانی دوژمن به‌ده‌ستی سووپای مه‌زنمان له ناوچه‌ی شیبی كه‌رتی میسان دروان ٠

سووپای میللیمان سووپای به‌رگری كردنه له سه‌ربه‌خۆیی عیراقمان

مصلح جه‌لالی

هه‌موو شۆڕشێك یاخود ڕژێمێك هه‌رچه‌نده میلله‌ته‌كه‌ی له‌گه‌ڵدابێ‌و بیه‌وێ خزمه‌تی نیشتمانو نه‌ته‌وه‌كه‌ی بكات ئه‌گه‌ر نه‌یه‌ت یاخود نه‌توانێ ئه‌م وزه گه‌وره‌یه بۆ پێشخستن‌و گه‌شه‌سه‌ندنی میلله‌ت‌و وڵاته‌كه‌ی بخانه كاروو بنچینه‌ی ڕژێمه‌كه‌ی دژی ئیمپریالیزم‌و ده‌ستدرێژی دوژمنان پێ‌بنه‌و بكات ٠٠ هه‌رچه‌نده ئه‌و ڕژێمه پێشكه‌وتوو نازادیخواز‌بێ سه‌رگه‌وتوونیه‌و هه‌ر ئه‌مه‌ش بووه هۆی سه‌رنه‌كه‌وتنی گه‌ڵ ده‌وڵه‌تی پێشكه‌وتنخواز ٠

زۆر له‌و ڕژێمانه له‌وه ده‌ترسان كه ئه‌گه‌ر بێت میلله‌ته‌كه‌یان چه‌كدار بكه‌ن مه‌ترسی دێته كایه‌و ئه‌مه‌ش وا‌ته خۆ دووركه‌وتنه‌وه‌یه له جه‌ماوه‌رو نه‌توانینی ئه‌وه‌یه كه ئه‌و ڕژێمه ئه‌م وزه‌مه‌زنه‌ی به‌كارنه‌هێنا چ له رووی به‌رگری كردن له وڵاتو چ له رووی بنیاتنان‌و پێشخستنی وڵاته‌وه ٠ به‌ڵام كاتێ كه شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی ته‌موزی مه‌زن سه‌ركه‌وت له‌سه‌ر ئه‌م تاقی‌كردنه‌وانه‌ی جیهان‌و ناوخۆو له‌سه‌ر بنه‌ره‌تی ئه‌وه‌ی كه میللەت گه‌وره‌ترین وزه‌یه‌كه شۆڕش پشتی بۆ په‌ره‌سه‌ندنی وڵات‌و پارێزگاری سه‌ربه‌ستی‌و به‌ختیاری پێ‌ده‌به‌ستێ‌و به‌و بیرو باوه‌ڕه‌وه كه خۆ دووركه‌وتنه‌وه له‌م وزه گه‌وره‌یه‌و سڵ‌كردن لێ‌ی كارێكی راست نیه كه‌وته مه‌شق دانانی دلسۆزانی گه‌ل له‌سه‌ر چه‌ك ٠٠ ئه‌م هه‌نگاوه پیرۆزه‌ش سالی ١٩٧٠ شێوه ئه‌واوه‌كه‌ی خۆی وه‌رگرت‌و ئه‌وه‌بوو كه سه‌ركردایه‌تی‌یه‌كی سووپای میللی دامه‌زرا ٠

ئه‌م گیانه به‌رزه وا‌ته سووپای میللی وای لێهات له ماوه‌یه‌كی كه‌مدا بتوانێ له هه‌موو شاره‌كانی عیراقدا مه‌لبه‌ندی مه‌شق كردن بكاته‌وه‌و ڕۆڵه‌ی میلله‌ته‌كه‌شمان به پیر ئه‌م هه‌نگاوه پیرۆزه‌وه به گه‌رمه‌وه هاتن ٠

به‌ڵێ به بیروباوه‌ڕی سه‌ركردایه‌تی شۆڕش كه هێزی سووپای میللی نه‌ك هه‌ر ته‌نیا وه‌ك هێزه ته‌قلیدی‌یه‌كانی تری جیهانی وه‌ك میلیشیاو به‌رگری میللی‌و پاسه‌وانی نیشتمانی بێت‌و به‌رگری ته‌نیا له ناوخۆی وڵات بكات بگره‌ببێته پشتێكی گه‌وره‌و به‌هێز بۆ هێزه چه‌كداره‌كانمان‌و ده‌بێ ئه‌م سووپای میللی‌یه‌ش به ڕۆشنبیری نوێ‌و به چه‌كی نوێ سازبكرێ‌و پته‌و بكرێ ٠

له‌م بیروباوه‌ڕه‌وه سه‌ركردایه‌تی شۆڕش بایه‌خێكی گه‌وره‌ی به‌هێزی سووپای میللی‌داو توانی كه بیكاته ئه‌و هێزه مه‌زنه‌ی كه میلله‌تی عیراقمان‌و وڵاته‌كه‌مان كه عیراقی خۆشه‌ویستمانه كه‌لكی لێ‌وه‌ربگرن‌و ئه‌ویش به‌و شه‌ره‌دا ده‌ركه‌وت كه ڕژێمی ره‌ڤه‌ز په‌رستی ئێران به سه‌ریاندا سه‌پانین ٠

پروانه ل : ٧

ئاژانسی ڕۆژنامه نووسی‌فه‌ره‌نسا :

بێده‌نگی ته‌واو له‌ئێران

تاران ـ٨ـ أ‌ف‌ب ـ تانیستاش كاربه‌ده‌ستانی سووپای ئێران سه‌باره‌ت به‌هێرشه سه‌رنه‌كه‌وتووه‌كه‌یان بێده‌نگن كه له كه‌رتی میساندا بردیانه سه‌ر هێزه‌كانی عیراق ٠

ئاژانسی ڕۆژنامه‌كانی‌فه‌ره‌نسا ئه‌وه‌شیان وت كه دوا به‌یاننامه‌یان ڕۆژی‌دووشه‌مه بڵاوكردۆته‌وه‌و له‌و ده‌مه‌وه‌رادیۆی تاران باسی هێرشه‌كه‌ی نه‌كرده‌وه ٠

ئاژانسه‌كه وتوویه ٠ ته‌نانه‌ت ئه‌و به‌یاننامه‌یه‌ی كه تاران ده‌ری‌كرد ته‌نیا باسی‌هێرشێ نه‌بێ كه شه‌وی یه‌ك شه‌مه كراوه بۆ سه‌رهێزه‌كانی عیراق له كه‌رتی میساندا باسی هیچی‌نه‌كرده‌وه ٠

Institut kurde de Paris

هاوڕێ طه یاسین ڕەمەزان فەرماندەی گشتی سوپای میللی :

عیراق سوورە لەسەر ئەوەی بەوپەڕی بە هێزی یەوە لە جەنگ دەردە چێت

هاوڕێ طه یاسین ڕەمەزان ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرکردەی گشتی سووپای میللی ووتی شەر لەگەڵ داروودەستەی خومەینی داخ لە دل هەڵێکی باش بوو بۆ تاقی کردنەوەی توانای جەنگاوەرانی سووپای میللی و بۆ پێشخستنی بەو مەبەستە کە ئەمە تاقی کردنەوەیەکی میللییە کە تاقی کردنەوەی نارەحەتی سەرکەوتوانە بڕی.

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بە بۆنەی سیازدە سال تێپەڕبوون بەسەر دامەزراندنی سووپای میللیدا کە پەیامنێرەکانی ئاژانسی دەنگ و باسەکانی جیهان و ڕۆژنامە عەرەبی و عیراقییەکان تیا ئامادەبوون پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ژمارەی ئەو جەنگاوەرانەی ئیستاکە مەشقی تەواوی سووپایی دەکەن نیو ملیۆن جەنگاوەرە و هیواش وایە کە ژمارەی جەنگاوەرانی تازەشی بکاتە سێ هەزار جەنگاوەر و (١٤) هەزار جەنگاوەری عەرەب و (٢٨٠٠) جەنگاوەری سودانی و مصری تەبێ هیچ جەنگاوەری بێگانەیان تێدا نیە و ئەم تاقی کردنەوەیەی سووپای میللیش بەوەی کە بەخشێتکی شۆڕشی ١٧-٣٠ی پیرۆزە لەگەڵ ڕووەوە لە مبەلیشیاکانی جیهان جیاوازە بێجگە لەوەش لێهاتوویی خۆی بۆ بەرگری کردن لە نیشتمان لە دەرەوەی سنووری وڵات دەرخست. ئێمەش هەمیشە پشتمان بەو نەخشانە دەبەست کە دەبوو نە هۆی وەدیهێنانی ئەو پێشکەوتنە مەبەستەی کە دەبێ لە ریزەکانی سووپای میللیدا هەبێ و ئەمەش لە ڕێی ئەوە

کۆنگرەیەوە کە ساڵانە بۆ سەرکردەی ناوچەکان و بەیارمەتی کادری سووپایی و هونەری سەرکردایەتی گشتی سووپای میللی دەگیراو دەگەیشتنە دانانی نەخشەی پێویست. بەرنامەی ئەم ساڵیش بۆ وەرگرتنی سەد هەزار جەنگاوەری نوێ بۆ ناو پێکهاتووە سووپایی یەکانی میللی ئامادەکراوە ئەمە لەگەڵ بایەخدان بە فرماندەی دەستەکە تا دەگاتە فرماندەی کەرت و سەرکردایەتی یەکانی تر لە ڕێی خولی تایبەتی یەوە کە هەر بریتی نیە لە چەك بگرە کاروباری بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیش دەگرێتەوە کە بە چاکی ئامادە بکرێن.

هەروەها وتی ئەمساڵ خوێندنگەو کۆلیجەکانی سووپای میللی خولی تایبەتی بۆ کادرەکانی سووپای میللی تێدا دەکرێنەوە بۆ ئەوەی بە پێی نەخشەی ئەمساڵ کە لە ساڵەکانی تر بە جیاوازتر دادەنرێ بە چاکی ئامادە بکرێن و ئومێدیش هەیە کە ساڵی ١٩٨٥ ژمارەی جەنگاوەران کە مەشقی سووپایی کرابن بگاتە سێ چارەکی ملیۆنێك.

دیسان ئەوەشی وت کە تاقی کردنەوەی سووپای میللی بەستراوە بە تایبەتێتی شۆڕشەکەمانەوە و بەجۆرێك سەرکەوتویی خۆی دەرخست کە جێگای شانازییەو ئەو هەڵەشی کە لە سەرەتای جەنگەکەماندا دژی داروودەستەی خومەینی تەڵەکەباز بۆی ڕێکەوت بوارێکی فراوانی بۆ دروست کردو ئەو دۆخەی بۆ میللەتەکەمان ڕەخساند کە توانای خۆی نەك هەر لە بڵاوی وڵاتدا بگرە لە پلەی عەرەبیشدا دەرخات کە ڕابووەستێ بەرامبەر بە هەموو دەستدرێژیەك کە بە ئاگاداری هەندێ ناپاکی کاربەدەستانی عەرەب بکرێ لەوانەی کە باوەڕیان بە میللەت نیەو گومانی لێدەکەن. بێجگە لەمانەش لە عیراقدا دوای لێکۆڵینەوە ڕێگەی نافرەتیش فراوان بوو بۆ بەشداری کردنی سووپای میللی و بەرنامەی مەشق کردن بەچەك بەپێی بنەڕەتی و مەبەستەکان دانراو وای لێهات ژمارەی نافرەتانی جەنگاوەر دوای جەنگ بەرپابوون زۆرتر بوو لەوەی کە لە پێش بەرپابوونی جەنگدا هەبوو.

پەنجەشی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو عەرەبانەی بەشداری جەنگی قادسیەی صدامیان کردووە بریتی یە لەو مەودانە تەوەی یەی کە شەڕەکە هەیەتی و وەڵامدانەوەیەکی تەواوی کاردبەدەستانی ناپاکانی عەرەب و ئەو سیاسەتە گومان لێکراوەیانە کە هەیانە بەتایبەتی هەڵوێستی ناپاکانەی هەردوو ڕژێمی خۆفرۆشی ئەسەدو قەزافی کە ئاشکرایان کرد لایەنی شۆڕشەکەمانەوە و بەجۆرێك سەرکەوتویی خۆی دەرخست کە جێگای شانازییەو ئەو هەڵەشی کە لە سەرەتای جەنگەکەماندا دژی داروودەستەی خومەینی تەڵەکەباز بۆی ڕێکەوت بوارێکی فراوانی بۆ دروست کردو ئەو دۆخەی بۆ میللەتەکەمان ڕەخساند کە توانای خۆی نەك هەر لە بڵاوی وڵاتدا بگرە لە پلەی عەرەبیشدا دەرخات کە ڕابووەستێ بەرامبەر بە هەموو دەستدرێژیەك کە بە ئاگاداری هەندێ ناپاکی کاربەدەستانی عەرەب بکرێ لەوانەی کە باوەڕیان بە میللەت نیەو گومانی لێدەکەن. بێجگە لەمانەش لە عیراقدا دوای لێکۆڵینەوە ڕێگەی نافرەتیش فراوان بوو بۆ بەشداری کردنی سووپای میللی و بەرنامەی مەشق کردن بەچەك بەپێی بنەڕەتی و مەبەستەکان دانراو وای لێهات ژمارەی نافرەتانی جەنگاوەر دوای جەنگ بەرپابوون زۆرتر بوو لەوەی کە لە پێش بەرپابوونی جەنگدا هەبوو.

پەنجەشی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە ئەو عەرەبانەی بەشداری جەنگی قادسیەی صدامیان کردووە بریتی یە لەو مەودانە تەوەی یەی کە شەڕەکە هەیەتی و وەڵامدانەوەیەکی تەواوی کاردبەدەستانی ناپاکانی عەرەب و ئەو سیاسەتە گومان لێکراوەیانە کە هەیانە بەتایبەتی هەڵوێستی ناپاکانەی هەردوو ڕژێمی خۆفرۆشی ئەسەدو قەزافی کە ئاشکرایان کرد لایەنی بەرگری کردنی لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ی مەزنی تەموز شۆڕشی میللەت و هەموو جەنگاوەران کردووە و هەزاران قوتابیشی مەشق کردن لە پێکهاتووەکانی سووپای میللیدا لە هەموو لایەکی وڵاتدا گرتوونیەتیەوە بۆ ئەوەی توانایان بخرێتە سەر ئەفەو وزە چاکانەی لەو پێکهاتوانەدا هەن و سەبارەت بەو پێشنیازانەش کە لەمە کۆنگرەی بالای وڵاتانی بڵاوەیان لە هیندستان دەربارەی شەری عیراق و ئێران پێشکەش دەکرێ وتی :

هەڵوێستی عیراق بەرامبەر بە کۆتایی هاتنی جەنگ زانراوەو ڕێی لە هیچ لایەنێك بۆ ڕاوەستاندنی شەر نەگرتووەو ڕوونی کردۆتەوە ئەگەر کۆنگرەی بالای وڵاتانی بڵاوەیان ئەگەر لەو شتانە دوا کە پەیوەندی بە شەڕەکەوە هەیە ئەوا عیراق وەك لەوەپێشی لەگەڵ ئەو بریارانەدا دەگونجێ کە خزمەتی ئاشتی دەکەن.

دەربارەی کاروانی بەرەسەندن لە ماوەی خایاندنی جەنگدا تا ئیستە وتی بزوتنەوەی پەرەسەندن لە نەخشەکانیدا لە هەموو قۆناغەکاندا بەرزبۆتەوەو ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ڕژێمی خۆفرۆشی سووریا کە نەیهێشت نەوتی عیراق بە خاکەکەیدا بڕوات بێجگە لەوەی کە لایەنی ڕژێمی داخ لە دڵی ئێرانی گرت مەبەستیشی بەرگری کردنی لە دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧-٣٠ی مەزنی تەموز شۆڕشی میللەت و هەموو جەنگاوەران کردووەو هەزاران قوتابیشی مەشق کردن لە پێکهاتووەکانی سووپای میللیدا لە هەموو لایەکی وڵاتدا گرتوونیەتیەوە بۆ ئەوەی توانایان بخرێتە سەر ئەفەو وزە چاکانەی لەو پێکهاتوانەدا هەن و سەبارەت بەو پێشنیازانەش کە لەمە کۆنگرەی بالای وڵاتانی بڵاوەیان لە هیندستان دەربارەی شەری عیراق و ئێران پێشکەش دەکرێ وتی :

هەڵوێستی عیراق بەرامبەر بە کۆتایی هاتنی جەنگ زانراوەو ڕێی لە هیچ لایەنێك بۆ ڕاوەستاندنی شەر نەگرتووەو ڕوونی کردۆتەوە ئەگەر کۆنگرەی بالای وڵاتانی بڵاوەیان ئەگەر لەو شتانە دوا کە پەیوەندی بە شەڕەکەوە هەیە ئەوا عیراق وەك لەوەپێشی لەگەڵ ئەو بریارانەدا دەگونجێ کە خزمەتی ئاشتی دەکەن.

دەربارەی کاروانی بەرەسەندن لە ماوەی خایاندنی جەنگدا تا ئیستە وتی بزوتنەوەی پەرەسەندن لە نەخشەکانیدا لە هەموو قۆناغەکاندا بەرزبۆتەوەو ئەوەشی ڕوون کردەوە کە ڕژێمی خۆفرۆشی سووریا کە نەیهێشت نەوتی عیراق بە خاکەکەیدا بڕوات بێجگە لەوەی کە لایەنی ڕژێمی داخ لە دڵی ئێرانی گرت مەبەستیشی دروست کردنی دۆخێکی نارەحەتی ئابووری بو لە وڵاتەماندا و . . تاقی کردنەوەیەکی بەنرخ بوو کە لە جەنگەکەدا دەستمان کەوتو پێش هەموو شتێکیش ئەم گەشەسەندنە بۆ پێویستی جەنگە چونکە پەرەپێدانی پێویستی جەنگ

واتای دڵنیابوون و واتای بای باڵدان و بەردەوام بوونی کاروانی گەشەسەندنەو ئێمە چاوەڕوانی ئەوەین سەرکەوتوانە بین لە جەنگەکەدا ئەویش بە پێکەیاندنی مرۆڤی هونەرمەندو توانادار دا کە بتوانێ دەوری خۆی ببینێ و ئەو پەیمانە سێ قۆڵی یە گومان لێ کراوەشی کە لە نێوان ڕژێمی ئەسەدو قەزافی و تاراندا هەیەو لە دیمەشق ئاشکرا کرا شتێکی سەیر نیە چونکە لەوەی بەر یارمەتی یەکی سووپایی تەواوی ڕژێمی خومەینی یان داوەو ڕژێمی سووری بەکرێگیراو ڕۆژێ لە ڕۆژان تەماشای مەسەلەی فەلەستینی بەراست نەکردووەو ئەمەشی بەو بێدەنگبوونەیدا دەرکەوت کە بەرامبەر بە ڕووداوە خوێناوی یەکانی لوبنان لە بەردەمی هێرشی زایۆنیدا هەیبوو بە هەزاران فەلەستینی بەدەستی هێزەکانی زایۆنی کوژراون و ئەم پەیمانە سێ قۆڵی یەش دەوری ناپاکی ئەمانەی بەرامبەر بە نەتەوەی عەرەب دەرخست و هەموو ئەو قسانەیانی بە درۆ خستەوە کە دەربارەی نەتەوایەتی و نیشتمانێتی دەیانکردو گەلی عەرەبیان پێ لە خستە دەبرد. بەڵام عیراق لەو بیروباوەڕەوە کە ئەم بچوبچری یەی کە ئیستا نەتەوەی عەرەب تیا دەژی یەکێکە لەو هۆیانەی کە پاڵی بە ناپاکی وەك ئەسەدو قەزافی یەوە ناوە هەڵوێستی و شێتانە وەرگرن و عیراق سوورە لەسەر ئەوەی کە عەرەب یەك بن و ئەو عەرەبانەش یەك بن کە لە ڕێکخراوی وڵاتانی ئەوت ناردنە دەرەوەدا هەن بەمەرجێ کەقازانجی ئەندامەکانی مسۆگەر بکات.

کۆنگرە ڕۆژنامەنووسی یەکە سەرەکی ئەرکانی سەرکردایەتی سووپای میللی و گەلی لێپرسراوی سەرکردایەتی گشتی سووپای میللی ئامادەکابوون.

جەنگاوەرە کوردەکانی سووپای میللی

بەرگری لە عیراق دەکەین

بە ئەوەی بە سەربەرزی بژین

بۆچی جەنگاوەرەکان لە بەسەرهاتی دین بۆ هەولێرو سلێمانی و بەسەر لووتکەی چیاکاندا بڵاودەبنەوەو دەستیان لە سەرچەکەکانیانەو بە چاو بێدارن و پاسەوانی دەکەن، بۆچی کەسانی تر لە ڕۆڵەکانی عیراق مالی خۆیان بەجێ دەهێڵن و بەشداری جەنگ دەکەن و ئێمەیش لێرەوە سەیر بکەین ؟

بەم پرسیارانە جەنگاوەرانی کەرتی قادسیەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وەڵامیان داینەوە، ئەو جەنگاوەرانەی ئێستا خەریکی مەشق کردن و خۆ ئامادەکردنن بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە بەرەکانی جەنگ.

بەسەر لە هەولێر دەچێت و بەغدایش وەك سلێمانی و ئەنباریش وەك دەڤك ئەدی بۆچی هەندێك لە ئەرکی خۆی دواوەکەوێت؟ ئایا خومەینیی کافر جیاوازی لە نێوانی عیراقی و عیراقی یەکی تردا دەکات لە دەستدرێژی یەکانیدا ؟ ئەو مەبەستی هەمووانەو دەیەوێت هەموو شارەکان داگیربکات بۆیە ئەوەك لێپرسراوێتی ئەوەنە هەموو ڕاپەڕین بۆ ئەوەی دژی بجەنگین.

لە سەرەتاوە جەنگاوەر باوکی حەلا پێی ووتین :

پاش ئەوەی بەڕێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین ڕێزی لە کۆمەڵێك جەنگاوەرانی گەلی کوردمان تا ئەوانەی کە مەدالیای ئازایەتی بێبەخشین و ئەو قسە کاریگەرە قوولەی کە لە خۆشیان فراوانی ڕۆڵەکانیەوە هەڵقولاوە بریارم دا سەفەرەکەم بۆ دەرەوە هەڵوەشێنمەوە ئەوەبوو پەساپۆرتەکەم مۆر کرابوو، ڕۆیشتم بۆ لای هاوڕێیانی لێپرسراو لە پارێزگاکەداو خۆم ناونووس کرد.

سەرەکی فەرمانده سەرلەنوێ ئەرکەکانی بەیادهێنایەوەو ئازایەتی و پیاوەتی بزواندین و هانی داین بۆ ئەوەی هەمیشە سەربەرزبین.

هاوڕێ فەرماندەی کەرتی قادسیەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ووتی :

ئەو جەنگاوەرانەی لێرەن لە سێ پارێزگاوە هاتوون دەڤك و هەولێرو سلێمانی بە قەزاو ناحیەو گوندەکانیانەوە هەر لە زاخۆوە تا دەربەندیخان ئەمانەیش لە جۆرەها کەرتەکانی گەلی کوردمان پێك هاتوون.

جەنگاوەرەکان لە ناو خۆیاندا گوونجاون و فەرمانەکان بەجێدەهێنن و جگە لەمەشق کردن دەگەن ئەمەیش وامان لێدەکات دووپاتی بکەینەوە کە کەرتە زۆر زۆر باشە لەلایەنی ڕێکخستن و ئامادەکردنیەوە ئەمەیش بۆ گیانی نیشتمانپەروەرێتی ی راستەقینەی ناخی جەنگاوەرە ـ کان دەگەڕێتەوە.

جەنگاوەر علی احمد محمد لە سلێمانی کە تەمەنی ٧٥ ساڵەو سەرکردایەتی کەرتەکە بریاری دا ئەیەتە مەشق کردنەوە بەڵام ئەو هات و سەرکردایەتی کەرتەکە ڕێز لە ئەم سوورەو ونەی بەشداری کردنی ئەرکەی دەکات کە سوور بوو ئەیویست بکەڕێتەوە ماڵەوەو پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە چەکەکەی خۆیی هەڵگرتبوو لەگەڵ جەنگاوەرەکاندا لە ڕیزدا وەستابوو بۆ مەشق کردن.

جەنگاوەر فەرهەنگ سید احمد سید طه دەڵێت :

هەست بە دڵنیایی یەکی تەواو دەکەم کە ئەرکی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین گرت، لەلایەن منەوە ئەوەبوو بەهەمووانم ووت غیرەت و شەرەف وامان لێدەکات خۆناونووس بکەین و ئەمەیش هەڵێکە دەرگامان لە بەردەمدا دەکاتەوە بۆ ئەوەی ـ نیشتمانپەروەرێتی و مەردی ی خۆمان بچەسپێنین.

تکایشم وایە ئەم قسەیە تەنیا بە شانازی بە خۆکردنەوە تێنەگەن بەڵکوو وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت خراپە بەرابەر بە کوردەکان بکەن و خۆ لە جەنگی عیراق دەدزنەوە، چونکە بەشداری کردن لەم جەنگەدا نیشتمانپەروەرێتی ی راستەقینە کە لەهەمان کاتیشدا نازایەتی یە.

جەنگاوەر سید قهار سید حسین سید شریف بەرزنجەیی دەڵێت :

لە سەرەتاوە پاش ئەوەی گوێمان لە ووتەکەی سەرەکی بەڕێز صدام حسین گرت کە ڕێزی لە کۆمەڵێك جەنگاوەرانی گەلی کوردمان تا بریارمان دا خۆناونووس بکەین.

هەستمان بە ناخۆشی دەکرد چونکە لەم جەنگەدا بەشداریمان نەکردبوو هەمیشە لەگەڵ خۆزدا پرسیارمان لە خۆ دەکرد ئێمە بۆچی بەشداری ئەم جەنگە شکۆمەندی یەی دژی خومەینی نەکەین کە لە پێناوی زایۆنیزمدا ئیش دەکات، لە کاتی سەردانم لە پارێزگا بۆ ئەوەی خۆناونووس بکەم گەیەیم دەکرد چونکە هیچ کەسێك پێی نەووبوودم خۆناونووس بکەم چونکە من و برا ئامۆ خزمەکانم لەبەرپەڕی ئامادەیی دایە لە پێناوی بەرگری کردن لە نیشتمان و حاکەی ئەوەبوو براکەم عەباس و ئامۆزاکانم یوسف کریم شریف و تحسین عمر شریف و خضر مولود و قاسم رشید و جوهر عزیز و قاسم کاکل و طه عثمان خۆیان ناونووس کردو ئیستایش لە ئۆردووگاکەدان لەگەڵ جەنگاوەرەکاندا مەشق دەکەن.

جەنگاوەر حمد صالح رشید احمد لە پێنجوێن کە تەمەنی چل ساڵە دەڵێت :

من چەك هەڵدەگرم بۆ بەرگری کردن لە خاکی نیشتمان ئەمەیش ئەرکێکی زۆر شانازی ی پێوەدەکەم.

جەنگاوەر احمد رحیم امین لە قەزای چەمچەماڵ دەڵێت :

لە پێش ئەوەی کە کەرتی ئەوسوود بەشداریم کردووەو دەبینم ئەمڕۆ بەشداری کردنم دەبێت دووبارە بکەمەوە مادام دەستدرێژی ڕژێمی فارسی ستەمکەر بۆ سەر نیشتمانەکەم بەردەوامە.

جەنگاوەر مستەفا محمد احمد لە ئامێدی دەڵێت :

خومەینی ی جادووباز کەدژ بە ئیسلامەو ئەزیەتی موسوڵمانەکان دەدات قسەکردن لەگەڵیدا سوودی نەبووە لەبەر ئەوەیە چەك هەڵبگرین و بەرەو ڕووی چاوچنۆکایەتی ی ڕابوەستین

بڕوانە ل : ٧

یازدەهەمین کۆنگرەی نیشتمانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان

سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابووردوو کۆنگرەی نیشتمانی یازدەهەمی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان بەسترا.

لەسەرەتای کۆنگرەکەدا کە هاوڕێ سعدی مهدی صالح ئەندامی سەرکردایەتی وڵاتو ڕاوێژکاری نهێنی مەکتەبی ڕێکخراوی باکووری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئامادەبوو ئامادەبووان دەقیقەیەك بۆ ڕێزلێنان و بەرزکردنەوەی گیانی شەهیدەکانی جەنگی قادسیەی مەزنی صدام وەستان.

پاش ئەوە بەڕێز عبدالستار طاهر شریف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی حزبی خوێندەوە کە پێشکەش بە کۆنگرە کرا.. لەسەرەتاوە بەناوی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بەخێرهاتنی ئامادەبووانی بەڕێزانی کرد کە ئامادەی کۆنگرەکەبوون لە قۆناغێکی ناسکدا کە وڵاتەکەمانی تێدا تێدەپەڕێ و جەنگی ڕەوای خۆی دژی دەستدرێژی ڕژێمی نەزانی ئێران بۆ بەرگری لە کەرامەت و سەربەستی میللەتەکەمان بەکوردو عەرەب و کەمایەتی یەکانی براوە دەکات.

وتی.. ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و ئەو بەکرێگیراوانەی کە لە ناوچەکەدا هەیانە لەپێشەوەیان ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران ناتوانن ڕەوڕەوەی مێژووی گەلە مەزنەکەمان و سەرکردەی کاروانی شۆڕشگێڕمان بەڕێز سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین ڕابگرن.

تەواوکردنی سەرکەوتن و دەسکەوتەکانمان ئەنجامێکە بە ڕێی مێژوو قوربانی دانی گەلی عیراقمان لەپلەی نیشتمانی و نەتەوەییدا کە لەسایەی شۆڕشی ١٧-٣٠ی مەزنی تەموز دا کە حزبی بەعسی عەرەبی تەقاندی یەوەو سەرکردایەتی کرد هاتە کایەوە هەر دەبێ وەدی بێ.

بەڕێز عبدالستار طاهر شریف لە ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستاندا خەباتی سیاسی و نیشتمانی پارتەکەی لە ماوەی نێوان کۆنگرەی دەیەم و کۆنگرەی یازدەهەمدا کە پێنج ساڵە وەك لایەنێك لە بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتوو ئەو لایەنە باشانەی پیشاندا کە پیدا ڕۆشتووەو ئەو دەورەشی باس کرد کە بۆ پتەوکردن و لایەنگرتنی سەرکردایەتی یەمێژوویی یەکەی شۆڕشی ١٧-٣٠ی تموز لە هەنگاوەسەرکەوتووەکانیدا بە یەك ـ گرتن لە گەڵ هێزەکانی تری بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخوازدا لە بەرەدا گیراوێتی و پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە حزبی شیوعی عیراق پاش ئەوەی کە ساڵی ١٩٧٨ دەستبەرداری بەرەبوو لە ڕیزی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز چووە دەرێ و ڕیزی دوژمنانی هەڵبژاردوو خۆی خستە باوەشی دەستەی خومەینی یەوە.

بەڕێز سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان وتی ئەو جەنگە ستەمکارەی کە ڕژێمی خومەینی لەو ڕۆژەوە کە کاری بەدەستەوە گرتووە

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

دەقی ووتەگرنگەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین دەربارەی بارو دۆخ لە بەرەکانی جەنگدا

پرسیار : ــ

سەرەکی بەڕێز ، ئێرانی دوژمن جار ناجارێك، شارەکانی سەر سنوور بۆردومان دەکات ، دوایەمین کاریش کە ئەنجامیدا ، بۆردومان کردنی شاری مەنەلی بوو ، ئایا بەڕێزتان ، دەفەرموون دەربارەی ئەو هۆیانە بدوێن کە نایەڵن بەرانبەرانە وەڵامیان بدرێتەوە ، کە مافێکی ڕەوای خۆمانە .

خۆمان لەو ئامانجانە نادەین کە سروشتی شارستانیان هەیە

سەرەکی بەڕێز :

ئەوسا ، لە سەرەتای جەنگەوە ، خۆمان لەو ئامانجانە نەدەدا کە سروشتێکی شارستانیان هەیە، لە هەر کوێیەك تواترا ، ئەوە بوو پتر لەسەر ئەم بیروباوەڕە دەڕۆیشتین و دەڕۆین ، پاش ئەوەی بەرهەڵستی ئێرانی تکایان لێکردین ، لە وەڵام دانەوەی ڕاستەوخۆ خۆمان دوور بگرین ، لە ڕاستیشدا ، ئێمە ئەو تکا کردنەمان قبوڵ کرد ، چونکە ئێمە ، لەبەرچەند هۆیەکی بیروباوەڕیانە ، ئارەزووی ئەوە دەکەین چونکە سەرکردایەتی ئێرانی بە تەنگی گەلەکەیەوە نایەت ، بەڵکوو وایان لێمان دەوێت کە لە ئامانجە شارستانیەکان عیراق دەدەن بەکارێکی هەمان چەشن وەڵامیان بدەینەوە ، بۆ ئەوەی گەلانی ئێران لە دەوری چاوچنۆکی بە شەڕەنگێزەکانی خۆیان و ، مەبەستە دەستدرێژکەرانەکەی خۆیان کۆبکەنەوە لەگەڵ ئەوەیشدا لە توانامانەدایە بە هێزی ئاسمانیمان و بە مووشەکەکانمان شاری سەرەکی لە شارەکانیان بڕووخێنین ، کە بمانەوێت ئەو کارە بکەین . بەڵام دەبێت وایان لێبکەین مێشك و ئوقرەگرتنی خۆیان لە دەست بدەن ، بۆئەوەی رایانکێشین تاکوو کاری بێمێشکانە ئەنجام بدەن و ، نزیکیان بکەینەوە تا ئەو ڕادەیەی کە تێیدا دەتوانین هێزە سەرەکی یەکەیان تێك بشکێنین .

پرسیار : ــ

سەرەکی بەڕێز ، دواکەوتنی ئێرانیەکان بۆ هێرشهێنان لە کاتێكدا کە بە تەواوی خۆیان ئامادەکردووە ، بە چی لێك دەدەنەوە ؟

هێرشەکەیان سەرنەکەوتنی بۆ دەبێت

سەرەکی بەڕێز :

نزیکەی مانگێکە خۆئامادەکردنیان بۆ هێرشهێنان تەواو بووە ، لەوانەیش وورده شتەکانی ئەزموونی و پێداویستیەکانی کارگێڕی و خۆئامادەکردن بەڵام سەرکردە سوپایی ئێرانیەکان لە هێرشەکە دەسڵەمێنەوە و نایانەوێت لێپرسراوێتی بگرنە ئەستۆ ، ئەویش لەبەر ئەوەی دەزانن ، کە سەرنەکەوتن بەشی ئەو هێرشە دەبێت ، بەتایبەتی ئەو سەرکردانە دەزانن کە سەرکردایەتی عیراقی ووردو درشتی پلانەکانیان هەموو دەزانێت لەوانەیش ئەو شوێنانەی کە لێیانەوە هێرش دەهێنن . بەڵام ئەو سەرکردانە کەوتوونەتە ژێر پاڵەپەستۆی سەرکردە سیاسیی گومان لێکراوەکانەوە ، ئەوانەی لەو باوەڕەدان کە هێرشەکە لە نرخی کاغەزەکانیان بەرز دەکاتەوە وەك مونتەزری و ڕەفسەنجانی

بە گوێرەی ئەو زانباریانەی پێمان گەیشتوون، ئەوا سوپایی ئێرانیەکان دەیانکوێت ڕامیارەکان لێپرسراوێتی هێرشەکە بگرنە ئەستۆوە ، لە کاتێکدا کە ڕامیارەکان ، بەرانبەر بەوان ، هەوڵی ئەوە دەدەن پاڵ بە سوپایی ئێرانیەکانەوە بنەن هێرش بکەن بەمەرجێك بڕیاری هێرشبردنەکە بڕیارێکی سوپایی بێت نەك ڕامیاری .

پتربوونی ئامادەیی ئێمە ، لەوانەیش پتربوونی خۆپتەو کردن و توانای مناوەرە کردن بە پارچە سوپایی ئێرانیەکان وایان لە سوپایی ئێرانیەکان کردووە لەم هێرشە دەسڵەمێنەوە هەر لەسەر ئەم بنەڕەتەیە ئێمە شێی دەکەینەوە کە تاکوو ئێستا هێرشەکەی ئێران ڕووی نەداوە بە دوو دڵی ڕەوایانە لە تێڕوانینی سوپایی یەوە بەڵام لەبەر ڕووناکی زانینمان دەربارەی ئەقلیەتی لێپرسراوە ئێرانیەکان و کارتێکردنی هێزەکانی بێگانە و دەستێوەردانیان و لە ڕیزیاندا لەگەڵ نەزانینی تەواویان سەبارەت ڕاستی و پێداویستی یە سوپایی یەکان وامان لێدەکات بڵێین کە هێرشەکە ڕوو دەدات بەڵام بە مردوویی ڕوو دەدات و ، هێزەکانمان خراپ ترین زیان بە هێزە داگیرکەرەکانی دوژمن دەگەیەنن ، بێئەوەی ڕێگەیان بدەن هیچ ئەنجامێك بەدی بهێنن بگرە لەو ئەنجامانەی کە مۆرکێکی پروپاگەندەیی ڕاگەیاندنانەی رووتیان هەیە کە دەستەڵاتدارەکانی ئێران دەیانەوێت دەستگیریان ببێت کاتێك ناتوانن چەند ئامانجێك لە ڕادەی ناردن لە قووڵایی خاکماندا وەدیبهێنن ..

خۆکوکردنەوەیان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ڕێگەی پێدراین بۆردومانی چەندین ئامانجی ڕاستەقینە بکەین و زیانێکی گەورەیان پێبگەیەنین و وایان لێبکەین بێزاری بچێتە دەروونی جەنگاوەرە ڕێکخراوو نارێکخراوەکانیانەوە .

خۆیان خستووەتە نێو گێژاوی چەند ئامانجێکەوە کە ناتوانن وەدیان بهێنن و ، هێرشی ئایندەیان بە خۆکوشتنێکی دووپات کراوەی هێزەکانیان دادەنرێت .

ئەمە دەڵێین و ، دەشزانن کە ئێمە بە فیڕۆ قسە ناکەین ، بەڵکوو هەموو پێنێکی لێی بە لێپرسراوێتی یەکی تەواوەوە دەڵێین لە بەردەمی گەلی عیراقدا ئەمەیشە باوەڕ بەخۆبوونمان .

پرسیار : ــ

جەنابی سەرەك ، ئایا لایەنێکی بەراووردمان بۆ دەکەین دەربارەی وەك یەکی هێزەکانو بالآترینی هۆیە کارتێکەرەکان لای هەردوو لایەنی جەنگەکە ، ئێمەو ئێرانی دوژمن ..؟

باری سوپایی .. لە بەرژەوەندی ئێمەدایە

سەرەکی بەڕێز :

جێ نابێتەوە ئێستا بەراووردێکی تەواوەتی لە وەك یەکی هێزەکان لە لای هەردوو لایەنی عیراقی و ئێرانی و ، بالآترینی هۆیەکان لە لای هەر یەکە لە هەردوو لایەنی ناکۆکی یەکە بە شێوەیەکی ووردو تەواوەتی بکەین ، بەڵکوو نابێت هەموو هۆیەکان باس بکەین ، لەوانەیش وەك یەکی هێزەکان ، بە شێوەیەکی وورد لە کاتی ئێستادا ، چونکە ئێمە هێشتاکە لە حاڵەتی جەنگداین لەگەڵ دوژمنەکەماندا . بەپێی ئەوەیش ، نابێت نهێنی یە سوپایی یەکان بخەینە ڕوو کە دوژمنەکەمان سوودیان لێدەبینێت .

لەگەڵ ئەوەیشدا لە توانامانەدایە بەسەر هەندێکیاندا تێبپەڕین ، بۆ ئەوەی عیراقی یەکان بخەینە سەر لایەکی گرنگی ئەم وێنەیە ، لەبەرئەوەیە دەڵێین باری سوپایی ئێستا ، وەك ئەوسا نەماوە ، بە شێوەیەکی ڕێشەیی بۆ بەرژەوەندی ئێمە گۆڕاوە .

لە ڕاستیدا پاش ئەوەی گەڕاینەوە بۆ سنووری نێو دەوڵەتیمان بارودۆخەکە چاك بووەتەوە هۆیەکانیشی لەم لایەنانەی خوارەوەدان : ــ

١ ــ دژواری مناوەرە کردن بە هێزەکان لە کەرتێکەوە بۆ کەرتێکی تر لە کەرتەکانی جەنگ . لەگەڵ ڕەچاوکردنی دیاری کردنەکان بە سەرماندا سەپێنرابوون چونکە مناوەرە کردن بەو هێزانە دەبوو لە خاکی دوژمندا بەڕێوە بچێت ، لە بارودۆخی بێبەش کردنمان لە هۆیەکانی بەرگری کردنی هەرێمیمان ، لەوانەیش ، وای پێویست دەکرد هێزەکان بەشەو بۆ دەرەوەی کەرتەکانی خۆیان بگوێزرێنەوە ، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئێستا لە ناو خاکی خۆماندا ڕوو دەدات ، کە بە شەوو بە ڕۆژ بە گوێرەی پێویستی دەگوێزرێنەوە .

٢ ــ پارچەکانمان بایەخیان بە خۆ قایمەکردن و ئامادەکردنی سەنگەری بەرگری نەدەکرد کاتێك لە خاکی دوژمندا بوون وەك ئێستا دەکرێت . ئەوەیش لەبەرئەوەی کە دەیانزانی مانەوەیان لە خاکی ئێراندا مانەوەیەکی کاتی یە .

٣ ــ کاتێکیش هێڵەکانی هاتو چۆکردنی سوپا لە خاکی دوژمندا دوورو درێژ دەبێتو لە جەنگێکی دوورو درێژدا ، ئەوا دەبێتە بار بە کۆڵیەوە لە لایەنی ئاسایشی پارچەکان یان لە لایەنی هێڵەکانی هاتو چۆکردنەوە ئەوا ئاسایشی پارچەکان بەلای بەرژەوەندی دوژمندا تێك دەچێت ، بە چەشنێك مەلبەندەکانی فەرماندایەتی و بنکە مەیدانیەکانو ڕێگاکانی هاتو چۆکردن دەکەونە بەر هەڕەشەی پچڕانەوە هەروەها پارچەکان لەم حاڵەتەدا دەکەونە بەر تووشبوونی دابڕینو گەمارۆدانەوە . بەتایبەتی کاتێك دوژمن شێوازی هێرش هێنانی نارِاستەوخۆ بەکاری دەهێنێت ئەوەبوو دوژمن بایەخی بەم کەلینانەدا بە چەشنێك ناچاری کردن پارچەیەکی زۆری سوپایی تەرخان بکەین بۆ خۆلادان لەم کەلینەو لەسەر حسێبی پارچە پێویستەکان بۆ داکۆکی کردن لە سەنگەرەکانی بەردەم لەگەڵ ئەوەیشدا ئەوا ئەم کەلێنانە نەبەستراونو ناتوانرێت هەموویان لە حاڵەتێکی لەم چەشنە ببەسترێن ، مەبەستیشم شێوازی داکۆکی کردنی خۆقایم کردنانەیە ، بە قووڵایی وەك ئەوەی لە خاکی دوژمندا بوو ، بەتایبەتی کاتێك ئەو پارچەیانەی کە بەم ئەرکە ڕاسپێرراون پارچەبانێك بن لە زۆربەیاندا لە « احتیاط » پێك هاتبن ئەمەیش چەشنێکە لە پێکهاتووەکانی جەنگ کە ئەوساکە بەشێك نەبوون لە سیستەمی جەنگی سوپای عیراق پێش جەنگ ئەوەبوو پارچەکانی « احتیاط »یش ، بەهۆی توانای دوژمنەوە کە لە پشتیانەوە دەربکەوێت ، بوون بە بارێك بەسەر سوباوە ، ئەوەبوو ئامادەیی پێویستی کەم بوو بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی جەنگەکەر ، هۆیەکانی فەرماندەیی کردنو بەسەردا زاڵبوونو نەریتەکانی بۆ ئامادە بکرێت .

بەڵام ئێستا هەموو پێداویستی یەکان هێزی بەرگری کردنمان لە هێڵەکانی پێشەوە ئامادەکردوونو ، ئەم هێزانەیش ئێستاکە پسپۆڕی جەنگو هونەری جەنگ کردنیان بە شێوەیەکی باش دەستگیر بووە .

گەرانەوەیش بۆ سەرەتا ، ئەوا باسی هۆیەکانی تر دەکەین کە کارێکی گەورەی هەبوو بۆ چاکبوونی هاوسەنگی هێزەکان بەرەو لای بەرژەوەندی ئێمە مەسەلەی هێڵەکانی دوورو درێژی هاتو چۆکردن نەبێت کە لە بارەیەوە دواین .

سەربازی عیراقی

دووەم ــ هەستی سەرباز کە لە سەر خاکەکەی خۆی ڕەجەنگێت بۆ بەرگری لێکردنی ، ئەو هەستەیە نی یە کە لەسەر مافو خاکەکەی خۆی بجەنگێت ، لە قووڵایی هەشتا کیلۆمەتردا بۆ وێنە لە خاکی دوژمندا ، هەرچۆنێك بێت ڕاستی یەکان دەربارەی بارودۆخو هۆیەکان ئاشکران کە وایان لە هێزەکانمان کرد ڕاوی هێزەکانی دوژمن بنێن تا ئەم قووڵایی یەو، بایەخی خاك کە لە خۆبەرگری کەر وەدەستی دەهێنێت کاتێك ناچار دەبێت بەرگری لە خاكو شارەکانی خۆی بکات کە قووڵایی یەکی دیاری کراویان هەیە وەك زانراوە ، دەڵێین لەگەڵ ئاشکرایی ئەم ڕاستی یانەدا بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە هەستی سەربازی عیراقی ئێستا ، بە تایبەتی کە سەر لە نوێو ، بە شێوەیەکی وورد ، دەستدرێژکردنی رژێمی تاران و ، چاوچنۆکی یە فراوانکەری یەکانی لە خاکی عیراق ، هەست پێکردووە ، جیاوازە لەو هەستەی کاتێك لە سەنگەرێکەوە ، لە ناو خاکی ئێراندا ، بەرگری لە خاکەکەی خۆی دەکرد .

ڕژێمی ئێران بەلگەی هەستپێکراوی خۆی سەبارەت بە چاوچنۆکی یە فراوانکەری یەکانی خۆی لە خاکی ئێمە پێشکەش کرد ، کاتێك هێرشە سەرنەکەوتووەکانی کردە سەر هێزەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی بەسرەو مەندەلیو میسان ، ئەگەرچی ئێمە بۆ سنووری نێو دەوڵەت گەڕاینەوە . ئەم هێرشە دۆڕاوانەی بە ڕاگەیاندنی ڕاشکاوو دووبارە کراوە دەستپێدەکرد سەبارەت بە دەستدرێژی کردنو چاوچنۆکی یە فراوانکەری یەکانی .

هەرچۆنێك بێت ، ئەوا سەربازەکان ئەوانەی شارەزایی شەڕکردنیان نی یە ، مەبەستم لەوانە « احتیاط » و (مکلف)ەکانن بە تایبەتی ، پێویستیان بە قەناعەتی ڕاستەوخۆ هەیە کاتێك دەجەنگێن ، بەتایبەتی لە جەنگێکی دوورو درێژدا . ئێستایش هەموو موفرەداتێکی ئەو قەناعەتەیان ، بەشێوەیەکی هەست پێکراوو وورد ، بۆ ئامادە بووە ، ئەویش لەبەر ئەوەیان ، بە پێچەوانەی سەربازە شارەزاکان ئەوانەی بۆئەوە دەجەنگێن ئەرکەکانی خۆیان لەبەر ڕوونی یەکی بۆچوونی سەرکردایەتی یەکانیانو بڵانەکانیاندا ڕابەڕێنن .

سەربازەکانمان ئێستا بەرگری لە خاکی عیراق دەکەن لە کاتێكدا کە لە سەر خاکی عیراق ڕاوەستاون نەك لە بەردەمی دا . ئەگەرچی بەرگری کردن لە ئامانج لەبەردەمەوە ، باشترە لەوەی بەرگری لێ بکەیت لە سەربەوە یان لە سەری ، ئەوا ئەم واقیعە، لەگەڵ ئەوەیشدا ، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەلقە بناغەیی یەکانی سوپای دوژمن تێك شکێنران ، تا ئەو ڕادەیەی هەڕەشەی تێك دان لە خۆڕێکخستنەکانی دەکات لە ڕادەی ناردندا ، دەڵێین ئەم واقیعە باری سایکۆلۆژی جەنگاوەری گۆڕیوەو ، بەرەو باریکی باشتری بردووە لە باری پێشوو .

بەڵام لە لای ترەوە ، ئەوا بە پێچەوانەوە رووی داوە ، ئەوانەی کە نەیاندەزانی بروشتی دەستدرێژی کەرانەی رژێمی ئێرانیو شتە وورده کانیان چۆنەلە ئێرانیو لە غەیری ئێرانی یەکان، ئەوا ئێستا ئەوانەیان زانی ، ئەویش پاش ئەوەی رژێمی ئێران دەستدرێژی کردنەکەی دژ بە ئێمە درێژە پێدا ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئێمە بۆ سنووری نێو دەوڵەتی کشایینەوە ، ئەوەیش کە گومانی لێناکرێت ئەمەیش بە بارێکی خراپە بەسەر جەنگاوەری ئێرانیو پەسیجەکاندا شکایەوەو بوو بە هۆی نزم بوونەوەی بەرەو پێشەو چوونیان ، بە چەشنێك ژمارەیان ئێستا لە ڕابوردوو کەم ترە .

هەروەها ئاشکرابوونی ڕێگەی دەستدرێژی کەرانەی رژێمی ئێران ، بە سوودی ئێمە کاری کردە سەر بیروڕای گشتی جیهانی ، هەروەها بە هەمان ڕوودا، کاری کردە سەر بنکەکانی ڕاگەیاندن ، ئەوانە نەبێت کە کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی دەزگاکانی زایۆنیزمو شەپۆلەکانی دژ بە وولاتەکەمان بە گوێرەی تێڕوانینێکی تایبەت .

سێیەم ــ لە هۆیە ناوەندی یەکان ، کە کاریان کردووەتە سەر هاو سەنگی هێزەکان بە سوودی ئێمە ، ئەوەبوو کە ئێرانی یەکان لە سەر خاکی خۆیان دەجەنگان ، لەگەڵ ئەوەدا کە هەموو شتێکیان دەربارەی دەزانی و،ئاوی کەرخەو لقەکانیو کاروونیان بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی هەندێك کوتو پڕی ئامادەیی بەرانبەر بە پارچەکانمان وەدیبهێنن، ئەوەبوو لەم لاو لەو لای هێزەکانمانو لە پشتی هێڵەکانیەوە ، ئەوەند لە گەلەکانیانو لە ئەلقە لە گوێکان هەبوون بەسبوون بۆ ئەوەی ووردترین زانیاری سەبارەت بە سوپاکەمانو ئەو سەنگەرانەی کە لێین بۆیان ببەن.

باریان لە ئەو پەڕی خراپیدا دەبێت

بەڵام ئێستا شتەکە زۆر گۆڕاوە کاتێك بە هەر کردەویەکی سوپایی لە سنوورمان بپەڕنەوە ، ئەوا ڕوو بەڕووی خاكو مرۆڤێك دەبنەوە کە هیچیان دەربارە نازانن و هەمیشە دەیانخەنە بەردەمی شتی کوتو پڕی کە پارچەکانمان سوودیان لێدەبینن بۆئەوەی خراپ ترین زیانیان پێبگەیەنن ، خاك هەرچی دەربارە بزانرێت لە زانیاری گشتی، ئەوا لایەنێکی گرنگی شتە ووردەکانی ئامادەیی کە کارێکی گرنگ دەکەنە سەر ئەنجامەکانی جەنگ ، کەس نایزانێت خاوەنەکەی خۆی نەبێت .

بەم چەشنە بوون کە هەولیاندا لە ڕۆژهەڵاتی بەسرەو ڕۆژهەڵاتی مەندەلیو ڕۆژهەڵاتی میسان لە سنوورەکەمان بپەڕنەوە ، بارشیان لە ئەوپەڕی خراپیدا دەبێت ، ئەگەر گەلەکەمان بەرگەی پشت بەستنی هەبێت بە فیکرەی داکۆکی کردنی سەبار لە هەندێك لە خاکەکانی عیراق ، کە پێویست بەوە دەکات هەندێك جار دوژمن بە قووڵایی بۆ چەند ناوچەیەکی کوشتاری هەڵبژێرراو بکێشیتەوە بۆ تێك شکاندنی هێزەکەی ، یان سەپاندنی ئابلۆقەدانو خۆبەدەستەوەدان بە سەریدا.

چوارەم : جەنگی درێژ ، پسپوڕی یەکی کەلەکە بوو بە فەرماندەو سەرکردەکان دەدات بەتایبەتی کاتێك سەرکردەو فەرماندەکان لە شوێنی لێپرسراوێتی خۆیاندا جێگیر دەبنو ، کاتێك بۆ بەرزترین پایە هەڵدەبژێررین لەسەر بنەڕەتی پسپۆڕی و وەدەست هێنراو لە جەنگدا وەك تاقی کراوەو سەرکەوتوو لە کاروبارەکانیدا ئەم جەنگە داکۆکی کردنە درێژەمان پسپۆڕی یەکی ئاماسایی بە فەرماندەو سەرکردەکان بەخشیوە بۆ ئامادەکردنی ئەو پێداویستی و هۆیانەی کە دەبنە هۆی سەرکەوتن لە جەنگی داکۆکی کردندا پێش هێرش هێنانی دوژمن .

هەروەها پسپۆڕی لە سەرخستنی لابەڕەی جەنگی داکۆکی کردندا لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی جەنگەوە پێبەخشیون .

سەرکردەو فەرماندەکان لە سوپاکەماندا ئێستا بەم جۆرە تاقی کردنەوەیەدا تێپەڕیون ئەوە لەو ڕادەیەدایە کە ئێستا لە لێپرسراوێتیدا تێیدا کاردەکەنو ، لە ڕادەیەکی نزم تریشدا . لەبەرئەوەیە ئەوان ئێستا زۆر بە توانا ترن لەوەی بۆ وێنە بەر لە ساڵێك تێیدا بوون ، بۆ ڕاپەڕانونی ئەرکەکانیان بە هەموو ووردو درشتەکانیەوە بۆ ئەم مەبەستە .

پێنجەم : بەرەی درێژ لە ناو خاکی دوژمندا و کە ڕەستەی سنوور دارمان لە تۆپخانە ئەو کاتە ، واقیعێکی بەسەردا سەپاندبووین ، بەو شێوەیەی کە دەمانویست ، بۆ ئەو پێداویستی یانە ناشێت کە دەبێت بۆ تەرخان کردنی هێزی ئاگر وەشاندن (تەقەکردن) ئامادەبکرێت ، لێرەشدا مەبەستمان بە شێوەیەکی تایبەتی تۆپخانەیە ، بەو پێوانە پێویستە بۆ بەرەنگاربوونی چەشنێکی دیاری کراو لە دوژمن ، کە هۆیەکی پێویستە بۆ داکۆکی کردنو ، تەقەکردن ، هەروەك دەزانن کە ڕەگەزێکی بەیەکدا لاخەرە تێیدا. بەڵام ئێستاو پاش ئەوەی هێڵەکانی هاتو چۆمان کورت بوونەتەوەو توانا کانمان لە تۆپخانە لە پێشووتر زۆرتر بوون ، هەروەها لە بوارەکانی تریشدا زۆرتر بوونو ، پاش ئەوەی سەنگەرەکانی بەرگری کردنمان لە خاکی خۆماندا سەقامگیربوون ، لەگەڵ ئەو هەموو شتانەی دەربارەی دەزانین شتی وورد ، دەربارەی ئەو خاکەی کە لەبەردەمماندایەو، کە تێیدا بووینو ، ئەم هۆیانە وایان لێکردین بارێکی باشتر لە پێشوومان هەبێت ، وامان لێهاتووە توانای ڕێکخستنی پلانەکانی تەقەکردنمان هەبێت لەگەڵ نەرمی یە بەرزدا لە مناورەرە کردن بە ئاگر ، بۆئەوەی ئاگری سووتێنەری کوشندە ڕووبەڕووی دوژمنی لە خۆبایی گومانلێکراو بکەین .

دوژمن توانای نەماوە سەرسوڕمانمان بکات

شەشەم : لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردنو ، لەبەر چەندین هۆی تر ، لەوانەیش کە ئێرانی دوژمن هۆی تەقەنی یە هەیە زانیاری ی باشی پێدەبەخشێت سەبارەت بە پارچەکانمانو ، نەبوونی ئەم جۆرە هۆیانە لە لای ئێمە لە سەرەتای جەنگداو ــ بۆ وێنە دوژمنەکەمان فرۆکەی وێنەگرتنی هەبوو ، بەڵام ئێمە لەبەر چەند هۆیەکی زانراو ئەم جۆرە فرۆکەیەمان نەبوو ــ لەبەرئەوەی پسپۆڕی ی ئستیخباراتمان پەرەی سەندووەو قووڵتربوو، و توانای تەقەنی ی پێویستمان بۆ ڕەخساوە بۆ ئاسان کردنی کاری ئستیخبارات لەبەر ئەوەیە لە بواری کاری ئستیخباری دا دوژمن لە ئێمە دەسترۆیشتوو تر نی یە وەك لە پێشوودا وابوو، ئێمە ئێستا لەم بوارەدا دەسترۆیشتوو ترین ، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژیشە ، لەم چوارچێوەشدا ئەو ماوەیەی کە هەموو هەوڵە سەرنەکەوتنەکانی دوژمنی تێدایە بۆ پەڕینەوە لە سنوور بەم جۆرەیش ئەوا دوژمن توانای نی یە سەرسوڕمانمان بکات یان هیچ زانیاری یەکی گرنگمان لێبشارێتەوە. ئەوەبوو پەیوەندی ئبجابی ی نێوانمانو لە نێوان لایەنێکی گرنگی گەلانی ئێرانو بەرهەڵستی ی ئێرانی دا بەتایبەتی پاش کشانەوەی هێزەکانمان بۆ سنووری، نێو دەوڵەتی، دەڵێم ئەم پەیوەندیە دەورێکی ڕاستەقینەی گێڕا بۆ ئاگادارکردنمان دەربارەی نیازەکانی دوژمن چونکە ئەم بارودۆخە نوێیە ئامانجێکی هاوبەشی ی لە نێوانماندا و لە نێوان گەلانی ئێرانو بەرهەڵستی ی چەوساوەی ئێرانی دا هێناوەتە دی ، ئەویش ئەوەیە کە هەمووان دەیانەوێت جەنگ ڕابگرنو بەیوەندی ی ئاشتی یانە لە نێوان عیراقو ئێراندا بنیات بنێن .

پرسیار : ــ

جەنابی سەرەك ــ چۆن دەربارەی ئەو زانیاریو هەواڵانە دەدوێن کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ڕۆژئاوا ئەمە چەند هەفتەیەکە بڵاوی دەکەنەوە کە یەنجە بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە ئێرانی دوژمن خۆ کۆکردنەوەی

پرواڵە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

دەق کۆنگرە رۆژنامە نوسی یەکەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین لەگەڵ رۆژنامە نووسانی ئیسپانی و پورتوگال

بەشی دووەم

رۆژنامەنووسێك :

من (خوان بابلۆ دیکامبۆ)م ، لە رۆژنامەی ئەلف تاء لە مەدرید ،، سەرەکی بەڕێز .. پرسیارەکەم سەبارەت هەمان شتە کە قسەی دەربارە کرا ، ئەویش ئەوەیە ئایا لەو باوەڕەدان کە چارەسەری یەکی سوپایی یانە هەبێت بۆ ئەم جەنگە ؟.

ئەوساو ئێستایش هەر لە یەك گەیشتن دەخەینەروو

سەرەکی بەڕێز :

لە لایەنی ئێمەوە چارەسەرێکی سوپایی یانەمان بۆ جەنگ نەخستووەتە روو بە شێوەی داکۆکی کردن لە عیراق نەبێت .. ئێمە ئەوساو ئێستایش هەر لەیەك گەیشتن دەخەینە ڕوو ئەویش لەسەر بنەڕەتی ڕیزگرتنی مافەکانی هەر دوو لاو دەستدرێژی نەکردنو ڕیزگرتنی هەر لایەك لە ئاسایشی لایەنەکەی ترو دەستتێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆو جەنگ نەبێتە هۆی ئەوەی مافی ناڕەوا بۆ هەر یەکە لە هەردوو لا بێتە کایەوە .

ئەم بیروباوەڕانە ، ئەو بیروباوەڕانەن کە ئێمە خستوومانە بەرچاوی بیروڕای گشتیو ئێرانی یەکانو عیراقی یەکانو ، پێش جەنگیش لێوەیان دوواوینو لە ووتەیەکی ڕەسمیشدا لە ٢٨ی ئەیلولی ١٩٨٠دا لێوەیان دوواوینو ، خستوومانە بەرچاوی نووسینگەی ڕێکخستن کە بۆ وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی بێلایەن لە دەلهی بەسترا ... بەلام ئێرانی یەکان ڕێگای سوپایی دەخەنە ڕوو بۆ گۆڕینی رژێمی دەستەلات لە عیراقداو ، بەستنەوەی عیراق بە ئێرانەوەو پاش ئەوەیش فراوان بوونەوە بۆ داگیرکردنی دەوڵەتانی کەناری عەرەبیو دوورگەی عەرەب ، بەلام لەو باوەڕەداین ئەو چارەسەری یەی کە ئێرانی یەکان دەیخەنە بەرچاو جێبەجێ نابێتو سەریش ناکەون .

رۆژنامەنووسێك :

ناوم (خۆزی ماریاناس)ەو ، لە تەلەفزیۆنی ئیسپانیادا ئیش دەکەم ،، سەرەکی بەڕێز ، لە تەلەفزیۆندا ، باسی پرسیارو وەلامدانەوە بەم شێوەیە لە لایەنی هونەری یەوە خزمەتمان ناکات ، هیوادارین پرسیارێکتان لێبکەینو بەبێ وەرگێڕان وەلامەکەو پاشان کە وەردەگێڕرێت بەچەشنێك لە تەلەفزیۆندا دەربهێنرێت درێژە نەکێشێتو بەردەوامنەبێت .

سەرەکی بەڕێز :

بەلام چۆن لە یەکبکەین ؟ .. چونکە ئێوە گوێتان لێم نابێتو ، ووتەکە وەك گفتوگۆی کەڕوالەی لێدێت منیش حەز لەمە ناکەم ، چونکە لەم حالەتەدا من دەدوێمو ئێوەیش لێم تێ ناگەنو هەر لە قسەکردن بەردەوام دەبم لە کاتێکدا من پشت بە تێکچڕژانی مرۆڤایەتی دەبەستم کە لە روخسارتاندا دەیبینمو لە چاوانتاندا دەیخوێنمەوە .. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر ئەم شێوەیەتان پێخۆشە ئەوا من قایلم ..

رۆژنامەنووسێك :

سەرەکی بەڕێز ئێمە ریپۆرتاجێکی فراوانو گەورە دەربارەی عیراق دەکەین ، هەموو لایەنەکانی ئەم وولاتە بە ووردو درشتە مێژوویی یەکانەوە رەنگ دەدەنەوەو ئەم وولاتە چۆن تێدەکۆشێت لە پەرەسەندنیدا شانبەشانی داکۆکی کردن لە سنووری خۆی ، کارەکە تەنیا تەواوکردنێکی ئەم ریپۆرتاجەیە .

سەرەکی بەڕێز :

من قایلم .. ئەمەیش تەنگو چەلەمەیەکە کە هاوڕێکانم ئەمە چواردە ساڵە گیرۆدەینو هەولیان داوە هەندێك لەم دوو ساڵی دواییەدا ڕام بهێننو باسەکە ئەوەیە کە من لە دووان لەگەڵ ئامێردا خەلکی نابینم بۆیە هاوڕێکانم لەگەڵمدا دادەنیشتن تا بیانبینم ، کاتێك لە بەرانبەر تەلەفزیۆن دەدوێمو دووانەکەم تۆماردەکرێت ، لەبەرئەوەیە دەبێت خەلکی ببینم چونکە قسەکەم ئاراستەی خەلکی یەك بۆ ئامێرەکە ،، ئێستا دەبینم کە کەمێك باش بووم ،، هەر چۆنێك بێت من ئامادەی ئەو شتەم .

رۆژنامەنووسێك :

باسەکە بە کورتی ئەوەیە ، ئەو رادەیە لە بودجەدا چەندە ،، رادەی تێچوونی خۆچەکدارکردنو مەسەلەیەکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی کە بەم رووەدا دابەشکراون ؟

سەرەکی بەڕێز :

تکاتان لێدەکەم لە مەسەلەی ژمارەدا لێم ببوون ، چونکە من حەز ناکەم لە حالی ئێستادا ژمارە لەبەربکەم ، ئەوەی نەبێت کە پەیوەندی یە بە جەنگەوە هەیە ، چونکە مێشك توانای نی یە ژمارەی بێکۆتایی و ناوی بێکۆتایی و حالەتی بێکۆتایی هەڵبگرێت ، زانست دەڵێت مێشکی مرۆڤ دەتوانێت ٦٥ هەزار حالەت لەبەربکات ، ئەگەرهاتوو خۆم بە چەند مەسەلەیەکی دوورو درێژەوە لە هەندێك لایەنی لایەنداخەریك بکەم ئەوا بێگومان لە هەندێك لایەنی تردا کورتی بەدیدێت ، من ئێستا ژمارەکانی جەنگ لەبەردەکەمو ، هەر پارچەیەك دەزانمو دەزانم شوێنی کوێیەو هەر فەوجێكو هەر لیوایەك لە کوێدایەو لە چی شوێنێکدایەو هەندێك لە فەرماندەکانو حالەتو جەنگەکان بە ووردیو دەرس لێوەرگرتنەکانیان ، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە پرسیارم لێدەکەیت سەبارەت بە ژمارەیەکی دیاری کراو لە بودجەدا بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا من دەتوانم بۆتی ئامادە بکەم .

رۆژنامەنووسێك :

ئەگەر حەز ناکەیت من ژمارەم ناوێت ، بەلام دیتم وولاتەکە بنیاتدەنێتو پەرەپێدان بەرەوپێشەوە دەبات و لە هەمان کاتیشدا دەجەنگێت ... لە بەڕێزتانم دەوێت بە چەشنێك یان بە چەشنێکی تر سەبارەت ئەم باسە بۆمان بدوێیت .

● بنیات دەنێینو دەجەنگێین ●

سەرەکی بەڕێز :

ئەوەیە عیراق ،، دەبێت بنیات بنێتو بشجەنگێت بەلام کاتێك کە هەر تەنیا جەنگا بێ ئەوەی بنیات بنێت ئەوا نابێتە ئەو عیراقەی کە ئێمە دەیبینین ،، بەلام ئایا جەنگ کاری کردووەتەسەر رادەی بنیاتنان ،، وەلام بەلێ ،، ئەو پرۆگرامانەی ئێستا دەیانبینن جێبەجێ دەکرێن لە بنەڕەتدا پێش جەنگ دانراون ، لە لایەنی ئابووریشەوە جەنگ هەرچەندی تێبچێت ئەوا ئێوە دەزانن کە عیراق وولاتێکی دەوڵەمەندە ئەك بەو شتانەی کە لە ژێر زەویدان ، چونکە ئەمە پێش شۆڕشی ساڵی ١٩٦٨یش هەبوو بەلام بە مرۆڤە نوێیە بە تواناکەی دەوڵەمەندە کە توانای بەخشینو بنیاتنانو هەڵگرتنی لێپرسراوێتی نیشتمانی یی هەیە بە شێوەیەکی دروست ، لەبەرئەوەیە پاش ئەوەی کە جەنگ کۆتایی پێدێت ڕاستەو خۆ عیراق بۆ حالەتی گەشانەوە دەگەڕێتەوە هەروەها توانا ئابووری یەکانی ئاسایی نین ، ئەو دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆیو دەوری نیشتمانیو نەتەوەیی و مرۆڤایەتی یی بە شێوەیەکی دروست .

رۆژنامەنووسێك :

دیکە کۆماریت لە پارتی سۆشیالیستی ئیسپانیاوە ،، سەرەکی بەڕێز چۆن پەیوەندی یە ئابووری و رۆشنبیری یەکانی نێوان عیراقو ئیسپانیا دەنرخێنن .

سەرەکی بەڕێز :

وەك ووتم پەیوەندی لە نێوان عیراقو ئیسپانیادا پەیوەندی یەکی دۆستایەتی ی ڕاستەقینەیەو پشت بە کەلەپوورێکی دەوڵەمەندو دێرین دەبەستێتو نوێبووەتەوە بۆ ئەوەی واتای ئەم پەرەسەندنە بگرێتە خۆی پاش شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ .

پەیوەندی ی ئابوریمان لەگەڵ ئیسپانیادا باشەو وەك ووتم لە سەردەمی شۆڕشدا پەرەی سەندووە ،، بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی ئابووری هونەری لە ساڵی ١٩٧٢ لە نێوان عیراقو ئیسپانیادا مۆرکرا ، لە بواری کەلوپەل کڕینەکانی ئیسپانیا لە عیراق یان کەلوپەل کڕینەکانی عیراق لە ئیسپانیا هەروەها لە مەیدانی چالاکی یەکانی ئەو کۆمپانیانەی ئیسپانیا کە لە عیراقدا ئیشدەکەن ، بەلام دەبێت ئەوە بڵێم کە ئێمە ئارەزوومەندین کە ئیسپانیا دەورێکی فراوان تری هەبێت دەربارەی ئەوەی پەیوەندی ی بە بنیاتی پرۆژەکانی پەرەپێدانەوە هەیە لە عیراقدا .. بە پشتبەستن بە هەمان ئەو ئیعتباراتانەی پەنجەم بۆ ڕاکێشان ، بەلام ئەوەی سەرنج ڕابکێشێت ئەوەیە کە پسپۆڕی کۆمپانیاکانی ئیسپانیا لە بواری کارکردن لە دەرەوەی ئیسپانیادا کەمە . ئەمەیش بە خراپی دەشکێتەوە لە جێبەجێکردنی ئیلتزاماتەکانی خۆی لە عیراقدا بە شێوەیەکی دروست لەبەر ئەوەیە ئاواتە خوازین لە لایەن حکوومەتی ئیسپانیاوە پشتگیری لە کۆمپانیا ئیسپانیەکان بکرێت کە لە عیراقدا ئیشدەکەنو ئەم کۆمپانیانە بە هۆیەکانیو بیرکردنەوەکانی نوێبکرێتەوە بە چەشنێك وایان لێبێت بتوانن لەگەڵ چالاکی یە جیهانی یەکانی تردا بچنە شوێنی کێبەرکێ کردنەوە .

رۆژنامەنووسێك :

سەرەکی بەڕێز .. ئێمە دەزانین کە پەیوەندی یە رامیاری یەکانی نێوان عیراقو ئسپانیا پەیوەندی یەکی باشو زۆر چاکنو دەبینین لە ڕاپەڕاندنی پراکتیکی دا لە بواری ئابووری دا ئەم پەیوەندی یە ڕامیاری یانە بە پلەیەکی باش ڕەنگ نادەنەوە ئایا هۆی ئەمە لە سروشتی کارو شێوازی کۆمپانیاکانی ئسپانیادایە لەم وولاتەدا ئەمە هۆی سەرەکی یە لە- کاتی مەنطیقی دروست قبوڵ بکەنو بە ئاشتی لەگەڵو عیراقو لەگەڵ دراوسێکاندا بژێن .

رۆژنامەنووسێك :

لە تەلەفزیۆنی ئسپانیاوە .. لە سەر ڕۆیشتنی هەمان پرسیار ،، سەرەکی بەڕێز ،، لە دوایەمین هەوڵی ناوبژی کردنی ئاشتی لەگەڵ ئێراندا ، لە مەدرید زانیمان کە سەرەك احمد سیکۆتۆری گەیشتووەتە چەشنە قبوڵکردنێك بە شێوەیەکی جوزئی لە یەکێك لە کەرتە دەستەڵاتدارەکان لە ئێراندا ، ئایا لەو باوەڕەدان کە خومەینی ئەو کەسەیە بووەتە کۆسپ لە ڕێگەی وەدی هێنانی ئاشتی دا ..

خومەینی جەنگی هەڵگیرساند

بەڵێ لە پلەی یەکەمدا هەر خومەینی بوو کە جەنگی هەڵگیرساندو هەر ئەویش بوو هەڵخەڵەتاو ئەوانی تری لە ئێراندا هەڵخەڵەتاند کە توانای هەیە دەستکەوتی ناوچەگەری بەدی بهێنێت ، بەڵکوو هەر ئەو بوو هەڵخەڵەتاو ئەوانی تری دیسان لە ئێراندا هەڵخەڵەتاند کە توانای هەیە ئەمپراتۆریەتێکی فراوان دروست بکات مەلبەندو پایتەختەکەی تاران بێتو ، فەرماندەکەی (ئیمام خومەینی) بێت لەبەرئەوەیە ئەو لێپرسراوە بەرانبەر بە جەنگەکەو ئەویش لێپرسراوە بەرانبەر بە درێژەکێشانی ، هەر ئەویش لێپرسراوە بەرانبەر بە گوێنەدان بە ڕێگاکانی ئاشتی ..

لە بۆچوونی ئێمەیشدا ئەگەر خومەینی نەبووایەت ئەوا چەندین لایەنی کاریگەر کە توانای بڕیاردانیان هەیە لە ئێراندا ئاشتی یان قبوڵ دەکرد چونکە مەنطیقو واقیعی هەست پێکراو دەڵێت کە جێبەجێ کردن دا ؟

سەرەکی بەڕێز :

بە پلەی سەرەکی بەڵێ .. بەلام ئارەزوومەندی لە لای هەردوو لا هەیە بۆ فراوانکردنی هەلەکانی کار بو ئسپانەکان هەروەها زەمینەی رامیاری و دەروونی لای هەردوو لا هەیە بۆ فراوانکردنی هەلەکانی کارکردنو چالاکی نواندن لە لایەن ئسپانەکانەوە لە ناوخۆی عیراقدا .

رۆژنامەنووسێك :

ئەندامی پەرلەمانی پورتوگالو سەر بە پارتی سۆشیالیستی پورتوگالو ، سەرەك نووسەری گۆڤاری جۆرنالی لشبۆنە .. حەز دەکەم ئەم پرسیارە بخەمە ڕوو ، ئەویش ئەوەیە ئایا قبوول دەکەن ڕاستەوخۆ لەگەڵ خومەینی دا دانیشن بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ ئەم جەنگ دابنێن ؟

گرێ کوێرەمان لەلا نی یە

سەرەکی بەڕێز :

لە یەك حالەتدا نەبێت کە دانیشتن لەگەڵ ئێمەدا بە حەرام دانەنێت ،، ئەگەر ئەو دانیشتنە وا دانەنێت ، ئەوا هیچ شتێك نی یە نەهێڵێت لەگەڵی دابنیشین .. ئێمە گرێ کوێرەمان لا نی یەو .. هەر شتێك خزمەتی گەلەکەمان بکاتو خوێن ڕشتن لە نێوان هەر دوو گەلی عیراقو ئێراندا ڕابگرێتو ، ناوچەکە بخاتە بارێکی سەقامگیریو ئاسایشەوە ئەوا ئێمە ئەنجامی دەدەین .

رۆژنامەنووسەکە :

سەرەکی بەڕێز ... توانای سەرکەوتنی هەوڵەکانی سۆشیالیستی نێو دەوڵەتان بۆ ناوبژی کردنی نێوان عیراقو ئێران تا چی ڕادەیەکە ؟ ..

سەرەکی بەڕێز :

هەر ڕەنجێك بۆ ئاشتیو ناوبژی کردن پشت بە ڕادەی ئامادەیی رژێمی ئێران دەبەستێت بۆ قبوول کردنی مەنطیقی هاوچەرخو توانای فراوانکەری لەسەر حسیبی دراوسێکانیو دەست تێوەردان لە کاروباری ناوخۆیان لە مێشکی لابەرێت ، لەبەرئەوەیە ئێمە پێشوازی لە ڕەنجەکانی ئاشتی دەکەینو ئەم ڕەنجانە هان دەدەین .. ئەم ڕەنجانەیش هەمیشە لە تاران ڕێی بەستراو لە بەردەم خۆیاندا دەبینن ئەك لە بەغدا .. بەلام بە پێی بۆچوونی ئێمە ئەم مەسەلەیە تەنیا مەسەلەی کاتەو کاتی داهاتوویش کەمترە لە کاتی ڕابوردوو ، ئەو کاتە دەستەڵات بە دەستەکان لە ئێراندا خۆیان بە ناچار دەبینن ئەمە لە بەرژەوەندی ی گەلانی ئێراندایە چونکە ئەوەی لەگەڵ سەردەمدا بژێتو چاوی لە بەرەوپێشەوە چوون بێت ، دەبێت هەر لەگەڵ ئەم مەنطیقەدا بێت .. بەلام ئەوەی لە دەرەوەی پەرەسەندنو لە دەرەوەی مێژوو بە مێشکێکی دواکەوتوو بژێت ، ئەوانەو ، ئەو کەسەیە کە لە سەردەمی نوێدا یاساکان پشتگوێ دەخات ، ئەم یاسایانەیش خزمەت بە ئادەمیزاد پێشکەش دەکات لە ئاشتیو ئازادی دا ..

کێ زۆر تر دواکەوتووە لە ئێراندا ؟.. ئاشکرایە کە خومەینی یە ..

بەڵێ ئەو بوو کە لە ئێزگەی تارانەوە زیاتر لە جارێك بە دەنگی خۆی ڕاگەیاند کە دەیەوێت ئەو ئەمپراتۆریەتە دامەزرێنێتو ناوێکی ترو شێوەیەکی تری دایە .

دوێنێ ووتەیەکی (خومەینی)م خوێندەوە لە هەندێك بڕگەیدا دەڵێت کە زۆربەی پیاوە ئایینی یەکان لە ئایین نەگەیشتوون هەروەها خۆی لەم ووتەو لە ووتەی تردا سەبارەت بە ڕۆشنبیرەکان دەدوێتو دەڵێت ئەوان ناتوانن ژیانی نوێ تێبگەن وەك پێویستە ... ئەنجا ڕووی قسە دەکاتە ئەنجوومەنی شووراو پێیان دەڵێت دەبێت بە بایەخدانەوە لە هەڵوێستی ئایینی ئیسلام بەرانبەر بە کۆمۆنیزمو بەرانبەر بە سەرمایەداری بکۆڵنەوەو لەسەر ئەم بناغەیە هەڵوێستی ڕاستەقینە بڕیار بدەن بەلام خۆی نەیخستووەتە بەرچاو چی یە ئەو هەڵویستە باوەڕی یە پەیوەستەی کە باوەڕی پێیەتی هەروەها کاتێك گوێمان لە قسەکانی خومەینی دەبێت دەبینین هەمیشە چەندین تەنگو چەلەمەو ئاڵۆزی دەخاتە ڕوو بێ ئەوەی هیچ چارەسەری یەك پێشکەش بکات نە لە ڕادەی پەیوەندی ی دروستدا لە سێبەری قۆناغدا بۆ پلەی ڕاستەقینەی ئافرەت لە لایەنی یاسایی و کۆمەڵایەتی یەوەو نە لە ڕادەی هەڵوێستی دروست سەبارەت بە مەسەلەکانی کشتوکاڵو چاککردنی کشتو نە لە ڕادەی هەڵوێستی دروست بەرانبەر بە جێبەجێکردنی سۆشیالیستی لە بواری بازرگانی ی ناوخۆدا یان لە بواری بازرگانی ی دەرەوەدا هەروەها لە کاروبارەکانی تری ژیاندا .

خومەینی لە کاروباری ئایینداا نەزانە

ئەوە بەس نی یە بە کارگێڕەکان لە ئێراندا بڵێت ،، دەبێت کاروباری دەستەلات بە گوێرەی قورئانو سونەت پەیڕەو بکەن .. خومەینی لە ئایینداا نازانێت ، لەبەرئەوەی ئەگەر لە ئایین تێبگەیشتایە ئەوا دەیزانی سونەت بۆچی پێویستە ؟ ..

قورئان نووسراو بوو بە نووسراوی هاتو لە ڕێگای جبریلەوە بە پێغەمبەر (د.خ) سپێردرا ..

خوا سوبحانە وەتەعالا دیتبای کە هەموو شتێك لە ژیاندا دەبێت بنووسرێت ، ئەوا سونەتی دەنووسی بە پاشکۆی قورئانەوەو ناوی دەنا حالەتێکی نوێو ناوێکی تریش دەدایە .. کەواتە نرخی سونەت لە ڕووانین بۆ ژیان لە واتای پەرەسەندووی نوێ بووەوەی بینراوو بڵاوبووەوەیدا چی یە .. ئێمە دەبینین کە سونەت پێویست بوو بۆئەوەی ببێتە یەکەمین بورهانی ئەوانەی باوەڕیان بە موسوڵمانێتی هێناوە کە لە سەریانە هەوڵبدەن حوکمی دروست سەبارەت بە ژیان دەربهێنن بە مەودا تازە بووەوەکانیەوە لە چوارچێوەی ئیجتیهاددا لە سەر بناغەی سیاقی بنەڕەتی ی بناغەکانی ئایینی ئیسلامو ئەو نوێکردنەوە بەردەوامانەی لە جێبەجێ کردندا بە پشتن پێی پێویستی ی پێیانە .

بەلام خومەینی ئەوا تەنگو چەلەمە دەخاتە ڕوو بەلام ڕایش نادات .. کەواتە ئەو خۆی دەزانێت کە لە کاروباری ئایینداا هیچ نازانێت نەك هەر تەنیا لە کاروباری ژیاندا ، دەشزانێت کە ژیان چەندین کۆسپی خستووەتە بەردەمی کە دەبێت بەرەو ڕووبان ڕاوەستێت ، بەم جۆرە دەیبینین خۆی لێیان دەدزێتەوەو چەند جوکمێکی دیاری کراو بۆ کاروباری ژیان بە گوێرەی بۆ چوونی ئایینی یانەی خۆی دادەنێتو ، لەو باوەڕەدایە کە کۆتای هاتنی جەنگ ژیانوا لێدەکات چەندین کۆسپی بخاتە بەردەم نەتوانێت چارەسەرێکی ڕێژەیی یان جوزئی بە ژیانی گەلانی ئێران ببەخشێت .

رۆژنامەنووسێك :

سەرەکی بەڕێز .. بیروڕاتان چی یە بەرانبەر بە لایەنگیری ی زۆری جەماوەر لە خومەینی ؟ ..

ئایا خومەینی دەتوانێت بە شەقامەکانی تاراندا هاتوچۆ بکات ؟

سەرەکی بەڕێز :

ئەمە لە لای ئێمە لە عیراقدا رووی دا .. جەماوەر لە شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ هەمووی لایەنگیری عبدالکریم قاسم بوونو کە بە شەقامەکانی بەغدادا ڕێی کردبا ئەوا ئوتومبیلەکەیان لە سەرشان هەڵدەگرت .. کاتێك کە جەماوەر بۆی دەرکەوت ئەو ئەو حالەتە نی یە کە دەیەوێت بەڵکوو ئەو ئەو حالەتەیە کە سەرکردەیی کاری شۆڕشەکەی کردو یەکەمین ڕوو بوو تێیدا بۆ ڕووخاندنی رژێمی فەرمانڕەوایی ساڵی ١٩٥٨ ، بەلام لە جیاتی ی شتێکی تر نی یە بۆ ژیانێکی باشتر ، لە گرنگترین شەقام لە شەقامەکانی بەغدادا جەماوەر بە گوللە تەقەی لێکرد .. ئەنجا ساڵی ١٩٦٣ لە ناوی برد .

هەروەها لەگەڵ عبدالسلام عارفدا لە عیراق

Institut kurde de Paris

ئیمه بنیات دەنیین و دەجەنگین

ڕووی‌دا کاتێك وەك ڕوویەك نەك سەرکردەیەك بۆ شۆڕشی ساڵی ١٩٦٣ ، لە پێشەوە بوو ، وەك ڕوویەکی پێشەوە تێیدا بەوەی کە سەرەکی کۆمار بوو ،، ئەوەبوو لە لایەن عیراقی‌یەکانەوە لایەنگیری‌یەکی فراوانی لێدەکرا بەڵام پاش‌ماوەیەك کە بۆیان دەرکەوت ئەو حاڵەتە نی‌یە دەیانەوێت بەجێیان‌هێشت .

لە ئێران دەبێت هەمووان بزانن کە ڕژێمی دەستەڵاتدارێتی لە ئێران‌دا ڕژێمێکی ستەمکەر بوو پێش شۆڕشی گەلانی ئێران ، ئەوەبوو خومەینی وەك ڕوویەك بۆ شۆڕشەکە سەری‌هەڵدا نەك وەك سەرکردەیەکی کاریگەری ڕاستەو خۆی لە مەیدان‌دا .. ئەوەبوو لە عیراق‌دا بوو ، چواردە ساڵ لە نەجەف ژیا پاشان چوو بۆ پاریس بەڵام شۆڕشگێڕەکان (سەرکردە مەیدانی‌یەکان) لە ئێران‌دا بوون‌و گەلانی ئێرانیش ئەوانن خاوەندی ڕاستەقینەی شۆڕش .

تێکۆشەرە ئێرانی‌یەکان ئەوان بوون خاوەندی ڕاستەقینەی شۆڕش بەڵام ئەو هیمای شۆڕشەکە بوو بەوەی کە گەورەترین کەسە لە لایەن (تەمەن)ەوە سەربەرێکخراوە نهێنی‌یەکان بێت کە دژی شا کاریان دەکرد .. کاتێك لە فڕۆکەی ئایەرفرانس لە فڕۆکەخانە دابەزی لە سەرشانی شەپۆلێك لە ملیۆنەها گەلانی ئێران هەڵگیررا بۆ ئەوەی بیکەیەننە بنکەکەی .. ئایا ئێستا دەتوانێت بە شەقامەکانی تاران هات‌وچۆ بکات .. ئێوە دەزانن کە ئەمە ڕووناداتت ،، ئایا خومەینی دەتوانێت سەر لە گوندەکانی ئێران بدات‌و تێیان‌دا بنوێت‌و بە شارەکانی ئێران گێ بخوات‌و چاوی بە گەلانی ئێران بکەوێت ؟

وەڵام ئێوە دەزانن کە (نەء)ە .. بەڵام ئایا خومەینی هێشتاکە کەمێك لایەنگیری‌ی بۆ ماوەتەوە ؟

وەڵام بەڵێ ، بەڵام ئەو بەشی زۆری گەلانی ئێرانی لە دەستداوە .. ئەڵقە سەرکردەیی‌یەکانی لە دەستداوە کە شۆڕشەکەیان دروستکرد ، تێکۆشەرەکانیشی لە دەستداوە بەهۆی دوورکەوتنەوەی لێی .. من دەڵێم ئایینیشی لە دەست داوە بە هۆی لێی نەگەیشتن‌و لادانیەوە لە ڕێگەکەی .

ئەمەیە ئەو ڕاستی‌یەو بەم جۆرە دەبێت پاشەڕۆژی خومەینی لە سەربناغەی ئەم ڕاستی‌یانە .

ئەوساکە قسەکەی بە تەنیا ئیشارەتێك بە فتوایە دادەنرا کە گەرانەوەی بۆ نی‌یە ، بەڵام دەیبینین ئێستا ، هەموو ڕۆژێك لە ووتەکانیداو لەو دووانانەی کە بە ڕۆژنامەکانی دەدات فتوایەك دوویات دەکاتەوەو دەیەها جار دوویاتی دەکاتەوە ئەمەیش بەڵگەی ئەوەیە کە ئێرانی‌یەکان ئێستا بە قسەی ناکەن وەك ئەوساکە لە سەرەتای جەنگ‌دا بە قسەیان دەکرد .. کەواتە ئا ئەمە کشانە دواوەیە .

کچە ڕۆژنامەنووسێك :

ڕۆیشتن لە سەر باسی جەنگ .. دەمەوێت بزانم نرخاندنی ئێوە چی‌یە یان گرنگ ترین دەرسێك چی‌یە وەك سەرکردە لەم جەنگەدا فێری بوون ؟ نرخاندنی ئێوە چی‌یە سەبارەت بە ڕەفتاری سوپای ئێران لەم جەنگەدا ؟

پێوەندی‌یەکی دێرین لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت

سەرەکی بەڕێز :

ئێوە ئەوە دەزانن لە ئەو پێوەندی دۆستایەتی‌یەی عیراق هەیەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا پێوەندی‌یەکی کۆنەو گەیشتوەتە پلەیەکی باڵای ئارامی‌و لە یەك گەیشتنی پتەو پاش شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٦٨و لەسەر بناغەی تێڕوانینی ستراتیژی مەودادوور بۆ پێویستی‌یەکانی بەرژەوەندی نیشتمانی عیراق‌و نەتەوەی عەرەب‌و لەسەر هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر گیروگرفتەکانی عەرەب ، یەکێتی سۆڤیەت لە شۆڕشی تەمووزی ١٩٦٨ەوە سەرچاوەی سەرەکی چەکی ئێمەیە لەبەر ئەوە شتێکی سروشتی‌یە لە چوارچێوەی ئەو پێوەندی‌یە دۆستایەتی‌یەدا کە گەیشتوەتە ڕادەی مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی هاوبەش کە یەکێتی سۆڤیەت بەردەوامبێ لە چەکداندا بە عیراق .. ئەوەی ناسروشتی‌یە ئەوەیە بەردەوام نەبێ لە چەکداندا پێمان چۆنکە بۆ متمانە بەبەك‌کردن لە نێو دەوڵەتانا دەبێ دەوڵەتان لەسەر ئەو ڕێبازو بەڵێنانە بڕۆن کە دەکەونە سەرشانیان بەڵام لەبارەی پرسیارەکەتان کە ئایا سەردانمان لە سوودیە دەگونجێ لەگەڵ پەرەپێدانی پێوەندیدا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت یا ئارەزوومان لە پەرەپێدانی پێوەندیدا لەگەڵ یەکێتی یەکێتی سوڤیەت یا ئارەزووی سۆڤیەت لە پەرەپێدانی پێوەندیدا لەگەڵمان ؟

وەڵام نا .. سوودی‌یەکان عەرەبن ،، ئێمە لە چۆنیەتی ڕژێمەکەیەوە سەیری عەرەب ناکەین چونکە ئێمە وا دادەنێین کە عەرەب چەندەها ڕژێمن هەیانە مەلیکی‌یە هەیانە کۆماری‌یە سۆشیالیست‌و ناسۆشیالیستیان تیایە هەیانە پێوەندی باشی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە هەیانە پێوەندی باشی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە هەیشیانە پێوەندی باشی لەگەڵ هەردوولادا هەیەو هەیانە پێوەندی لەگەڵ هەردوولادا باش نی‌یە ،، ئێمە عەرەب بە پێی هەڵوێستیان هەڵدەسەنگێنین بەرامبەر ئەو گیروگرفتانەی لەبەردەمدایە بەپێی توانای تێکەیشتنیان بۆیان ، لە هەموو کاتێکدا هەر هەڵسەنگاندنێك لەبارەی عەرەبەوە بیکەینێ ئەوەیە نابێ هۆی پێوەندی لەگەڵیا ببڕین بۆ ئەوەی ئەو بیروباوەڕانە کە پێکەوە هاوبەشین تیایانا قوولتریان بکەینەوەو هەڵوێستی جێگری وا بدۆزینەوە لە یەکمان نزیکتر بکاتەوە بەو جۆرەی خزمەتی مەسەلە عەرەبی‌یەکانمان بکا ، بە شێوەیەکی تەواو دەسنیشان‌کراو ئەمەیە ڕێبازمان لە ساڵی ١٩٧٤ەوە و تا ئەمڕۆیش لە پێوەندیمانا لەگەڵ عەرەبدا لەسەری دەڕۆین .

ڕۆژنامەنووسەکە :

سەرەکی بەڕێز بە نیسبەت خۆتەوەو گەلی عیراقەوە بەتایبەتی نەبەستنی کۆنگرەی سەرانی بێ‌لایەن لە بەغدادا مانای چی‌یە ؟

جووڵانەوەی بێ‌لایەن

سەرەکی بەڕێز :

ئاشکرایە حەزمان‌دەکرد کۆنگرەکە لە بەغدادا ببەسترایە لە بارودۆخێکی وادا لە توانامانداا بێ ئەرکەکانمان بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکەین‌و میواندای میوانەکانمان بکەین بۆ ئەوەی شانازی خۆمانیان بۆ دەربڕین بەو شێوە ئاسایی‌یەی جاویدانی‌ی عیراقی‌یەکان دەرخا ، بەڵام کە بارودۆخ لەگەڵ بەستنی ئەم کۆنگرەیەدا نەبوو بەپێی هەڵسەنگاندنی ئێمەو کەسانی ترو چەند لایەکی دۆست ئێمە بە شێکی ئاسایی دەزانین کە کۆنگرەکە لە دەرەوەی بەغدادا ببەسترێ ،، ئێمە نامانەوێ لەبارەی ئیمتیازاتەوە ئەرکمان گران‌بکرێ‌و باری قورسی هاتنی هەندێ دۆستمان بێتە سەر بۆ بەغداد هەرچەندە بەغداد لە بارودۆخی شەڕدابێ لە هەمان کاتیشدا نامانەوێ لا گومان‌لێکراو و نیاز خراپەکان سوود لەمە وەرگرن بۆ زیان‌گەیاندن بە جووڵانەوەی بێ‌لایەن‌و یەکێتی جووڵانەوەکە لەبەر ئەوەستین کە فەلەستینی‌یەکان لە چوارچێوەی جم‌وجووڵی سیاسی‌و پرۆژەی سیاسیدا بە پێویستی بزانن لە پێناوی مەسەلەی فەلەستینی‌دا هەرچەندە ئەگەر ڕایەکی تریشمان هەبێ لەبارەی هەر یەکێ لەم پرۆژەو جم‌وجووڵانەوە ئیستە ئەمەیە هەڵوێستمان‌و هەر وایش دەمێنێتەوە هەر ئەوەندە نوێنەرەکانی فەلەستین بتوانن بە سەربەستی خۆیان چی بە باش بزانن دەری‌برن .

لەبارەی پێوەندی ئەردەن‌و فەلەستینیش ئێمە لەگەڵ دامەزراندنی پێوەندی‌یەکاین لە نێوان ئەردەنی‌و فەلەستینی‌یەکانا بەو شێوە دەستووری‌یەی ئەوان بریاری لەسەر بدەن ،، لاتان وا نیە وەڵامەکانمان تەواون ؟

ڕۆژنامەنووسەکە :

سەرەکی بەڕێز ،، باش هەفتەیەك دەڕۆم بۆ تاران‌و چاوم بە خامنەئی دەکەوێ من دەمەوێ بە ناوی هەموو ڕۆژنامەو ڕۆژنامە نووسەکانەوە بە گشتی بپرسم ئێمەی ڕۆژنامە نووس چیمان لەسەرە بیکەین لە پێناوی جێ‌گیربوونی ئاشتیدا .. دەتوانم چی بڵێم بە خامنەئی تاکو ئارەزووی ئاشتی بۆ دەرخەم ؟

بۆ سوورن لەسەر شەڕ

سەرەکی بەڕێز :

یەکەم ئەوەتان لەسەرە بە صدام حسین بڵێن لە پێش خامنەئی چی هەڵەیەك هەیە لە سیاسەتی عیراق‌و ئاشتی‌و ئاشتی نەبووندا ، لەسەرتانە ئەوە بڵێن هەڵە لە کوێدایە لە هەڵویستدا بەرامبەر بە ئاشتی لە عیراق یا لە ئێران ، کاتێ کە صدام حسین دەخوێنێتەوەو خومەینی دەخوێنێتەوەو خامنەئی دەخوێنێتەوەو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و سەرکردایەتی عیراق دەخوێننەوە کە ئێوە ئاشتیتان دەوێ‌و نازانن بۆچی شەڕ هەر بەردەوامە شتێکی ئاسایی‌یە ئەمە لە سیاسەتەکاندا ئەوەستین کە خامنەئی دەبینی پێی بڵێ ،، ئێمە نازانین بۆ ئێوە سوورن لەسەر بەردەوام‌بوونی شەڕ ؟ ،، ئەگەر خامنەئی توانای ئەوەی هەبێ بڕیار بدا ،، لام وایە خامنەئی ناتوانی بریاری ئاشتی یا شەڕ بدا ،، ڕەنگە لەبارەی دەستووری‌و عەمەلی‌یەوە ڕای هەبێ بەڵام ڕەنگە نەتوانێ وەك ئەوەی پێویستە ڕای خۆی لەبارەی هەموو شتێکەوە دەربڕێ بە مەسەلەی ئاشتی‌و پێوەندی ئێران‌و عیراقیشەوە .

ڕۆژنامەنووسەکە :

سەرەکی بەڕێز .. لەبارەی پێوەندی عیراقەوە بە میسر ،، ئایا عیراق ڕازی دەبێ بەوەی میسر بکەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای عەرەب‌و ئەو هەواڵانە چەندە ڕاستن کە دەڵێن میسر ئامادەیە چوار تیپی سوپایی بنێرێ ؟

● پێوەندی لەگەڵ میسردا ●

سەرەکی بەڕێز :

بێ گوێدانە ئەوەی لە ڕاگەیاندنا دەیبینن لەبارەی ناردنی تیپی سوپایی‌وە بۆ عیراق ،، ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەوەی کە شەڕ دەکا سوپای عیراق‌و هەندێ داوتەڵەبی عەرەبن ،، هەندێ دەوڵەتی عەرەبیش بۆ پتەوکردنی پێوەندی نیاو عەرەب هەندێ بەشداری نموونەیی‌یان ئاشکراکرد .. ئەو میری‌یانەی لەگەڵ داوتەڵەبە عەرەبەکانا بەشداری دەکەن لە شەڕا داوتەڵەبی میسرین ، بەڵام ئاشکرایەو لام وایە سیاسەتی حسنی مبارك ڕێی ئەوە ناگرێ داوتەڵەبە میری‌یەکان لەگەڵ عیراقدا ڕاوەستن هەرچەندە ئەمە بڵاونەکراوەتەوە ، بەڵام لە هەموو حاڵێکدا سوپایەکی میری نیە لە عیراقدا .. ئەگەر ئەمەیش بوەستێ لە لایەکەوە ئێمە ڕامان ئەوەیە دروست نیە میسر لە دەرەوەی کۆمەڵگای عەرەب بمێنێتەوەو پێویستە لەسەر میسریش‌و عەرەبیش هەموویان بە هەستی لێ‌پرسراوی ئەتەوەیی‌یەوە بجووڵێنەوە کە بەسترابێ بە بەرژەوەندی ئەتەوەوە نەك بە ئارەزوو و کارتێکردنی دەرەوە بۆ ئەوەی بناغەو ڕێگای ڕاست بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی میسر بکەڕێتەوە بۆ ئەتەوەو بەشێکی هەبێ لە ڕێگای کۆمەڵگای عەرەبەوەو ئەتەوەیش بکەڕێتەوە بۆ میسر چونکە ئەوەی کە ڕاستی‌یەکی مێژوویی‌یە ئەوەیە میسر بەشێکی ئەتەوەی عەرەبە ، بەڵام پرسیارەکەتان کە کەی میسر دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگای عەرەب‌و هەڵوێستمان چی‌یە ،، لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین کە میسر پێوەندی دیپلوماسی هەیە لەگەڵ « ئیسرائیل »دا هەرچەندە شەڕ هێشتا هەر بەردەوامە یا دەستدرێژی هەر بەردەوامە لەلایەن « ئیسرائیل »ەوە بۆ سەر ئەتەوەی عەرەب‌و هەندێ دەوڵەتی عەرەبی هێشتا لەباری شەڕدان لەگەڵ « ئیسرائیل »داو ئەتەوەی عەرەب پێوەندی لەگەڵ هەندێ دەوڵەتا بڕی چونکە پێوەندی‌یان لەگەڵ « ئیسرائیل »دا دامەزراند ئینجا باری ئەتەوە چۆن دەبێ کاتێ کە ئەندامێکی‌و گەورەترین وڵاتی عەرەبی پێوەندی دیپلوماسی لەگەڵ « ئیسرائیل »دا دابمەزرێنێ‌و لە کۆمەڵگای عەرەبیشدابێ‌و پێوەندیشی ئاسایی‌بێ لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبی‌یەکانی تردا ئەمە لەگەڵ هەڵوێستی عەرەبدا ناگونجێ بەرامبەر ئەو دەوڵەتە بێگانانە کە پێوەندی‌یان نیە لەگەڵ « ئیسرائیل »دا یا پێوەندی‌یان هەیە لەگەڵیا .. با ئیسپانیا بکەین بە نموونە ئیسپانیا بە عەرەب دەڵێ مادام ئێوە هەڵوێستی میسرتان کە دەوڵەتێکی عەرەبی‌یە بە ئاسایی دانا ئیتر بۆ دامەزراندنی پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ « ئیسرائیل »دا لەلایەن ئیسپانیاوە بە بارێکی ئاسایی دانانێن ، ڕەنگە هەندێ عەرەبیش بڵێن بۆچی ناهێڵن پێوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ « ئیسرائیل »دا دابمەزرێنین لە کاتێکدا بەوە ڕازی‌بوون پێوەندی دابمەزرێنرێ لەنێوان میسرو « ئیسرائیل »دا ؟ ئەمانە ڕاستن‌و گیروگرفتیشن ، لەبەرئەوە لەسەر ئەو عەرەبانە پێویستە کە میسری نین‌و عیراقی‌یەکانیان بەشێکیانن‌و پێویستە لەسەر میسری‌یەکانیش کە هەموویان پێکەوە بەپێی ئەرکی ئەتەوەی‌یان بیربکەنەوەو وەڵامی ڕاستی ئەم پرسیارانە بدەنەوەو چارەیەکی پرهەستی بیەن بە شێوەیەکی برایانە ، بۆ ئەوەی میسر بەشێکی کۆمەڵگای عەرەبێ بە جۆرێ هێز بداتە هەڵوێستی عەرەب ، نەك پارسەنگی هەڵوێستی سیاسی‌و کێشەیی عەرەب لەنگ بکا ، عیراقیش پاش ئەوەی متمانەی بەوە کردوە لە مردنی ساداتەوە ، کە حوسنی موبارەك سادات نیە .. لای وایە پێویستە لەسەر عەرەب بە شێوەیەکی برایانە لەگەڵ حوسنی موبارەکدا باسی ئەو ڕێگایە بکەن کە بەهێزی دەکاو عەرەبیش بەهێزدەکاو نە ئەو نە عەرەبیش دەخاتە بارێکی لەقەوەو لە هەمان کاتدا دەبێتە ڕەگەزێکی هێز بۆ عەرەب هەموویان ئەگەر میسری بن یا سعوودی یا عیراقی یا سووریایی یا مەغریبی ،، ئێمە بیر لەم شتە دەکەینەوە بەڵام بەس‌نیە ئێمە بە تەنیا بیربکەینەوە بەڵکو پێویستە میسریش بیربکاتەوە ، ئەبشێم پێویستە میسر بە شێوەیەکی درێژتر بیربکاتەوەو عەرەب نەخاتە کارەساتێکەوەو نەبان‌خزێنێتە بارێکی قورسەوەو لە هەمان کاتیشدا پێویستە عەرەبیش میسر ڕووبەڕووی کارەساتێك یا بارێکی قورس نەکەنەوە ، ئەمەیە ئەو بیروباوەڕەی کە بە گوێرەیان وەڵامی پرسیارەکەتان دەدەمەوەو لام‌وایە ئەم وەڵامە میسر دەکاتە ئەندامێکی کاریگەری سەرکردایەتی لە دەرەتانی عەرەبداو ئەمەیە هیوامان لە میسرو ئەوەی دەمانەوێ بۆی .

ئینشەڵلا بە خۆشی دەتانبینم‌و سڵاوم بۆ گەلی ئیسپانیاو پورتەگال‌و سڵاومان بۆ کاربەدەستو پارتەکانی هەردوو وڵات‌و هیوای خۆشی‌و سەربەرزی‌و دڵنیابوونتانم هەیە .. کاتێکی‌شادو خوا حافیز .

بڕیارمان‌دا کە دژی هیچ تێڕوانینێك نەوەستین کە فەلەستینیەکان بە پێویستی بزانن

ئەوە بڕیارمان‌دا ئەم ڕایە بگەیەنین بە دەوڵەتە بێ‌لایەنەکان لەبەر خاتری ئەو هەڵوێستە ئاشکرایانەی کە بەرامبەر بە جووڵانەوەکە هەمانە .

ڕۆژنامەنووسەکە :

سەرەکی بەڕێز هەندێ نەخشەو پرۆژەو هەوڵ لەبارەی گیروگرفتی فەلەستینەوە حەز دەکەم ئەگەر جەنابتان هەڵوێستی عیراقمان بۆ ڕوون‌بکەنەوە لەبارەی مەسەلەی فەلەستین .

سەرەکی بەڕێز :

هەڵوێستی عەرەب کە لە کۆنگرەی فاس‌دا بڕیارمان لەسەردا ئەوەیە کە دژی هیچ تێڕوانینێك دەردەکەون .. کە خامنەئی دەبینی پێی بڵێ ،، ئێمە نازانین بۆ ئێوە سوورن لەسەر بەردەوام‌بوونی شەڕ ؟ ،، ئەگەر خامنەئی توانای ئەوەی هەبێ بڕیار بدا ،، لام وایە خامنەئی ناتوانی بریاری ئاشتی یا شەڕ بدا ،، ڕەنگە لەبارەی دەستووری‌و عەمەلی‌یەوە ڕای هەبێ بەڵام ڕەنگە نەتوانێ وەك ئەوەی پێویستە ڕای خۆی لەبارەی هەموو شتێکەوە دەربڕێ بە مەسەلەی ئاشتی‌و پێوەندی ئێران‌و عیراقیشەوە .

ڕۆژنامەنووسەکە :

سەرەکی بەڕێز .. لەبارەی پێوەندی عیراقەوە بە میسر ،، ئایا عیراق ڕازی دەبێ بەوەی

Institut Kurde de Paris

گەلی کورد دلسۆزی عیراقو قوربانی بۆدەدات

● شاعیری نەمری کوردفانق بێگەسی دەڵێ تـ

دۆستی کوردو عەرەبژۆر کۆنە تەئریخ شاهیدە
ناحەزی ڕووڕەش لەداخا بایەخەی خۆی دابڕێ •

گەلی کورد لەم کوردستانە ، خاوەنی تێژوو کلاوەساتو بکرەو بەردەی ئەم وولاتەیە وەك بەسرای عەرەبی ، لەکاتێکدا کە ڕژێمی خوێن‌ڕێژی خومەینی هێرش دەهێنێتە سەرستوری وولاتمان ، لەم خاکە داگیردەکات ئەمە خاکی باوك‌و باپیرانمانە ... دەبێ چەك هەلگرین لەپێناوی قوربانی بۆ بدەین ، چونکە عیراق روخساری هێژوو سەرفرازی هەردوو گەلی کوردو عەرەبی پێوەیە ....
لەبەر ڕۆشنایی ووتارەبەنرخەکەی سەرەکی فەرماندە هەڤال صدام حسین کە لەکاتی بەخشینی مێدالیای ئازایەتی بەچەند سەربازێکی کوردا دای رای چەند براەدەرێکی لێپرسراومان دەرگرت لە دەزگاکانی ئێژنۆمی کوردستان ...

● لەپێشدا بەڕێز مامۆستا « عماد شیخ عثمان بارزانی » بەریزەبەری گشتی دیوانی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان وتی :ـ

ووتارە بەنرخەکەی سەرەکی تێکۆشەر صدام حسین لەکاتی بەخشینی مێدالیای ئازایەتی بۆ چەند سەربازێکی کوردو ئەو قسەو باسانەی کە لە دانیشتنەکەدا کردی ، دەستنیشانی ئەو راستی‌یە پیرۆزەبوو کە دەبێت هەموو عیراقی‌یەك هەستی پێ‌بکات‌و بەکردار جێ‌بەجێی بکات... چونکە سنوری عیراق ساڵەهای ساڵە دەپارێزرێ‌و خوێنی کوردو عەرەبی لەپێناودا دەڕێژرێ... گەلی کورد قەت ڕۆژێك بەخەیالیدا نەهاتووە کە ڕێگا بە دوژمنان بدات بێتە ناو خاکی عیراقەوە ، ئەمڕۆش ڕژێمی خومەینی خەیالی خاوە کە بتوانێ بەسەر ئیرادەو کەرامەتی کورد زاڵ‌بێ • ... نەخێر چونکە سەرکردایەتی سیاسی لە عیراق گەلێك دەسکەوتی بۆ گەلی کوردمان هێناوەتە کایەوەو لە سەروی هەمووشیانەوە چارەنووسی ئەم میللەتە (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بوو • • • ناوەڕۆکی ئەم ووتارە گەلێك لایەنی سیاسیانەی لە خوێنی کوردو عەرەبی لەپێناودا دەڕێژرێ... گەلی کورد قەت ڕۆژێك بەخەیالیدا نەهاتووە کە ڕێگا بە دوژمنان بدات بێتە ناو خاکی عیراقەوە ، ئەمڕۆش ڕژێمی خومەینی خەیالی خاوە کە بتوانێ بەسەر ئیرادەو کەرامەتی کورد زاڵ‌بێ • • • ئەخێر چونکە سەرکردایەتی سیاسی لە عیراق گەلێك دەسکەوتی بۆ گەلی کوردمان هێناوەتە کایەوەو لە سەروی هەمووشیانەوە چارەنووسی ئەم میللەتە (ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان) بوو • • • ناوەڕۆکی ئەم ووتارە گەلێك لایەنی سیاسیانەی لە ژیانی میللەتەکەمان ڕوون ـ کردەوە ، کەواتە ئەمڕۆ لە قۆناغی جەنگی ڕەواماندا دژی ڕژێمی ئیرانی بەکرێگیراو دەبێ میللەتی کورد زۆرجاران زیاتر خەبات بکات بۆ پاراستنی وولاتی عیراق ... ئەگەر بێ لەوە بکەینەوە ڕژێمی خومەینی چاکەکاری ئێمەی بوێ • • • پێی دەڵێین جاری خودموختاری بدە برا کوردەکانی ئیران ... بەڵام هەرگیزاو هەرگیز میللەتی کورد لەگەڵ ڕژێمە خوێن‌خۆرەکەی تاران نیەو هەمیشە لەگەڵ « صدام حسین »دایە ...

● ئێنجا بەڕێز مامۆستا « ابراهیم زەنگەنە » بەریوەبەری گشتی دیوانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی کوردستان هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم ووتارە گرنگەی سەرەکی فەرماندە هەڤال صدام حسین‌دا وتی :ـ

ئەوەی راستی بێ ئەم ووتارە بەگوێرەی گەلی کوردمان لەکوردستاندا کارێکی تەواوی هەبوو ، لایەنێکی ئیجابیانەی خستە روو بۆ یەکگرتنی تفەنگەکان بەرەو ڕژێمی ئێرانی بەکرێگیراو ...

با قسە لە ویژدانەوە بکەین، دەبینین سەرکردایەتی سیاسی لەسەروی هەموو شیانەوە سەرەکی فەرماندە هەڤال صدام حسین هەموو توانایەکی خستۆتە کار بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئۆتۆنۆمی بە هەموو بوارەکانیەوە چ لەرووی ڕۆشنبیری‌یێت یان کۆمەڵایەتی یان شارستانیەتی‌یێ ، بە پێچەوانەی گەلی کوردمان لەکوردستانی ئیرانەوە کە ڕژێمی خومەینی ڕۆژی بەدەیان فرۆکەکانی دەنێرێتە سەر لادێ‌و شارە کوردەواری‌یەکان‌و بەدەیان منال‌و پیاوو ئافرەت دەکوژێ • • • • ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بێ‌بەشی کردون لە زگماکترین مافی خۆیان کە خوێندنە بە زمانی خۆیان •••

لەم ڕوانگەیە عیراقی شۆڕش دەڕوانێتە هەموو عیراقیەك بە هەموو نەتەوەکان‌و ئایینەکانەوە • • بۆیە لەسەر هەموومان پێویستە پارێزگاری لە کەرامەت‌و شەرەف‌و نیشتمان بکەین••

جا ووتارە بەنرخەکەی هەڤال صدام حسین لەکاتی بەخشینی مێدالیای ئازایەتی بەچەند سەربازێکی کورد، بەلگەیەکی کارامەیە بۆ کارکردن‌و بەرنامەیەکی پێشکەوتنخوازانە لە پێناو بنیاتنانی عیراقێکی گەشەدار لە سایەی سەر ـ کردەی تێکۆشەر کە فێری کردین وانەی ئازایەتی‌و دیموکراتیەت‌و بەرگری لەخاك فێرببین ••••

● ئێنجا خوشکە «پەروین مجید » ڕازگری یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق لقی هەولێر ، هەستی خۆی لەم ڕووەوە دەبڕی‌و وتی :ـ

گەلی کورد کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی بێ لە کوردستانی عیراقدا دەبێ چ جۆرە خەباتێکی‌بێ بۆ پارێزگاری کردن لە خاکی عیراق ... بەسەرۆکایەتی سەرەکی فەرماندە هەڤالی تێکۆشەر صدام حسین •••

لەم ووتارە پیرۆزەدا خەباتی ناوکۆی هەردوو گەلی برا کوردو عەرەبی زیاتر بەتین ـکرد لە سەر بناغەی پاراستنی ئەم وولاتەو بەرپەچدانەوەی ڕژێمی خومەینی چلکاوخۆر ••••

ئافرەتانی کوردستانیش، هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە بۆ ئەوەی بتوانن لە بارو زروفی ئەم جەنگە پیرۆزەمان بەشداری‌یەکی تەواوبکەن ، چونکە گەلی عیراق ئەمڕۆ لەنێو گەورەترین هەڵوێستی پیاوەتی‌دا دەژیت ئەویش بەربەرەکانی کردنە •• •• بۆ سەرفرازی وولاتێك کە ئێمەی لێ‌گۆش کراوە کورد خاوەنی مێژوویی خۆیەتی‌و پارێزگاری لەم عیراقە دەکات ، چونکە ئەرکی سەرشانی هەموو عیراقیە کە •••

نووسینگەی هەولێر

به تەلەفۆن ، لە نووسینگەی سلیمانی :

کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی لقی سلێمانی

لەژێر دروشمی (قوولکردنەوەی دەوری ئافرەت لە بنیاتنانی عیراقێکی نوێداو ڕەتکردنەوەی لە هەستی قادسیەی‌صدامدا) •

ڕۆژی شەممە بە چاودێری بەڕێز قایمقامی مەلبەندی پارێزگای سلێمانی ، یەکێتی‌ی ئافرەتانی عیراق لقی سلێمانی کۆنگرەی گشتی‌ی سالانەی خۆی لە هۆڵی کارگەی جگەرەی سلێمانی بەستووو ئەمەیشن بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی صدام دەستی پێ‌کرد ، دوابەدوای ئەمەیش دەستکرا بە هەڵبژاردنی سەرەك‌و جێگری سەرەك‌و سکرتێری کۆنگرە ، لە دواییشدا لە لایەن سەرەکی کۆنگرەوە دەستکرا بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لقی مەلبەندی ئافرەتانی سلێمانی کە تایبەتی‌بوو بە سەر ـ کردنەوەیەکی گشتی تێکڕای چالاکی‌یە جۆربەجۆرەکانی لقی یەکێتی‌ی ئافرەتانی سلێمانی کە بەشی زۆریان تەرخان‌کرابوون بۆ پالپشت‌کردنی جەنگی ڕەوای وولاتمان جەنگی قادسیەی صدام دژی ڕژێمی ئێرانی ڕەگەزپەرست‌و بەسەرکردنەوەی دەوری ئافرەت لەم‌بوارەدا •

هەروەها بەسەرکردنەوەی ئەو کۆڕانەی کە بەم بۆنەیەوە سازدراون‌و ئەو چالاکی‌یە هونەری‌یانەی کە لقی ناوبراو جێبەجێی کردوون وەکوو چەندەیا پێشانگای هونەری‌و وێنە فۆتۆگرافی‌و بازاڕی خەیری •• هتد •

دوابەدوای ئەم ڕاپۆرتەیش بواری لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕاپۆرتی ناوبراو کرایەوەو هەر لەم ڕووەشەوە بواری خۆهەڵبژاردنی دیموکراتی بۆ ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی ئیدارەی لقی یەکێتی کرایەوە کە تیایدا پازدە ئافرەت خۆیان هەڵبژارد ، شایانی باسە لە کۆتایی کۆنگرەکەدا کەسەرباری سەرەك‌و ئەندامانی لقی یەکێتی چەند نوێنەرێکی یەکێتی‌و ڕێکخراوەکانی پارێزگای سلێمانی ئامادەبوون ، بەبرووسکەیەك بۆ سەرەکی فەرماندە صدام حسین کۆتایی بە کۆنگرەکە هێنرا کە تیایدا سەر لە نوێ بەناوی هەموو ئافرەتانی پارێزگای سلیمانیەوە دووپاتیان کردەوە کە هەمیشە ئافرەتانی سلێمانی شان‌بەشانی ئافرەتانی هەموو عیراق سەنگەرێکی پتەوبن بۆ بەرگری‌کردنی خاك‌و ئاوی نیشتمانمان‌و کۆڕبەـ گۆڕکردنی ئەو پیلانانەی کە ئیمپریالیزمی جیهانی‌و زایۆنیزم دژی وولاتەکەمانی دەنەخشێنن‌و هەمیشە سەربازێکی ووریاین بۆ بەربەرچدانەوەی ئەو هێرش‌و دوژمنکاری‌یانەی کە ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران، دژی عیراقی خۆشەویستمانی دەگێڕێت •

لە بەریوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر

بانگ کردنی ڕۆشنبیرانی کورد بو بەرەو پێشەوە بردنی ڕۆشنبیری کورد

ن•د نوسینگەی هەولێر

بەریوەبەرایەتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە هەولێر کۆڕێکی فراوانی سازکرد بۆ تەنگ‌وچەڵەمەو پێشنیاری بەجێ لە پێناوی بەرەوپێشەوەبردنی ڕۆشنبیری کوردی لە کوردستاندا •••

لەم کۆڕەدا هەڤال عبدالمحسن خلیل ڕازگری پیشەیی لە سەرکردایەتی هۆبەی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی لە هەولێر قسەی کردو وتی :ـ

پێویستە ڕۆشنبیرانی کورد بگەنە ئەو ڕاستی‌یە کە ئەم قۆناغەی دەست‌و قەڵەمی ئەوانی ئەوێ ••• چونکە هەموتان داوای ئەوەو دەکەن کە ڕژێمی شۆڤینی‌یەت‌و خوێن‌خۆران بروخێ لەم بارەیەوە ڕژێمی بەکرێگیراوی ئێران هیچ درێغی‌یەکی نەکردووە لە خوێن‌ڕشتنی‌و سیاسەتی شۆڤێنیانە ، بۆ نموونەش چەوسانەوەو لە سێدارەدانی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئیراندا گەورەترین بەڵگەی ئەم‌ڕاستی‌یەن ، ••• جا لە سەر هەموومان پێویستە لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا قەڵەمەکانمان وەك گوللەی تفەنگی دەستی جەنگاوەرەکانمان وابێت بۆ ناوچاوی ڕژێمی بەکرێگیراوی ئێرانی کە دەیەوێ خاکی وولاتمان بەزۆرەملی داگیربکات ئینجاوتی :ـ

حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستی باوەڕی تەواوی بە ئۆتۆنۆمی هەیەو هەمیشە لێی پاشگەز نابێتەوەو بە بێچەوانەوە بەردەوام بەرگری لێ‌کردوەو تەقەلای گەشەسەندن‌و پتەوکردنی داوە ، باشترین بەڵگەش وتەکەی سەرەکی فەرماندە هەڤال صدام حسینـە کە دەڵێ « ئێمە باوەڕمان بە ئۆتۆنۆمی لەق نابێ » •••

● ئێنجا دەست بەگفتوگۆکردن کرا دەربارەی بارودۆخی ئەمڕۆی ڕۆشنبیری کوردی کە چەند مامۆستایەك بەشداری‌یان تێدا کرد لەمانە حسین ڕشوانی ، عبدالوهاب تاڵەبانی ، عزالدین فیضی ، جمال هدایت‌و نوسەری ئەم ڕاپۆرتە •

ئەوەی شایانی باسیش‌ـ بێت مامۆستا محمدامین محمد احمد ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوانی ناوچەی کوردستان لەم کۆڕەدا ئامادەبوو باری سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو مەسەلانەی باس‌کران دەربڕی •

ئێکەتیا قوتابیت کوردستانی تایی د هۆکی و هندەك چالاکیە بزاڤ

ئێکەتیا قوتابیا ل دهوکێ ژلگەرێن گەنج و سەر خۆ ، هەر دەم پڕبزاڤ و چالاکی لەوا مە خۆ گەهاندێ دا. بزانین کا ئەوبزاڤ و چالاکی چنە و چ کارێ وێیە دفی دەرافی‌دا•••هەلبەت دوێ دەلیقا چاف پێ کەفتنا مە دگەل لیژنا لەقی‌هەمی برادەر ، سەرەك و تەف نەندام د ئامادە بون •

لسەرێ گفتوگویا مە دەربارا کارو بارێت ئێکەتیێ ، برادەر سەرەکێ لەقی کاك (بنگین ـ عبداللە هدرش) ی ئاخفتن بری و گوت :

تو یێ مە دبینی ئەف هەڤالێن هەنێ ئەندامێت لەقی نە و هەر ئێکی کارێ خۆ و ئوبالا خۆ یا هەی ئو ئەو ژی ئەفە نە :

بنگین عبدالله هدرشی : سەرەك :

بطرس میخە متی :
جێگرێ سەروکی •
سردار طه محمد :
لێ‌پسراوێ تاخێ •
بایز محمد احمد :
لێ‌پسراوێ ئافاهێن ناف خویی •
عماد سلیم :
لێ‌پسراوێ ڕێفەبەریێ و سامانی •
رمزی شێخان :
لێ‌پسراوێ ڕێك و پێك کرنێ •
لیث حسن عمر :
لێ‌پسراوێ ڕەوشەن بیریێ •
صبیحه جمیل :
لێ‌پسراوا بەلاف کرنێ •
اسراء محمد حسن :
لێ‌پسراوا تاخێ قوتابێن کچ •
محمد عبدالوهاب :
لێ‌پسراوێ تاخێ زاخو •
یاسین رؤوف :
لێ‌پسراوێ تاخێ ئامێدیێ•
ئەڤجا هەر ئێك ژ برادەران بکارێ خۆ رادبیت بدرستی•

پاشی کاك (بنگینی) بەرسڤا مە دا لسەر چالاکیێن هاتینە کرن د ساڵا بوری دا و گوت :

براستی بزاڤێت مە گەلەکن چونکو چ بیرهاتن نە بورینە مە چالاکی یەك ژێرا نە کربیت ، ئو هندەك ژ وان ئەڤە نە :

× پێشانگەهەکا (پوستەرا سیاسی)یا مەلبەندی ، ل سەرایا دهوکێ مە دانا بهلکەفتنا حەفتێ نیسانێ •

× ڕۆژنامێن دیوارا لهەمی خاندنگەها مە هلاویستن •

× مە پشکداری دکارێ مللی دا کر ل هندەك جها •

× چەند کورێن ئەکری بۆ تەف لیژنێت ئێکەتیێ مە کرن ، د گەل پشکداریا ڕێڤەبەریا گشتی‌یا پەروەردێ، ئەوێن کو گەلەك گیر و گرفتێن قوتابیا مە پێ چارە سەرکرین •

× کورەکێ ڕەوشەبنیری مە پێك ئینا لسەر بەکەر بەکێ ئەرزی بئامادەبونا ماموستا (کریم فندی) سکرتێرێ ئێکەتیا نفیسەفا‌ـ نێت کورد ل دهوکێ •

× مە سەرا هەمی تا و لیژنێت ئێکەتیێ دا لهەمی دەفەرێ •

× مە پشکداری دهەمی یارییێن وەرزشی دا کر لبارێزگەهێ و دگەلەك هلکەفتنا دا •

× پشکدار بویین د فیستیڤالا سترانا سیاسی دا لهەولێرێ ، ئەوا کو ئەم برادەیا ئێکێ دەرکەتین بسترانا کت کت دا •

× پشکدار بویین دفیستیڤالا سترانا سیاسی دا لبەغدا لسەر ئاستێ عیراقێ ، ئەوا کو دیسا ئەم برادەیا ئێکێ دەرچوین بلێدانا بزقێ •

× هەر وەسا مە دەرگەهێ (تطوع) ئێ بۆ قوتابیا فەکر، ئو هژمارا خۆ نڤیسا بۆ هندێ گەهشتە هەشت هزارا •

× ئەم بهێرشەکا دانا خوینێ رابوین بۆ هەوڵا جەنگی ، ئو هژمارا خوین دەیا گەهشتە بێنج سەد قوتابیا •

× ئێکەتیا مە قولەکێ لەشکەرێ مللی پێك ئینا و دانا تاخێ ئاکرێ ، دفێ چونا مە دا ، هەڤالەکێ مە شەهید بو دەمێ ترمبێلا وێ وەرگەریای برێڤە ، ئەو ژی قوتابی بو لئامادەیا دهوکێ یا ئێفاری ، نافێ وی (احمد یونس) بو • ئەڤە هندەك بزاڤ و چالاکیێت مە بون دساڵا بوری دا ، مە هیڤی یە دڤێ ساڵی ژی دا ئەم هەر هەوڵ و شیانێ بدەین بۆ پێش ئێخستنا قوتابی ئی خوشتڤی •

پاشی هندێ مە پسیارەکا دی ژ برادەران کر دەربارا ژفرینا خوێندنا کوردی ل دەڤەرا ئوتونومی • ئینا هەڤال سەرەکێ لەقی سەر ئاخفت و گوت :

ـ براستی نهە ئەم نەشێین دیدارا خۆ بڤی بابەتی دیارکەین چونکو بریار هێشتا یا لسەرێ ڕێکێ دچیت • بەڵێ هەلبەت یا لجهێ خۆیە و پێنگافەکا بەرکەتیە درێیا ئوتونومیدا • ئو قوتابی گەلەك پێ خوشبون دەمێ پەرتوکێن کومەڵایەتیێ ئەگەریاینە کوردی لخاندنگەهێن کردی•

● پسیارەکا دی مە هەبو دەربارا هەڤکاریا ئێکەتیا قوتابیێت کوردستانێ ـ تایێ دهوکێ•

رمضان عیسی
نووسینگەی دهوك

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

دەق ووتە گرنگەکەی سەرەکی فەرماندە «پاشماوە»

تەواو کردووە بۆ دەستکردن بە کارێکی نوێی سەرەڕۆیی دژ بە خاکی عیراق و گەلی عیراق و ، دژ بە سوپای عیراق .. هێزە گردبووەوەکانیان ئێستا لە کوێدا کۆبوونەتەوەو .. بە چی سەبارەت ئەو زانیاری و هەواڵە دژبەکانە دەدوێن کە دەربارەی هێرشی چاوەڕوان کراو دەکرێن ؟

هەموو پێداویستی‌یەکانی تێکشکاندنی هێرشەکەمان ئامادەکردووە

سەرەکی بەڕێز :

ئەوەی لە لای ئێمە چەسپاوە بگرە شتە زۆر ووردەکانیش ، ئەوەیە مۆڵدانی سەرەکی‌ی هێزەکانی دوژمن ئێستا لە کەرتی میساندایە،ئەگەر چی دوژمن کەرتەکانی تری بەرانبەر بە سوپاکەمان لە هێزەکانی خۆی خاڵی نەکردووە ، ئەمەیش کارێکی ئاشکرایە ، چونکە جەنگ هێشتاکە بەردەوامەو لەبەرئەوەی بەردەوامە ئەوا هەموو لایەك خۆی قایم دەکات رووبەڕووی پارچەکانی لایەنی تر . بە چەشنێك هێزێکی هاوسەنگی هەبێت بۆ رووبەرروو بوونەوەی شتە کوتوپڕی‌یەکان لەم کەرتە یان کەرتەکانی تری جەنگ لەبەر ئەوەیشە ئێمە قورسایی‌یەکی هاوسەنگی لە سوپاکەمان لە هەموو کەرتەکانی جەنگدا دەهێڵینەوە لە هەمان ئەو کاتە کە بە پارچەکان موناوەرە دەکەین بە گوێرەی پێویست ، لە سوودی کەرتی میسان ، هەرچۆنێك بێت ئەو زانیاری‌یە تەواوانە لە لامان ئەوەیە ئەو بڕیارەی لە لایەن لێپرسراوانی ئێرانەوە بڕیاری لە سەردراوە ، ئەوەیە کە رووی سەرەکی‌ی کارە سەرەڕۆیی‌یە نوێ‌یەکەیان کە خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن ڕۆژهەڵاتی میسان دەبێت ، ئێمەیش هەموو شتێکمان ئامادە کردووە بۆ تێك شکاندنی ئەم هێرشەو گۆڕ بە گۆڕ کردنی کارە سەرەڕۆیی‌یە نالەبارەکەیان هەر لە سەرەتایەوە ، سووربوونی ئێمەو سووربوونی سەرکردایەتی‌و هێزە چەکدارەکان ئێستا ، نەك هەر پووچەڵ کردنەوەی هێرشەکەو . واز لێ‌نەهێنانیەتی ئامانجە دەستدرێژی‌یە نالەبارەکانی وەدی بهێنێت ، کە بە یارمەتی‌ی خوا وادەبێت، نەك هەر ئەمەیەو بەس بەڵکوو گرنگ ئەوەیە یان لە رادەی گرنگی‌یە دایە لەناوبردنی هێزە هێرش هێنەرەکەیە لە ناو بردنێکی تەواو یان دەستگیرکردنی ئەوەی نایەوێت بجەنگێت بۆئەوەی بارێکی سیاسی‌و سوپایی تایبەت بەسەر پەیوەندداران بەم کارە سەرەڕۆیەوە بسەپێنین وایان لێ‌بکات لەبەردەم گەلانی ئێراندا کە تووشی بەلایان بووە زۆر بکەوێت .

● **پرسیار :**

چەنابی سەرەك بۆچی کەرتی میسانیان هەڵبژارد کەرێکی تریان هەڵنەبژارد .. ؟!

زۆرشت دەربارەی نیازەکانیان دەزانین

سەرەکی بەڕێز :

ئێمە زۆرشت دەربارەی نیازەکانیان دەزانین ، چەند هێزیکش هەن هەموو ڕۆژێك هەوڵ دەدەن بۆیان بنەخشێننەوە کەرتێك لە کەرتەکانی جەنگ هەڵبژێرن‌و کاروباریان لە چوارچێوەی حساباتی سیاسی‌و سوپایی‌دا بۆ بنەخشێننەوە کە ئەم هەڵبژاردنە لە هی‌تر باشترەو ، نامەوێت لەم جۆرە شتە ووردانە بدوێم کە تیشکێك ، دەخاتە سەر سەرچاوەکانی زانیاریمان بەڵام ئەوەی کە دەیڵێین بە پێی ئەوەی بارودۆخی سوپایی ڕێگەمان پێ دەدەن ئەوەیش ئەوەیە کە ئەوان لەو باوەڕەدان کە هێرشیان لەم کەرتەدا لەوانەیە ئاسان‌تر بێت چونکە تەرتیباتی داکۆکی کردنی زۆر دواکەوتوو هات‌و ، ئەوانیش بەهەڵەدا چوون لەم حساباتەدا چونکە تەرتیباتی داکۆکی کردنی پارچەکانمان لەم کەرتەدا قەڵایەکی پتەوە بەیارمەتی‌ی خوا پیلانە نالەبارەکانیان لەسەری‌دا هەپروون هەپروون دەبن‌و ، پتەوکردنی سەنگەرو خۆ قایمەکردنەکانمان لەم کەرتەدا لەو هۆیانە بوون کە هێرشەکەیان دوابخات هەروەها ئەوان لە هەموو کەرتەکان شکستی‌یان تووش هات‌و ، کاتێکیش دەستدرێژی‌یەکەیان پەرە پێ‌دەدەن .دەبێت هێرشەکەیان لەیەکێك لەکەرتەکانی جەنگدا دووبارە بکەنەوە ، کە وایان لێ‌دەکات ئەم کەرتە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی لێوەی هێرشەکەیان دووبارە بکەنەوە کە لەوباوەڕەدان دەتوانن ریگەی بەسرە ـ بەغدا ببڕن ، ناشزانم چۆن ئەم بیرە گاڵتە جاری‌یانەیان لەلا گرد بووەنەوە !! چونکە ڕێگایەك کە ببڕێت دەبێت کەرتەکان لەسەری بن ، یان دەبێت توانای کۆنترۆڵ کردنی هەبێت بە ئاگری ئاراستە کراو ، ناشتوانرێت ڕێگا بپچڕێت تەنیا بەوەی کە هەندێك تۆپخانەی دوور مەودا توانای هەیە مووشەکەکانی پێ بکەیەنێت ، بۆ ئەوەی کە بەئاگری ئاراستەکراوی تانك بە سەر ڕێگایەکدا زاڵ ببێت ، بۆ وێنە دەبێت پارچە پەیوەندداره‌کان بگەنە مەسافەیەك کە لەشەش کیلۆمەتر کە متر نەبێت ڕێگای بەسرە ـ بەغدا وەر دەچەرخێتەوە بۆ ئەوەی لە سنوورەوە نزیك ببێتەوە لە هەندێك کەرت‌دا ، تا وای لێ‌دێت دەکەوێتە بەر ئاگری تۆپخانە دوور مەوداکانی ئێرانی دوژمنەوە ئێستا ، هەندێکیش دژواری‌ی خۆ ئامادەکردن هەیە کە نایەڵن ئەم کارەیان لەدەست بوە شتێتەوە ئێستا ، سەرەڕای ئەوەی ئەم باسەیە هیچ سوودێکی نی‌یە ئەگەرچی بشتوانن هەموو ئەو دژولری‌یە خۆئامادەکردنانە چارەسەر بکەن ، ئەم ڕاستی‌یەیش سوپایی‌یە ئێرانی‌یەکان بەتەواوەتی دەیزانن‌و دەشزانن کە تۆپخانەکانمان لە سەنگەرەکانیانەوە دەگەنە زۆر لە ڕێگا سەرەکی ـ یەکانیان بەبێ ئەوەی بتوانن بیانپچڕن ، تەنیا بۆ وێنە ، ڕێگای محەمەرە ـ ئەحواز .

● **ئەو هەوڵانەی سەرناگرن** ●

سوپایی‌یە ئێرانی‌یەکان بەگوێرەی زانیاری‌یەکانمان بۆ دەستپێ‌کردنەوەی هێرش بۆ سەر خاکی عیراق سوورنین ، چونکە بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە گومانی تی‌دا نەبێت دەزانن ، ئەم جۆرە هەوڵانە سەرناگرن‌و ، دەرك بەو زیانە زۆرانە دەکەن لێ‌یان دەکەوێت بەبێ ئەوەی ئەنجامێکی ڕاستەقینەیان دەستگیربێت لەوانەیشە لە ژێر باڵەپەستۆی سیاسی‌یەکاندا بیانەوێت بایەخی خۆیان بخەنە سەر ئەم کەرتە بۆ ئەوەی ژمارەیەك تۆپخانە بۆ شوێنێك پاڵ پێوە بنێن وایان لێ‌بێت بتوانن هەندێك لە گوللەکانیان بکەیەننە ڕێگای بەسرە ـ بەغدا . بۆ ئەوەی بە سیاسی‌یەکان بڵێن ئێمە ڕێگای بەسرە ـ بەغدامان پچڕیوە . لەبەر بێ‌مێشکی‌و نەزانینی سیاسی‌یەکان لە تاران‌دا ئەوا دەکرێت ئەم جۆرە قسەیەیان بەسەردا تێبپەڕێت . هەرچۆنێك بێت ئێمە بەیارمەتی‌ی خوا بەدڵنیایی دەڵێین ـ ئەوان ناتوانن بگەنە ڕێگای بەغدا ـ میسان یان بەئاگری ئاراستەکراو کۆنترۆڵی بەسەردا بکەن ، بەبێ ئەمەیش سوپاکەیان‌و هەموو دەستدرێژی‌کەرە چاوچنۆکە گومان لێ‌کراوەکان گۆڕ بەگۆڕ دەکرێن‌و لە پێناوی ئەوەی هاووڵاتیان‌و ، بیروڕای گشتی ئاگاداری ئەم ڕاستی‌یانە بین ، ئەوا ئێمە لەدوان دەربارەی مەسەلە مەنتقی‌یەکان لەلایەنی تیوری‌یەوە ئاڵوزنین . بەم جۆرە ڕێگامان بدەن لەلایەنی جەدەلی‌یەوە گریمان ئێرانی‌یەکان لە خاڵی وەرچەرخانەوەی ڕێگاکە نزیك بوونەوە بە مەسافەیەك بۆیان‌دابین‌بکات هەندێك گوللە تۆپ بکەیەننە ڕێگا کە لەوانەیە وا بکات هات‌و چۆ کەران نەتوانن بە ڕۆژ بێیدا تێپەڕن ، یان لە توانامانا نی‌یە خۆمان لەم خاڵانە لابدەین لەم ڕێگایەوە چی لە ڕۆژهەڵاتی رووبارەکەدا یان لە ڕۆژئاوایی‌دا ، یان چوون بە چەند ڕێگایەکی تردا لەو پەڕی باکوورەوە بۆ ئەم پەڕی باشوور درێژە دەکێشن‌و دەگەنە بەسرە ؟!! ئەم ڕاستی‌یانەیش‌دا دەردەکەوێت چی‌تێك چوونێك لە ئەقلیەتی دەستەڵاتدارانی ئێران‌دا هەیەو ، چی بێ‌مێشکی‌یەکی کوشندە لە مێشکی سیاسی‌یەکاندایە لە ئەوان‌بە زانینی کاروباری جەنگ یان کاروباری ژیان !

هەرچۆنێك بێت ئەوا نەیتوانی بگاتە بەسرەو مەندەلی ئەگەرچی هەردوکیان لە ڕێگای بەسرە ـ بەغدا زۆر نزیك ترن لە سنوورەوە ، ئەوا شتێکی ڕوونە ناتوانێت بگاتە ئەم ڕێگایەو ، بەیارمەتی‌ی خوا گۆڕ بەگۆڕ دەکرێت ، لەسەر دەستەڵاتدارانی ئێرانە پەند لەو دەرسانە وەربگرن بەر لەوەی قسە پووچەڵەکانیان بکەن‌و ئاوات بۆ خۆیان بخوازن خەونی پووچەڵ وەدی بهێنن . هیچ شتێکیان لەسەر نی‌یە ئەوە نەبێت کە دەبێت مەنتیقی بن‌و ، بەتەنگی گەلەکانیانەوە بن‌و ، خۆیان لەخوێن ڕێژی لابدەن‌و ، بۆ ڕێگای ئاشتی بکەوێنەوە .

پرسیار : چەنابی سەرەك ، بەچی ئەوەشی دەکەنەوە کە خومەینی ئەم ڕۆژانە باسی جەنگ‌و پاڵنان بۆ بەرینەوە لە سنووری عیراق ناکات وەك لەوموەپێش وای دەکرد .. ؟

سەرەکی بەڕێز :

خومەینی وەك ووتمان سیاسی‌یەکی مناوەرەکەرو دواکەوتووە ، نەك پیاوێکی ئایینی وەك هەندێك کەس وای بۆ دەچن . لەبەر ئەوەیە ئەو پاش ئەوەی کە بەختی قسەکانی خۆی لە هێرشە سەرنەکەوتووەکەی بەسرەدا تاقی کردەوە ، پتر لە پێشوو سڵ‌دەکاتەوەو ، وای لێ‌هاتووە کەسانی تر لە پیاوەکانی دەستەڵات لە دەست‌و تاقمەکەی خۆی پاڵ پێوە دەنێت قسە بکەن ، یان ئەوانەی کە لەوانەیە بکەونە ناو خەیاڵ پڵاوی‌یەوە وەك ڕەفسەنجانی‌و مونتەزری ، بۆ ئەوەی خۆی لە شکستی‌یەکە بێ‌تاوان بگرێت کە ڕوو دەدات .. لەکاتێك‌دا مونتەزری وای بۆ دەچێت کە ئەم قسانە لەپایەی جێگری ڕابەر نزیکیان دەکاتەوە پاش ئەوەی خومەینی دەمرێت .

ڕەفسەنجانیش وای بۆ دەچێت کە درێژەپێدانی جەنگ ئەو هۆیە سەرەکی‌یەیە بۆ بەردەوام بوونی لە پایەی ئێستایداو گەیاندنی بە پایەکان لە دەزگای ئایینی‌داو لە دەستەڵاتدارێتی‌دا ، بەرزتر لەو پایەی پێ‌گەیشتووە بۆ ئەوەی نەخشە گومان لێ‌کراوەکەی خۆی ، بەسەر گەلانی ئێران‌و هەندێك کەسانی مێشك پووچ لە سەرکردایەتی‌ی ئێران‌دا بەسوودی لایەنە گومان لێ‌کراوەکان تێبپەڕێنێت .

سەر ووتار ـ پاشماوە

بەڵێ سووپای میللی کە ئەسال یادی سیازدەهەمین ساڵی نەمەنی دەکاتەوە بە ڕاست‌ترین شێوە توانی بۆ هەموو جیهانی دەربخات کە هێزێکە بۆ پارێزگاری سەربەخۆیی میللەتی عیراقمان وڵاتی عیراقمان لە سەر سنوورەکانی‌و بگرە لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی شان‌بەشانی هێزە چەکدارەکانمان بجەنگێ‌و دەستی پۆلایی لە داگیرکەران‌و دەستدرێژی‌کەران بووەشێنێ .

سووپای میللیمان سووپای پێکهاتووی برایەتی کوردو عەرەب‌و سەرکردایەتی لێهاتووی سەرەکی فەرماندە صدام حسین‌و دڵسۆزی میللەتەکەمان بەرامبەر بە سەرکردایەتی شۆڕش‌و خۆشەویستی سەرکردایەتی شۆڕشە بەرامبەر بە میللەتی عیراقمان ئەمڕۆ کە بۆتە یارمەتی دەرێکی گەورەی هێزە چەکدارەکانمان . بۆ پاراستنی عیراقمان‌و بەختیاری میللەتەکەمان لە بەرەکانی جەنگدا دەستی مەژن لە هێزەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران دەوەشێنێ .. لە هەموو ڕویەکەوە چ‌لە ناوخوداو چ لە جیهاندا بۆتە هێزێکی هەڵکەوتوو دەگمەن‌و جێی شانازی ..

ئەم سووپا مەزنەی کە لە ڕۆژەی کوردو عەرەب پێکهاتووە ئەوە دەگەیەنێ کە میللەتی عیراقمان هەمیشە بە ئێرو مێوە ئامادەی ئەوەن‌و دەسبێ ئامادەبن کە هەمیشە بۆ پتەوکردنی عیراقمان‌و بۆ پاراستنی زەوی زارو شارو دێهات‌و ماڵ‌و منداڵ دژی هەموو دەستدرێژی‌یەکی بێگانە دەست بدەنە چەك .. بەتایبەتی ئەمڕۆ کە هێزەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران هەڕەشە لە هەموو شتێکی پیرۆزمان دەکەن کە هەمانە .

بە بۆنەی سەرکەوتنەکانی هێزی چەکدارو سووپایی میللیمان دژی ڕژێمی بێ مێشکی ئێران پیرۆزبایی یادی سیازدەساڵەی تەمەنی

دروووست‌بوونی سووپای میللی دەکەین کە ئافرەتانی عیراق چ کوردو چ عەرەب بەشداریان تێداکردووەو سڵاوو ڕێزمان بۆ هەموو سەرکەوتنێکی نوێ‌یانە کە لە بەرەکانی جەنگدا بەخوێنی خۆیانو بە بیروباوەڕی سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەدی‌ی دەهێنن .

یازدەهەمین ـ پاشماوە

دژی وڵاتی عیراقمان‌و شۆڕشە نەمرەکەی بەرپای کرد نەخشەی ئیمپریالیزم‌و زایۆنی لەناوچەکەدا دەرخست کە مەبەستی لەناوبردنی دەسکەوتەکانی گەلەکەمانەکە کە لەسایەی شۆڕشە مەزنەکەیدا وەدی‌ی هێناون‌و دووپاتی ئەوەی کردەوە کە دەستە نالەبارەکە لە ئێراندا بە پێی نەخشەیەکی کیشراو کە لە هۆڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی‌یەکانی ئیمپریالیزم‌و زایۆنیزم کێشراوە دەستدرێژیان کردە سەر گەلەکەمان .

لە ڕابۆرتەکەدا خەباتی گەلی کوردی لە ئێراندا دژی دەستەو دایەرە گومان‌لێ‌کراوەکەی خومەینی ئاشکرا کرد کە ئەم گەلە بەدەست ئەم دەستە داخ لەدڵەوە تووشی چ قەڵاچۆکردن‌و ئازاردانێك دێن‌و داوای لەگەلی کورد لە ئێراندا کرد بۆ ئەوەی مەوداکانی شۆڕشی کورد لە کوردستانی ئێراندا قوڵتر بکەنەوە دەبێ خەباتی چەکدارانەی خۆیان بەهێزتر بکەن .

پاشان بەڕێز هاشم عقراوی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان وتاری پارتەکەی خوێندەوە لە سەرەتادا باسی تەقەللاکانی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستانی کرد کە داویەتی‌و پیرۆزبایی کاروانە پرتێکۆشانەکەی کرد کە بە بەشداری بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی عراقمان‌و وتی بەتایبەتی قسەکانی ئەم دوایی‌یەی سەرەك صدام حسین کاتێ کە مەدالیای ئازایەتی بەخشی بە هەندێ لە جەنگاوەرانی گەلی کوردمان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە هەتاهەتایە هەموو بیرێکنی ژەهردارو پروپاگەندەی چەپەلی هەموو دوژمنە داخ لەدڵەکان بەتال بوونەوەو بەراست بەرنامەیەکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی بوو بۆ کوردەکان‌و بە پێی ئەوە بەشداری خزمەتی ناوچەکەیان بەتایبەتی‌و نیشتمانەکەیان بەگشتی دەکەن .

ئەمەو تۆنگرەکە لە ڕۆژی هەینی ڕابووردوودا کۆتایی پێ‌هاتوو .. لە کۆتایی کۆنگرەکەدا بروسکە ـ یەك ئاراستەی سەرەکی فەرماندە صدام حسین کرد کە تیایدا بەڵێنی بەردەوامی خەبات‌و قوربانی‌دان بەرابەرایەتی سەرەکی فەرماندە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموز دووپات کراوەتەوەو بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکە دەرچوو .

قوتابیانی دهوك ـ پاشماوە

دگەڵ نووسینگەها دهوکێ یا دەزگا ڕەوشەنبیری و بەلاڤ کردنا کوردی ، نە خاسمە لسەر بابەتی پەرتوك و دەزگایێن دەزگایێ و فروتنا وا بۆ قوتابیا دناڤ خاندنگەهادا .

ـ براستی هەمی برادەرا بێی هێرفە و ئێفە دەستێ هاریکارێ ژەمەرا درێژکر و هەمی هەوڵێت خۆ دانا نە بەر مە و گەلەك دل خوشیا خۆ دیار کر ئێکجار دەمێ زانی کو بەرێز (مصدالدین جلالی) ڕێڤەبەرێ گشتی ئێ دەزگایێ . بریارا دای کو نرخێ پەرتوکا (٤٠٪) ژێ بێتەخار بۆ قوتابیێت خوشتڤی و بۆ هەمی هاو نیشتمانیا نو هەر وێناڤێ سەرەکێ لەڤی ئاگەهداریا ڕێبەرێ زەوشەبنیری کر کو لناڤ خاندنگەها بکەریت و ناڤێ قوتابیا بنفیسینت ئەوێن بڤێن پەرتوکا (ئیدیوم دزمانێ کوردیدا)و پەرتوکا (عەمەرێ جەلالی) بکریت ، هەلبەت ئەڤە جهێ شانازیێ یە ، بەرامبەر کارێ هندەك ڕێڤەبەر و ماموستایێن خاندنگەهێن کوردی ـ بەداخەوە ـ دەمێ ئاستەنگ دڤێ ڕێدا چێ‌دکرن .

لدوماهیا چاڤ پێکەفتنا مە ، کومەلا ڕێڤەبەریا ئێکەتی ئێ چەند گازندە و گیرو گرفتێن خۆ ئاشکەرا ـ کرن دەربارا گەلەك بابەتا . ئێك ژێ گازندا وان بۆ ڕێڤەبەریا ئەشغالا دهوکێ ژ بەر دەخەسیا وێ دنافاکرنا بارەگایێ لەڤی ، هەر وەسا گازندێ ژ بارێ خۆ دکەن دەربارا هاتن و چوونا قوتابێت ئامادەیا پێشەسازی ژ دهوکێ بۆ خاندنگەهێ ئەوا دکەفیتە ماڵتایێ کە حەفت کیلومەترا دویری بازێری یە ، هەر وەکو گوتین کو گەلەك پێ کول و بزافا کرین بەلێ هێشتا کەسێ چ چارە بۆ هندێ نە کریە . هەر وەسا هندەك گیرو گرفتێن دی وێ دهەین نە خاسە دەربارا ئافاهیێن ناڤ خوینی کوجهێ قوتابیا تێڤە ناکەت و گەلەك بەر تەنگاڤن ، ئو دبێژن کو سالا بهێت ئافاهیێت نوی دێ ئامادەبن . هەلبەت ئەم ژی ژ لایێ خۆ ڤان گازند و گیرو گرفتا دێ دانین بەر چاڤێن مەسؤولا ڕپارێزـ گەهێ و هیڤیا مە ئەوە بهێنە چارەسەر کرن . لدوماهیێ ڤێ چاڤ پێکەفتنێ سوپاسیا سەرەك و ئەندامێن ئێکەتیا قوتابێت کوردستانێ تایێ دهوکێ دکەین و هەر دەم داخوازا پێشکەفتنێ و سەر کەتنێ بۆ دکەین .

جەنگاوەرانی ـ پاشماوە

چونکە نیشتمان لە هەموو شتێك بەنرخ‌ترە .

لە کانی ماسی‌ی پارێزگای دهۆکەوە چاومان بەجەنتاوەر عمر خالد محمود کەوت کە سەبارەت بە ژیانی خۆی لە ئوردووگاکەدا دەدوێت کە لەگەڵ برای تازەدا کۆی‌کردووەتەوەو فێری وانەی سوپایی زۆری کردوە کە یارمەتی‌ی دەدەن ئەرکەکانی بەووردی بەجێ بهێنێت لە پێناوی پاراستنی خاکی عیراق لە کافرە دەستدرێژی‌کەرەکان .

هەروەها جەنگاوەر عدنان طاهر لە زاخۆ کردنەوەی دەرگای خۆناوتووس کردن لە بەردەمماندا غەمی دڵی ڕەواندینەوەو بواری فراوانی بۆ ئاواڵە کردن .

بایەخێکی فراوان پاشماوە

دەریان‌بڕی‌و ئەومشیان وت‌کە بەڕێزی چۆن ئەوەی دووپات‌کردۆتەوە کە ئاگری‌عیراقی‌یەکان هەمیشە لەسەر سەری ئەو کەسە حازرە کەدەیەوێ تەقەللاکەی دووبارە بکاتەوە ئەر تەقەللایەی گەوەك تەقەللاکانی پێشووی کە بە جۆرێ بوو بووەکازەساتێ لاشەی کوت‌کوتی کوژراوەکانیان مەیدانی‌شەرەکەی داڕشی‌بوو بۆ ئەوەی بتوانن بستێك لە خاکی عیراق داگیر بکەن .

وێنە لە بەدیل گیراوەکانی ئێران

Institut kurde de Paris

یادی دامەزراندنی

سەر بازێك

کاتێ کە خۆر تاریك و لێڵی بەیان لە ئاسۆگەوە سەرەتانکێ دەکات ئەو جەنگاوەرانەی سووپای میللی دەبینی کە لە سەربازگەکانیاندا مەشق دەکەن و هەرزوومالە بجووکەکەیان بەجێهێشتووەو خۆیان گەیانۆتە سەربازگەکانیان تاوەکو لە دڵیاندا لە چاویاندا لە مێشکیاندا دژی دوژمن چاکتر رونترو جوانترو بەرێز ترو خۆشەویستر شوێن و پایەی عیراق بپارێزن •

لە مەیدانی مەشق کردندا دەرسی نوێ دەرسی عیراق و میللەتی عیراق هونەرەکانی شەرو پیشەی بەرگەگرتن فێردەبن و خۆ ئامادە دەکەن کە لە بەرەکانی جەنگدا دژی ئەو دوژمنە چاوچنۆکە شەڕ بکەن کە دەیەوێ زەوی وزاری عیراق کە نیشتمانی خۆشەویستێتی داگیر بکات •• جا دەبێ چۆن ئەم جەنگاوەرانەی کە هەموو رۆژێ تاریك و لێڵ زوو رادەبەڕن و مەیدانی مەشق کردن بە مەشق و دەرسی تازە گەرم دەکەن و زیاتر جێگەی خۆشەویستی عیراق لە مێشك و دڵو چاویاندا دەکەنەوە دەیەڵن دوژمن پێ بنێتە نیشتمانەکەیانەوەو داگیری بکات و میللەتەکەیان دەربەدەر بکات ؟ •• بەڵێ جەنگاوەرانی سووپای میللی بەم گیانەوەو بە گیانی کۆبوونەوە لە دەوری سەرکردایەتی عیراق خۆیان ئامادەدەکەن و قوربانی دەدەن •

سووپای میللی لە ٨ـ٢ـ١٩٧٠دا درووست بوو بۆ ئەوە هاتەکایەوە کە بەپێی خواستی ئامادەی جەماوەری و ئامادەیی میللی درووست بکرێ بۆ بەرەنگار بوونەوەی دەستدرێژی و ئەو مەترسیانەی کە بەرامبەر بە شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزی مەزن هەبوو •

بواره پیرۆزەدا تاقی گردنەوەیەکە پرپەتی لە گەلك وەرگرتن و قازانجو ئەمەشی نەك لەبەرئەوەی کە ئەم تاقی گردنەوەیە سەرکەووتوو بالایە بگرە وای لە هێزی سووپای میللی کرد کە لە دەرەوەی سنووری ولاتیش بجەنگن و ئەمەش لە جیهاندا لە ناو ئەو هێزە میللیانەی کە لە سووپای میللی عیراق دەچن شتێکی لوێیەو چونکە لە ناو ئەو هێزانەی جیهاندا هێزە میللیەکان واتە میلیشیا هەمیشە بۆ پاراستنی بەرەی ناوخۆ بووە •

بەڵام لێرە لە عیراقدا لە عیراقی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزدا سووپای میللی لە دوو بەرەی مەزندا دەوری توانا دڵری خۆی بینی •• ئەویش یەکەمیان لە ناوخۆدا بوو کە بەپێی پێویستی سەرشان و کارەکانی خۆی دەیبینێ و دووەم بەرەی

جەنگ بوو لەگەڵ رژێمی ئێرانی دووژمندا بۆ پشت گرتن و یارمەتی دانی هێزە چەکدارەکانمان لەو لەو جەنگە پیرۆزەیدا کە دەیکرد •

هەزاران سلاو لە یادی سیازدە ساڵەی درووست بوونی سووپای میللی و هەر شەکاوە بێ ئالای بەرزی عیراق •

دەست لە تفەنگ بەرنادەم

دلسۆزی هاوولاتیانی گورد لە بەردەکانی جەنگدا

گەیشتە ئەو ڕادە پیرۆزەی کە سەرباری بریاری ئارمزووی گەڕانەوەیان بۆ ناوچەی کوردستان ، ئەلێك لەو هاوولاتیانە نەگەڕانەوەو وویستیان لەو جەنگە چارەنووسییە جیانەبنەوەو بە لوولەی تفەنگ سەرکەوتن بەدەست بێنن •

لە یەکێ لە بەرەکانی جەنگدا هاوولاتی ئازاد خضر بەوپەڕی سەربەرزی قسەی بۆ کردین و وتی :

× کاتێ گوێم لە بریاری گەڕانەوەمان بوو مەستم کرد کە ناتوانم بگەڕێمەوە . شاری خۆم و براکانی تریشم لە بەرەکانی جەنگدا شەرەفی پاراستنی ئەم وولاتەیان خراوەتە ئەستۆ بجەنگن ، لەبەر ئەوە بریاری مانەوەم داو سەرلەنوێ هەستم بەوە کرد لەدایك بوومەوە ••

● **چۆن ئەیشتیتە ئەم بریارە ؟**

× دووساڵی زیاترە لە زۆربەی بەرەکانی جەنگدا بەشداربووم و تفەنگی مەردایەتیم کردۆتە شان ، هەستم دەکرد ئەم گەڕانەوەیە لەو ئەرکە پیرۆزەم دەپچڕێنێ ، سەرەڕای ئەوەی کە من ئەم وولاتە یەك پارچە بەوولاتی خۆم دەزانم بێجیاوازی و دەبێ تا دووا تنۆکە خوێنی بۆ بڕێژم و بەلێن دەدەم کە بەسەر بەرزی بمێنمەوەو لەپێناویا خەبات بکەم •

● **تەنیا تۆبووی ؟**

× نەخێر زۆر هاوڕێکانم پاش گواستنەوە ، سەرلەنوێ گەڕانەوەو دەستیان دایەوە تفەنگو دووبارە خۆشەویستی خۆیان بۆ بۆ ئەم خاکە پیروزە نوێ کردەوە •

● **چی تر ؟**

× لە یادگارەکانی بەرەی جەنگ دەیەها چیرۆکی بەسۆز هەیە کە قەت و قەت لەیاد ناچنەوەو نموونەی مەردایەتی یە ، لە هەموویان پیرۆزتر ئەو ڕۆژەبوو کە لەیەکێ لە بەرەکانی جەنگدا بریندار بووم ، ئەمەش گەورەترین مەدالیا بوو بۆ پلشەڕۆژ •

نووسینگەی هەولێر

بچوکترین جەنگاوەری سووپای میللی

جەنگاوەر محەمەد مستەفا حەسەن ، کە تەمەنی پانزدە ساڵیدایە لە لەدایك بوونی ساڵی (١٩٦٧)ەو ، خۆی گەیاندووەتە بنکەی سووپای میللی لە ئۆردوگای مەشق کردن بۆ ئەوەی ئەمیش یەکێك بێت لەو جەنگاوەرانەی کە بەوپەڕی بڕوابوون بەم جەنگە پیرۆزە بەشداری تیدا بکات • •

جەنگاوەر محەمەد مستەفا دەڵێت : باوکم کە لە تەمەنی شەست ساڵیدایە ، کاتێك ژانی من خۆم ناونووس کردووە بۆ بەشداری کردن لە جەنگی قادسیەی صدامدا ، ژۆری پێخۆش بوومو پێشوازی لەم بەشداری کردنەم کردووە •

لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردماە

گۆرانی یەك بۆ مەهاباد

گەلی کورد لە ئێراندا ، روو بەرووی چەوسانەوەو کوێرەوەری هاتووەو ئەم راستی یەش کاری کردۆتە سەر هونەرمەندانی کورد ، ئەوەتا لەلای ئێمەدا چەندان سرودو گۆرانی پێشکەشی بە گەلی ئێران کراوە • • لەوانە ، هونەرمەندی لاو ـ ئازاد قەرەداغی ـ چەند گۆرانی یەکی پێشکەش کردووە ••

لە چاوپێکەوتنێکدا وتی :

× رژێمی رەگەزپەرستی ئێران گەلی کوردی دووچاری ئازارادەو رووتانەوەو چەوسانەوە کردووەو بەوپەڕی درندایەتی رەفتار دەکات ، بەلای منەوە دەربڕینی ئەم پارە تالە لە گۆرانی و ئاوازی ئەم سەردەمە پێویستە رەنگ بداتەوە بۆ ئەوەی هونەر لەڕاستی دوونەکەوێتەوە •

● **تا ئێستا چیت پێشکەش کردووە ؟**

× لە زۆربەی ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکاندا بەشداریم کردووەو لەم ماوانەی دووایشدا گۆرانی « ئێمە کوردین شۆڕشگێڕین مان » بەجووتە لەگەڵ هونەرمەند نجم الدین ئاوارە تۆمار کردووە بۆ تەلەفزیۆنی کەرکوك و لەم گۆرانی یەشدا بەتەواوی باسی ئەو نازارەمان کردووە کە گەلی کوردی تیدا ئەژی لە ئێراندا •

● **بیجگە لەم گۆرانی و سرووداە هیچ شتی ترت هەیە تۆمارت نەکردبێ ؟**

× گەلێك بەرهەمی سرووەو گۆرانیم هەیە کە ئامادەن بۆ تۆمارکردن و چاوەڕێی ئەوە دەکەم لە هەلێكدا بلاویان بکەمەوە •

● **حەز لە چ شێوەیەك دەکەی لەگۆرانی کوردیدا ؟**

× زیاتر حەز لە سرووە دەکەم کە نزیکە لە خەلکەوەو ناواتی پاشەڕۆژیان دەردەبڕێ •

نەمری هەر بۆ شەهیدان

● فؤاد حسین احمد ●

نە خومەینی و نەئەوانەی فەرمانی ئەدەنێ ••
نەهێزی جیهانی ••
نەئەوانەنی گەیشتونەتە ڕادەی درندایەتی خومەینی
ئەمانە گشت پێکەوە ••
هەرگیز ناشێن ••
ڕێگای پێشکەوتنی ئەم میللەتە بگرن ••
چرای ئازادیی بکوژێتنەوە •••
ببنە کۆسپ ••
ئەوا چوارده ساڵە ••
میللەت ڕێگای راستەقینەی خۆی ••دۆزیوەتەوە••
سەرکردەی خۆی هەلبژارد ••
خەم خۆری خۆی ناسیەوە ••
دوژمنانیش باش دەزانن ••
خۆیانمۆ •• خومەینی ئاگاداره ••
گەلانی سەر ئەم زەمینە ••
گەلی عێراق دەناسن ••
بۆ هەموویان ئاشکرابووە ••
ئەوا لە ڕێگای پیرۆزی ئەم خاکەدا
بەهەزارەها هەزار قوربانی ئەدەن
گیان پێشکەش ئەکەن ••
بەڵێ خومەینی••هیچ شك و گومانێکی نەمێشتۆ••
کەوا •• تینوی خوێنە ••
دژ بە هەموو چەشنە پێشکەوتنێکە ••
بۆ ئەم ئامانجە نابەجێیە •• هەزارەها
هەزاری لە سێدارە دا ••
لە منداڵ و لە پیرو لە ئافرەت ••
بەڵێ •• ڕووی کردە ناوچەکانی کوردستان لە ئێران
هەزارەها کوردی چەوسێنراوی کوشت ••
تەنها تاوانێکیان هەبوو •• ئەویش داوای
ماف و سەربەستی خۆیان کرد ••

تەنها داوای ئازادییان لێ کرد •••
یەکەم قسەی خومەینی خوێنمژ ئەوە ، بوو :
بیانسوتێنن •• بیانکوژن •• ئەمانە کافرن ••
بەڵەش رازی نەبوو •• تینوێتی نەشکا ••
دەستی خوی خستە ناو کاروباری عێراقەوە ••
بۆردمانی شارەکانی کرد •••
خەلکی بێتاوانی دایەبەر تۆپ و گوللە •••
تا •• شەڕەکە گەیشتە ئەم ڕادەیەی ئێستا ••
باخومەینی بزانێ ••
هەرگیز ئەوەی لەیادنەچێت ••
بۆ بستێکی خاکی پیرۆزی عێراق ••
هەزارەها هەزارگیان پێشکەش دەکرێت ••
خاکی عێراق بەخومەینی گلاو نابێت •••
مرۆڤ لای بەنرخ و گرانە ••
بەڵام خاکی نیشتمان لە هەموو شتێ گرانترو
بەنرخترە •••
با خومەینی••هەر بەگەوجێتی خۆی بمێنێتەوە ••
چونکە کردەوەکەی لە بسێتین •• زیاتر
هێزو بڕوای پالەوانەکانی عێراق پتەو دەکات ••
گەلی عێراق •• سوێند یان بە گیانی
شەهیدانی بسێتین خوارد
پەیمانیان تازەکردەوە ••
هەرگیز ئەو کردەوە نامرۆڤایەتیە لەیادنەکەن
هەرگیز خوێنی شەهیدانیان لەبیرنەچێت •••
گیانی هەر شەهیدێك دەبێتە چرایەك
ڕێگای سەرکەوتنی ڕۆشن دەکاتەوە •••
دەبێتە مۆمێك لەگشت ماڵێکدا ڕوناکی
ئەبەخشێنێ •••
لە ئاسمانی عێراقی خۆشەویستدا ئەجریوێنێ•••
نەمری بۆ شەهیدانی نیشتمانەکەمان
با ئالای سەرکەوتن هەتایە شەکاوە بێت•••

ئافرەتانی کوردستان دڵسوزی عێراقن

لە قەزاو ناحیەکانی پارێزگای هەولێر یەکێتی گشتی ئافرەتانی عیراق • کۆتایی هێنا بە کۆنگرە ناوخۆیی یەکان بۆ خۆ ئامادەکردن و بەشداری کردن لە کۆنگرەی گشتی کە لە پارێزگاکەدا دەگیرێت •• •

لەم شوێنانەدا بەپێی بەرنامەی دیاری کراو گەلێك وتار خوێندرایەوە تیایدا دەستنیشانی ئەو دەورە کاریگەرە کراوە کە یەکێتی لە بارودۆخی وولاتدا بینیویەتی و دەیبینێ بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی ڕەوامان دا دژی رژێمی ئێرانی بەگرێگیراو •• ••

هەروەها لە هەموو شوێنەکاندا باسی ئەوە کرا کە دەبێت بەرنامەی ئایندەمان زیاتر ناوەڕۆکی خۆڕاگرتن و خەباتگێڕی بخاتە روو ، چونکە ئافرەتانی ئەمڕۆ هیچ جیاوازیەکیان نیە لەگەڵ کاری رۆژانەی پیاودا • •• کارگەو کۆمپانیاو کارگەکان ئەوەیان تیا دەبینرێ و بەشداری بێبڕانەوە دەکەن لە زیادکردنی بەرهەمو بەردەوام بوونی •••

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە یەکێتی بە لق و مۆبەو ڕێکخراوەکانیەوە سەردانی راستەوخۆی ڕێك خستووە بۆ بەرەکانی جەنگ و دەربڕینی هەستی نیشتمان پەروەریان بەرامبەر بە جەنگاوەرە ئازاکانمان لە ڕێبازی ئازایەتی و سەرکەوتنیشان بەسەر کۆنەپەرست و پاسدارەکانی خومەینی چلکاوخۆردا • • • بەپێی ئەم راپۆرتانەی کە خوێندرانەوە ، ئەوەمان بۆ دەرکەوت ئافرەتانی کوردستان گەیشتوونەتە ئەو پلەیەی کە زیاتر هەست بە خۆرۆژئەنبیز کردن و دەوربینین بکەن لە بەرەوپێشەوە بردنی ژیانی کۆمەلایەتی و رۆشنبیری و

بڕوانە ل : ٧

هاوکاری
ڕۆژگاری رۆژهەڵاتی و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەغداد : شەقامی « الخلفاء » مەیدانی « الخلانی »
تەلەفۆن : ٨٧٥٧٩٥
پینج خەت

Institut Kurde de Paris